٣ ـ تحفة الاكابر بمناقب الشيخ عبدالقادر • دانراوی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی یوسفی مەغریبی • کۆچکردووی سالی ١٠٩٦ ی‌ك •

٤ ـ السيف الربانی • دانراوی ( ابن عزوز ) چاپی بۆمبای سالی ١٣١٣ك •

٥ ـ قلائد الجواهر • دانراوی تادفی چاپی ( دار الكتب العربية )ی میصر ١٣٣١ك •

٦ ـ الفتح المبين • دانراوی عەبدوڕەحمانی نەقیب چاپی میصر سالی ١٣٠٦ •

گەلێ کتێبی دیکەیش جگە لەمانە دەربارەی دانراوە •

## خوێندنگاو کتێبخانەی حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی

ئیبراهیم دروبی لە کتێبی ( الباز الاشهب ) دا نووسیویە : قازی ئەبوسەعیدی مەخزوومی کە کاتی خۆی قازی شاری بەغدا بوە خوێندنگایەکی بەرزو بالای لە گەڕەکی ( باب الازج ) لە خۆرهەلاتی بەغدادا دروست‌کردو ، گەلێ قونابی زانیاری ئایینی دەرسیان تێدا خوێندوەو ، خوێندنیان تێدا تەواوکردوە •

وە حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە تەمەنی هەژدە سالیدا چوەتە ئەو خوێندنگاو زانیاری‌یەکانی عەقلی‌و نەقلی تێدا تەواو کردوەو ، لەسەر دەستی شێخ ئەبوسەعیدا دەرچوە •

وە شێخ ئەبوسەعید لە پێش کۆچی دوایی خۆیدا لە سالی پێنج‌صەدو سیازدەدا ئەو خوێندنگایە سپاردوە بە شێخ عەبدولقادرو ، ئەویش خەریکی خزمەتی زانیاری‌و دەرس‌وتنەوە بوە بە جۆرێ کە

جۆرەها زیان‌و بەڵای بەسەردا هات تا ساڵی نۆصەدو چل‌و یەکی کۆچی بە یارمەتی خودا سولطان سولەیمانی قانوونی عوثمانی شاری بەغدای گرتەوەو لە چنگی صەفەوی‌یەکانی دەرهێنایەوەو ، مزگەوت‌و خوێندنگاو بارەگاکە ئاوەدان کرانەوەو ، سولطان سولەیمان فەرمانی دا گومەزێکی گەورەیان بەسەر مەرقەدی شێخەوە دروست کردو ، ئیش‌و کاری شوێنەکە چوەوە دۆخی جاران • ئەم وەزعە لە دەوری شێخ زەینەدینی گەورەی گەیلانی‌دا بوو ، کە لە ساڵی نۆصەدو هەشتاو یەکی کۆچیدا لە جیهان دەرچوو •

وە زۆری پێ نەچوو بۆ جاری سێهەم بەغدا بە دەستی سوپای شاە عەباسی صەفەوی داگیرکرایەوەو وێران کرایەوەو • سێبارە کتێبخانەو مزگەوت‌و بارەگایش بەشی خۆی لەم وێرانکاری‌یەدا هەبوو ، هەروەها مزگەوت‌و بارەگای ئەبوحەنیفەیش لە جاران خراپتر دەستی وێرانکاری پێ گەیشت •

هەتا بە میهرەبانی خودا لە مێژووی هەزارو چل‌و هەشتی کۆچیدا سوپای سولطان مورادی چوارەمی عوثمانی کوڕی سولطان ئەحمەد خان بەغدای لە دەستی سوپای عەجەم وەرگرتەوەو ، سوڵتان سەرلەنوێ ئەو کتێبخانەو خوێندنگاو بارەگاو مزگەوتەی تازەکردەوە •

بۆ جاری چوارەم لە چەرخی ویلایەتی داود پاشا لە ساڵی هەزارو دووصەدو چل‌و شەشی کۆچیدا شاری بەغدا کەوتە بەر هێرشی لافاوی دیجلەو وێران بووو ، کتێبخانەو مزگەوتی شێخ عەبدولقادریش جارێکی تر گیرۆدەی زیان بوونەوە • بەڵام لە پەنای خوداوەو ، بە هۆی زیرەکی‌و لێهاتوویی زانای بەرز سەیید عەبدوڕەحمانی نەقیبەوە زوو چاك کرایەوەو ئاوەدان کرایەوە • وە لە ماڵی خۆی حەوصەدو پەنجا کتێبی دا بە یارمەتی کتێبخانەکە • هەروا لە ماڵی خۆی‌و ماڵی

وە پاش عەبدوڵڵای سوێدی شێخ عەلی عەلادینی موصلی کە لە ساڵی هەزارو صەدو حەفتای کۆچیدا لەدایک بووەو لە هەزارو دووصەدو چلدا لە جیهان دەرچووە ، کاتی خۆی مامۆستای خوێندنگای سەیدە عانیکەی گەیلانی بووەو دوای ئەوە بووە بە مامۆستای خوێندنگای شێخ عەبدو قادری گەیلانی •

هەروەها شێخ حسەین کە لە هەزارو صەدو نەوەددا لەدایك بووەو ، لە هەزارو دووصەدو چلو شەشی کۆچیدا بە تاعوون لە جیهان دەرچوە مامۆستای ئەم خوێندنگا بوە •

پاش ئەو سەید ئیبراهیمی بەرزنجی کە لە ساڵی هەزارو دووصەدو شەصتو سێدا کۆچی دوایی کردوە •

دوای ئەویش ( عبدالفتاح ) ی واعیظ ، کە لە ساڵی هەزارو دووصەدو چلو شەشدا کۆچی دوایی کردوە •

پاش ئەو ( ابو الثناء ) شەهابەدینی ئالووسی موفتی بەغداو خاوەنی تەفسیری قورئانی پیرۆز لەم خوێندنگادا مامۆستا بوە •

دوای ئەویش سەید محەمەد ئەمینی واعیظ کە بە یوسفی دوەم بەناوبانگ بوە تیادا مامۆستا بوە •

پاش ئەو سەید عەبدولفەتاحی مودەڕیس کوڕی سەید عەبدولحەمید کە لە هەزارو دووصەدو نەوەدو پێنجی کۆچیدا مامۆستا بوە •

دوای ئەویش شێخ عەبدوللەطیفی راویی ، کوڕی شێخ محەمەد ، کوڕی شێخ حسەین کە لە ساڵی هەزارو دووصەدو نەوەدو دوودا لە جیهان دەرچوە •

پاش ئەو شێخ عەبدولحەقی هیندیی کە لە ساڵی هەزارو دووصەدو حەفتاو نۆی کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە •

سێهەم : عەبدولعەزیز لە بیستو حەوتی شەوالی سالی پێنجصەدو سیو دووی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە خزمەتی باوکیدا خوێندوویەتیو ، لەلای ئەبومەنصوور عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەدی قەزازو غەیری ئەو خوێندنی تەواو کردوەو ، دوایی دەرسی گوتوەتەوەو گەلێ کەس لەسەر دەستی ئەودا خوێندنیان تەواوکردوەو ، پیاوێکی بەڕێزو دیمەن جوان بوەو ، زۆر خۆشخوو بوەو ، لە دەورو بەری سالی پێنجصەدو هەشتای کۆچیدا چوە بۆ جیهادو ، لەگەڵ کافرە صەلیبی‌یەکاندا جەنگی کردوەو ، عەسقەلانی گرتوەتەوە ، زیارەتی ( بیت المقدس ) ی کردوە ، جا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی عێراقو ، لە شاری عەقرەدا نیشتەجێ بوە هەتا لە ڕۆژی چوارشەمەی هەزدەی ( ربیع الاول ) لە سالی شەشصەدو دووی کۆچیدا لە جیهان دەرچوەو ، لە نزیکی عەقرەدا بەخاك سپێرراوەو ، لە وڵاتی کوێستانا نەوەی زۆر هەیەو تەمەنی حەفتا سال بوە •

چوارەم : عیسا لە پێنجصەدو سیو نۆی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە خزمەتی باوکیدا خوێندوویەتیو لە لای ( ابو الحسنی ابن صرما ) و غەیری ئەوانیش خوێندوویەتیو ، دەرسی بە خەڵك گوتوەو ، وەعظی کردوەو ، فەتوای داوەو ، چەند کتێبی داناوە ، وەکوو : جواهر الاسرار و ، لطائف الانوار لە عیلمی تەصەووفدا •

پاش کۆچی دوایی باوکی ڕۆیشت بۆ شامو گوێی گرت بۆ حەدیث لە زانایانی ئەو عیلمە ، بە تایبەتی لە عەلی کوڕی مەهدی کوڕی فەرەجی هیلالی لە سالی پێنجصەدو شەصتو دوودا و ، لەوێ حەدیثی ڕیوایەتکردوە لە باوکی‌یەوە بۆ قوتابیان •

دوای ئەوە لە شامەوە چوە بۆ میصرو ، لەوێ دەرسی حەدیثی

گوتوەتەوە • جا هەندێ ئەڵێن هەر لە میصردا کۆچی دوایی کردوەو ، ( ابن النجار ) ئەڵێ : لەسەر گۆڕی عیسای کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی قورئانم خوێندوە لە قەرافەدا لە میصرو • ئەم ذاتە لە دوازدەی رەمەزانی ساڵی پێنج‌صەدو حەفتاو سێی کۆچیدا لە جیهان دەرچوەو ، تەمەنی سی‌و چوار ساڵ بوە •

پێنجەم : شێخ مووسا ، لە دوادوایی مانگی ( ربیع الاول ) ی ساڵی پێنج‌صەدوسی‌و نۆی کۆچیدا لەدایك بوە • ئەم ذاتە دەرسی فیقهی لە خزمەت باوکی‌و ( ابن البنا ) و غەیری ئەوانیشدا خوێندوە • جا چوە بۆ دیمەشقی شام‌و تێیدا نیشتەجێ بوەو ، دەرسی حەدیث‌و زانیاری‌یەکانی دیکەی گوتوەتەوەو ، موسوڵمانان زۆریان کەڵك لێ‌وەرگرتوە • پاش ماوەیەك لەوێوە چوە بۆ میصرو ، دوایی جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ میصرو لەوێ دانیشتوە تا لە سەرەتای مانگی ( جمادی الثانی ) ی ساڵی شەشصەدو هەژدەی کۆچیدا لە گەڕەکی ( عقبە ) لە جیهان دەرچوەو ، لە گۆڕستانی ( قاسیون ) دا نێژراوە • ئەم ذاتە پاش هەموو کوڕەکانی شێخ عەبدولقادر کۆچی دوایی کردوە •

شەشەم[1] لە کوڕانی شێخ عەبدولقادر •• شێخ عەبدولوەهاب بوە ، ئەم ذاتە لە سەرەتای ساڵی پێنج‌صەدو بیست‌و دووی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە جێگەی باوکیدا دەرزی گوتوەتەوە • پاش کۆچی دوایی باوکیشی ماوەیەك خەریکی ئامۆژگاری‌و ڕێنومایی‌و دەرسوتنەوەوەو فەتوادان بوە ، گەلێ لە زانایان لە خزمەتیدا وەکوو : شەریفی حسەینی بەغدایی‌و ، ئەحمەدی کوڕی ( عبدالواسع ) و ••• غەیری ئەوانیش خوێندنیان تەواو کردوە •

---

(١) دەبوو ئەم ناوە دوەمی کوڕەکانی شێخ بوایە ، بە هەڵە کەوتوەتە تێرە •

وە لە نەوەی شێخ عەبدولقادردا لەمەیان وریاترو هۆشیارتر نەبوەو ، لـە واقیعدا زانایەکی گەورەو شەرعزانو ، خاوەن بیروڕا لە گەلێ لـە مەسەلەکانی ئوصوولدا بوەو ، پیاوێکی قسەخۆشو نوکتەزان بوە •

ئەم ذاتە لە شەوی بیستو پێنجی شەووالی سالی پێنجصەدو نەوەدو سێی کۆچیدا لە جیهان دەرچوەو لە گۆڕستانی ( حەلەبە ) لە خۆرهەلاتی خوێندنگاکەی باوکیدا بـە خاك سپێرراوە •

حەوتەم : شێخ عەبدولجەببار ، ئەم ذاتە لە خزمەتی باوکیدا دەرزی خوێندوەو ، حەدیثی شەریفی لـە باوکـیو ئەبومەنصوورو غـەیری ئەوانیش بیستوە • خۆشنووسێکی بالادەستو لێهاتـوو بـوە ، لـەسەر رێبازی ئەهلی تەصەووف رۆیشتوەو ، هاوڕێی ئەهلی دڵ بوە •

سالی لەدایکبوونی بە تەواوی نەزانراوە • بەلام زانراوە کە لە نۆزدەی مانگی ( ذی الحجە )ی سالی پێنجصەدو حەفتاو پێنجدا کـۆچی دوایی کردوەو ، لە هۆدەیەك لە هۆدەکانی مزگەوتی حەزرەتی شێـخ عەبدولقادردا لە نزیکی مەرقەدی باوکیەوە نێژراوە •

هەشتەم : شێخ ئیبراهیم ئەم ذاتە لە خزمەتی باوکیدا خویندوویەتی ، هەروا دەرزی لای ( ابن البناء ) و غەیری ئەوانیش وەرگـرتوەو لـە بەغداوە چوە بۆ شاری ( واسیط ـ کووت ) و لەوێ نیشتەجێ بوە • هەتا لە سالی پێنجصەدو نەوەدو دووی کۆچیـدا بـۆ یەکجاری سـەری ناوەتەوە •

نۆهەم : شێخ محەممەد ، ئەمیش لە خزمەتی باوکیدا خوێندوویە ، هەروەها لە خزمەتی ( ابن البنا ) و ( ابو الوقت ) و غەیری ئـەوانیشدا خوێندوویەو ، لە شاری بەغدادا دەرزی حەدیثی وتوەتەوەو ، لـە بیستو پێنجـی ( ذی القعـدە ) ی سالـی شـەشصـەدی کـۆچیـدا لە

محەمەد سەیفەدین ، کوڕی نەصر ، کوڕی عەبدوڕەزاق کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر ـ خ ـ •

ئەم ذاتە پیاوێکی چاكو لەخوداترس‌و بەڕێز بوە ، لە شاری حەمادا دامەزراو کردی بە جێگەی خۆی ، هەتا لە ساڵی حەوصەدو چواری کۆچیدا لە جیهان دەرچوو • ئەم ذاتەیش کوڕێکی لێ‌بەجێ‌ما ناوی شەمسەدین محەمەد بوو •

## شەمسەدین محەمەد کوڕی سەیفەدین یەحیا

ئەم ذاتە شێخێکی داناو زانا بوەو ، لە لای کۆمەڵێ لە زانایانی ( بيت المقدس ) خوێندوویەتی‌و ، ریوایەتی حەدیثی شەریفی لە ئەبو زەکەریای یەحیاوە کردوە • ئەم ذاتە دوو کوڕی لێ‌بەجێ ماوە : ئەبو محەمەد محێدین عەبدولقادرو ، شێخ عەلائەدین عەلی •

## عەبدولقادر کوڕی شەمسەدین محەمەد

ئەم ذاتە هەر لە تەمەنی جوانیدا چوە بۆ حەج‌و لەسەر نووسراوی مێژوونووس مەقریزی لە کتێبی ( درر العقود ) دا ئەڵێ : محێدین ئەبو محەمەد عەبدولقادر پاش گەڕانەوەی لە سەفەری حەجەکەی لە تەمەنی بیست‌و ئەوەندەدا لەجیهان دەرچوو • وا دەرئەکەوێ ئەم ذاتە منداڵی لێ‌بەجێ نەمابێ •

## عەلائەدین عەلی کوڕی شەمسەدین

ئەم ذاتە لە شاری ( حەما ) • ، چوە بۆ میصرو لە رۆژی سێ‌شەممەی بیست‌و چواری ( جمادى الاخرة )ی ساڵی حەوصەدو نەوەدو سێی کۆچیدا لە قاهیرە کۆچی دوایی کردوە •

ئەمیش سێ کوڕی لێ بەجێ‌ماوە : شەمسەدین ئەبوعەبدوڵلا محەمەد ، شێخ بەدرەدین حەسەن ، شێخ بەدرەدین حسەین •

## شەرەفەدین قاسم کوڕی محێدین یەحیا

ئەم ذاتە شێخی شێخانو عەینی ئەعیانی قادری‌یە بوە ، تەمێو تەربی‌یەی موریدەکان لە زەمانی خۆیدا هەر بە دەست ئەوەوە بوە • پیاوێکی خووو رەوشت جوان بوەو ، خێرو چاکەی زۆر بوەو ، گەلێ جار بە پەنامەکی چاکەی کردوەو شتی داوە بە خەڵك ، لە قورئان خوێندن مانوو نەبوە ، خاوەن هەیبەتو ویقار بوەو ، لە ناو فەرمانڕەوایانو حەڵکی ولاتەکەیدا قسەڕەوا بوە • من چاوم پێکەوت لە ساڵی نۆصەدو دەدا پێگەیشتم کاتێ لە خزمەتی باوکمدا چووین بۆ شاری حەماو میواندارێکی باشی کردینو ، لە شوێنەکەی خۆیدا داینایڕو ، مەسرەفێکی زۆری بۆ کردینو ، لە پیرۆزیی ئەوەوە خێرو بەرەکەتمان پێگەیشت •

لە شەوی دووشەممەی شەشەمی ( ربیع الاخر ) دا لە ساڵی نۆصەدو شازدەی کۆچیدا لە جیهان دەرچوو و ، تەمەنی لە پەنجا ساڵ تێپەڕی بوو • لە گۆڕستانی باوكو باپیرەیدا بە خاك سپێررا •

جا لەمەولا باسی کوڕەکانیو کوڕەزاکانی ئەکەین :

## شەمسەدین محەمەد کوڕی قاسم

ئەم ذاتە لە شاری حەما لەدایك بوەو ، هەر لەوێ ژیانی بەسەر بردوەو ، دوایش لەوێ کۆچی دوایی کردوە •

تاذفی ئەڵێ : شێخمانو کوڕی شێخمانو پێشەوامان بۆ لای خوداو لەخوداترس ، شێخی قادری لە شاری حەماو شوێنەکانی دیکە دیمەنجوانو ، خوو و رەوشت بەرزو ، بەشەرمو ، خاوەن بەخششو چاکە بوە • کەس زیارەتی نەکردوە کە بە نائومێدی بگەڕێتەوە ، بە گوێرەی توانا نانی داوە بە خەڵكو ، کاری پێویستی خۆی بە دەستی خۆی کردوە ، دیاری لە خەڵك وەرئەگرت ، بەڵام بە قەد خۆی پاداشی

ئەدایەوە • لە موریدو شوێنکەوتووانی خۆی دەپرسی‌و بەسەری ئەکردنەوەو چۆن بۆی بگونجایە دەسگرۆیی ئەکردن •

لە دایکبوونی ـ تاذفی ئەڵێ ـ خودا تەمەنی درێژ بکات لە ساڵی هەشت‌صەدو هەشتاو پێنجی کۆچیدا بوەو گەورەترینی براکانی‌یەتی • کوڕەکانیشی :

## شێخ عەبدوڵلا کوڕی شەمسەدین محەمەد

ئەم کوڕە براگەورەی کوڕانی شەمسەدین بوە ، خۆش خوڵك‌و ، رەوشت‌جوان‌و هیمەت بڵند بوە • لە ساڵی نۆصەدو بیست‌و شەشی کۆچیدا لەدایك بوە •

وە براکانی شەمسەدین محەمەد لەسەر ئەم تەرتیبەن کە دێ :

## شێخ تاجولعاریفین

کوڕی قاسم ، کوڕی یەحیا ، کوڕی حسەین ••• ئەم ذاتە جوانێکی خوو و رەوشت شیرینە ، خودا بە میهرەبانی خۆی پەروەردەیان بکاو بیانپارێزێ •

## شێخ شەهابەدین ئەحمەد

کوڕی قاسم ، کوڕی یەحیا ، کوڕی حسەین ••• ئەم ذاتە لە شاری حەمادا لەدایك بوەو هەر لەوێیش ژیانی بەسەر بردوەو لە جیهانیش دەرچوە •

ئەم ذاتە شێوە جوان‌و ، باڵاهیمەت‌و ، خاوەن پلە بوە لە لای گەورەو زاناو شێخەکان‌و فەرماندارەکاندا •

خاوەنی ( قلائد الجواهر ) ئەڵێ : من چەندجار لە شاری حەماو

حەڵەبدا بە خزمەتی گەیشتم ، کاتێ هات بۆ تەفتیشی ئەوقافی حەلەب باوکم لە ماڵی خۆمان دایبەزاندو ، خزمەتی خۆیو هەموو هاوڕێکانی کرد هەتا تەشریفی گەڕایەوە •

هەروا لە قاهیرە بە خزمەتی گەیشتم کاتێ کە لە سەفەری حیجازا بوو لەگەڵ عەبدولقادرو ئەبوەلوەفای برایدا لە لایەنی فەرماندارانی میصرەوە زۆر ڕێزی لێ گیراو ، لەگەڵ قافڵەی میصردا ڕۆیشت بۆ حیجازو بە ساغو سەلامەتی گەڕایەوە بۆ شاری حەما •

ئەم ذاتە لە ڕۆژی پێنجشەمەی شازدەهەمی مانگی ڕەمەزانی ساڵی هەشتصەدو هەشتاو شەشی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە ساڵی نۆصەدو سیو شەشی کۆچیدا لە شاری حەما لە جیهان دەرچوەو لە گوڕستانی(جنینە) لە بەرابەری گۆڕستانی خۆیاندا نێژراوە •

## شێخ عەبدولقادر

کوڕی قاسم ، کوڕی یەحیا ، کوڕی حسەین ••• ئەم ذاتە پیاوێکی دارای خوو و ڕەوشتی جوانو ، تەبیعەتی ناسك بوە • ئەهلی عیلمی خۆش ویستوەو زۆر هۆگری بەندەیی بۆ خودا بوە •

لە شەوی پێنجشەمەی چوارەمی موحەڕەمی ساڵی هەشتصەدو نەوەدو سێی کۆچیدا لەدایك بوە •

ئەم ذاتە کوڕێکی هەیە ناوی شەمسەدین محەمەدە ، قورئانی پیرۆزو چەن کتێبی شەرعی شافیعیو حەدیثی لە من [ دیارە ئەمە قسەی خاوەنی قلائد الجواهرە • م،ع،ق ] بیستوەو بە لای منەوە خوێندوونێ ، بە پێی خوێندنم لە خزمەتی شێخ شەهابەدین ئەحمەدی بارزیی جوەەنیی شافیعدا • لە دایکبوونی لە مانگی موحەڕەمی ساڵی نۆصەدو سیو چواری کۆچیدا لە شاری حەما بوە •

بیستوەو ، هەر لە دیمەشقداو لە بەغداو ( جبال ) یشدا ، کە وڵاتی خۆیان بوە ، حـەدیثی بۆ طەلەبـە ریـوایەت کـردوە • وە بـە پیاوچاکـیو لەخوداترسیو سەخاوەت بەناوبانگ بوە • وە ئەو زاتە خۆیو خێزانەکەی بـە خزمەتی ئیسلامو موسوڵمانان ناسراون •

خاوەنی ( قلائد الجواهر ) ئەڵێ : ئەم باسانەم لە کتێبی ( الـروض الزاهر ) وەرگرتوە •

## بەدرەدین حەسەن کوڕی محەمەد ئەکحەل

حافیظ محەمەدی کوڕی رافیع ئەڵێ : بەدرەدین حەسەن حەدیثی لە باوکی یەوە گێڕاوەتەوەو ، ڕۆیشتوە بۆ بەغداو ، هات بۆ شام لە سەفەری حەجدا لە ساڵی حەوصەدو چلو یەکـداو ، لە زاوی یـەی سالاری یـەدا دابەزی ، پاش چەن ڕۆژێ ڕۆیشت بۆ حـەج • کاتێ کـە لـە حـەج گەڕایەوە هەم هاتـەوە شوێنەکـەی پێشووی خـۆیو ، من چـووم بـۆ لایو چاوم پێیکەوت لە ڕاستیدا پیاوێکی بە ویقارو خاوەن سەخـاوەت بوو ، لە هەموو ( مرویات ) ی خۆیدا ئیجازەی پێدام •

وە ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لـە ( انباء الغمـر بانباء العمـر ) دا ئەڵێ : بەدرەدین حەسەن پیاوێکی بەڕێز بوو لە شارانی وڵاتی خۆیانا • لە ساڵی حەوصەدو حەفتاو پێنجدا کۆچی دوایی کـرد ، پاش ئـەوەی تەمەنێکی زۆری لە خزمەتی ئیسلامدا ڕابوارد •

## عەلادین عەلی کوڕی شەمسەدین محەمەد

ئەم زاتە لە وڵاتی خۆیەوە دەرچوە بۆ میصرو لەوێ نیشتەجێ بوەو ، خۆیو نەوەکانی لە میصردا دامەزران ، پاش ئەوە کـە ( ملك ئەشرەف برسای ) لە ( ئامەد ) ەوە هات بۆ قاهیرە •

ئەم پیاوە لە ساڵی هەزارو هەشتاو پێنجی کۆچیدا لە جیهان دەرچوەو لە نزیکی مزگەوتی گەیلانیدا بە خاك سپێرراوە •

دوەم : شێخ نوورەدین ، کوڕی شێخ وەلیەدین ، کوڕی زەینەدین کە یەکێ بوە لە پیاوچاکانو ئیمام بوە لە مزگەوتی گەیلا نیداو لە ساڵی هەزارو حەفتاو پێنجدا کۆچی دوایی کردوە •

سێهەم : شێخ حیسامەدین ، کوڕی شێخ نوورەدین کە نموونەیێ بوە لە تاعەتو لەخوداترسیو ، لە ساڵی هەزارو صەدو شەصتو سێی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

چوارەم : شێخ محەمەد دەروێش کوڕی شێخ حیسامەدین کە پیاوێکی رەوشت جوان بوە ، لە ساڵی هەزارو صەدو حەفتاو پێنجی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

پێنجەم : شێخ زەینەدینی بچووك کە شەرعزانو ( محدث ) بوە ، لە ساڵی هەزارو صەدو نەوەدو دووی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

شەشەم : شێخ مستەفای کوڕی شێخ زەینەدین کە خاوەنی خێرو چاکە بوە ، لە ساڵی هەزارو دووصەدو یەکی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

حەوتەم : سەید سلێمان کوڕی سەید مستەفا کە پیاوێکی شەرعزان بوە ، لە ساڵی هەزارو دووصەدو سیو پێنجی کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە •

هەشتەم : سەید موڕادی کوڕی سەید عوثمان ، لە ساڵی هەزارو دوصەدو شەصتو هەشتی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

نۆهەم : سەید عەلی کوڕی سەید سولەیمان ، کە لە ساڵی هەزارو دووصەدو هەشتاو نۆی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە • ئەم ذاتە بە فەرمانی

سوڵطانی سەرپەرشتی تەوقافی قادری یەی کردوە ، ئەم فەرمانەی لە ساڵی هەزارو دووصەدو شەصتو یەکی کۆچیدا وەرگرتوە •

دەهەم : سەیید سولەیمان کوڕی سەیید عەلی نەقیب ، ئەم ذاتە زۆر بەڕێز بوە ، لە مانگی ( ذی الحجة ) ی ساڵی هەزارو سێصەدو پازدەی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

یازدەهەم : سەیید عەبدوڕەحمان کوڕی سەیید عەلی کە ذاتێکی زاناو خانەدانو خێرۆمەندو خاوەن پلەو پایە بوە ، لە ساڵی هەزارو سێصەدو چلو پێنجی کۆچیدا جیهانی بەجێ هێشتوە •

دوازدەهەم : سەیید مەحموود حیسامەدین کوڕی سەیید عەبدوڕەحمان کە لە ساڵی هەزارو نۆصەدو شەشی زاینیدا کۆچی دوایی کردوە •

سیازدەهەم : سەیید ئەحمەد عاصیمی گەیلانی کوڕی سەیید عەبدوڕەحمان کە لە ساڵی هەزارو سێصەدو حەفتاو یەکی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •

چواردەهەم : سەیید ئیبراهیم سەیفەدینی گەیلانی کوڕی سەیید مستەفا ، کوڕی سەیید سولەیمان کە لە ساڵی هەزارو سێصەدو هەشتای کۆچیدا لە جیهان دەرچوە • وە لە پێش کۆچی دوایی ئەم ذاتەدا سەیید بورهانەدینی کوڕی سەیید عەبدوڕەحمانو ، سەیید یوسفی کوڕی سەیید عەبدوڵڵای برای سەیید عەبدوڕەحمان سەرپەرشتی کردنی ئەوقافی قادری یەیان گرتە دەست • وە سەیید بورهانەدین لە ساڵی هەزارو سێصەدو نەوەدو سێی کۆچیدا لەجیهان دەرچوو •

لە پاش کۆچیدوایی ئەم سەیید سالمی کوڕی سەیید عەبدوڕەحمان لە جێگەیدا دانیشت ، وە لە پاش کۆچی دوایی ئەو لە ساڵی هەزارو چوارصەدو یەکی کۆچیدا سەیید ئەحمەد موظەففەری ، کوری سەیید مەحموودی ، کوڕی سەیید عەبدوڕەحمان لە جێگەیدا دانیشت •

طەبعەن ئەوشاهەیش بەچکەی بابایە
یانی مەنسووبی رەسولولڵایە
رەسوولێکی وا رەئووفەو رەحیم
هات لا خوداوە بە فەیضی عەمیم
فەیضی خۆی باراند بەسەر جیهانا
چ لە ئاشکراو چ لە پەنهانا
بارانێکی وا نمێکی بەسە
بۆ ئیحیای رۆحی ئەو کەسەی کەسە
خودا بۆ خاطر رەهبەری ئەقدەس
ئەگەر ناکەسم بمگۆرە بە کەس
نمێ لەو فەیضە بنێرە بۆمان
بۆ (نامی) بەسە بۆ دین و ئیمان

× × ×

وە لە نەتەوەی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولقادرە ـ خ ـ رشتەی سەیدەکانی نەهری یە کە ئەگەن بە شێخ محەمەدی هەتاك حەزرەتی شێخ عەبدولعەزیز ، وەکوو شەجەرەکەمان بەم جۆرەی خوارەو بەرچاوکەوتوە :

لە حەزرەتی شێخ عەبدولعەزیز شێخ محەمەدی هەتاك ، وە لە شێخ محەمەدەوە سەید حاج ، وە لە سەید حاجەوە سەید عەبدوڵلاو ، لە سەید عەبدوڵلاوە سەید ئیبراهیمو ، لەم ذاتە سەید محەمەدو ، لەم ذاتەوە سەید حاجی دوەمو ، لەم ذاتەوە سەید ئیبراهیمی دوەمو ، لەم ذاتەوە سەید صاڵحو ، لەم ذاتەوە سەید ئەحمەدو ، لەم ذاتەوە سەید طاهاو ، لەم ذاتەوە سەید عوبەیدیللاو ، لەم ذاتەوە سەید عەبدولقادرو ، لە سەید عەبدولقادرەوە سەید عەبدوڵلا •

جه دەفتەرخانەی شاهیش هەژاران صەد هەزارانەند
نیەن مەیلش جه کەس پەرسۆ عێراقی یا خۆراسانی
دوو موشکین قەوس ئەبرۆشەن ، ریدائی دڵبەریش دۆشەن
(شەهاب)ش پەی‌سیاپۆشەن‌خودا وینۆش بە ئاسانی

## باسی ئەوانەی بە دەستی موبارەکی خۆی خەرقەی لەبەر کردوون

ئەوانە نەوەدو نۆ کەسن ، ئەم چەن کەسانەیان کە وا ناویان ئەھێنین لە عیلمی ظاهیرو باطیندا تەواو بوون‌و ، لە زۆربەی عیلمەکاندا کتێبیان هەیە :

سەید ئیبراهیم ، شێخ محەمەدی شیردار ، شێخ کەریمی بەرزنجی ، سەید عەبدوڵڵای هەورامی ، سەید فەتحوڵڵای موصڵی ، سەید عەبدوصەمەدی توو‌داری ، سەید مصطەفای نەهری‌یەیی ، شێخ عەبدورەحمانی بەردۆجی ، شێخ ئەبوولی قەرەداغی ، سەید شەمامەی باینجۆیی ، شێخ محەمەدی ئەباریقی بەغدایی ، خەلیفە رۆستەمی حەوتاشی ، شێخ ئیبراهیمی خورخورەیی ، شێخ مصطەفای تەختەیی ، سەید محەمەد مەولانی ئامۆزای شێخ شەهاب ، سەید بایەزیدی سابلاغی ، سەید ئەحمەدی کوڕی مەلا مووسای تەوەکەلی ، سەید مەلا حەمزەی دۆنیزی ، شێخ حسەینی ئەبولمەعالی موصڵی ، شێخ ئەبو یوسف عەطای میصری ، شێخ محەمەدی زاهیدی زەهاوی ، شێخ محەمەدی دیوانی ، سەید هەیبەتوڵڵای طالشی ، شێخ عەبدولمەجیدی داغستانی ، شێخ مووسای گەیلانی ، سەید مەولانا رەجەبەدینی تاوگۆزی ، شێخ ئیمامی ملەیی ، شێخ

محەمەدی خانەگایی ، شێخ مەحموودی خانەقینی ، شێخ عەبدوڕەحیمی حافیظی دیاربەکری ، شێخ سەنەدی سەنووسی ، شێخ عەبدوللای قماطی ، کوڕی شێخ محەمەدی ، کوڕی شێخ ئەحمەدی ، کوڕی شێخ محەمەدی ، کوڕی شێخ ئەحمەد شەهابی ( الرملی ) ، سەید ئەحمەدی زەینی مەکی ، سەید عەبدوللا (الجلیل المدنی) ، سەید صەلاحی حەمایی ۰۰۰ئەمانەلایەنی مەلایەتی‌یان زیاد بوە ، ئەوانە کە نە نووسراون دەستێکی وایان لە مەلایەتیدا نەبوە ۰

## بۆ ئاگاداری

ئەم زنجیرەی ساداتی کاکۆزەکەریایەم لە کتێبی دەسخەتی دانراوی سەید عەبدوصەمەدی تووداری وەرگرتوە ، ئەو ذاتە لە کتێبەکەیدا نووسیویە کە : لە سالی هەزارو چلو شەشی کۆچیدا سەید صالحی باوکی و سەید عەبدولمەجیدی برای لە لایەنی سوپای قزلباشی صەفەوی‌یەوە شەهید کراون وە خۆیشی بریندارکراوەو بە برینداری پەنای بردوەتە بەر جەنابی مورشیدی خۆی شێخ شەهابەدینی کاکۆ زەکەریایی ، وە پاش مازەیێ لە خزمەتی شێخ شەهابدا رۆیشتوە بۆ حەجو ، بە هۆی پەرێشانی ولاتەوە ماوەی بیستو دوو سال لە گەڕانی ولاتا بوون ۰ جا هاتوونەتەوە بۆ کاکۆ زەکەریاو پاش ئەوەی لە تەمەنی شەصتو سێ سالیدا ژنی هێناوەو کوڕێکی بوە ناوی ناوە (صابر الدین) و ، لە سالی هەزارو نەوەدو نۆی کۆچیدا کتێبی ( نور الانوار ) ی لە مێژووی ساداتی ولاتی کوردستاندا داناوە ، بەلکو بە پیرۆزی ناوی ئەو پیاوە چاکانەوە صابیرەدینی کوڕی بەهرەیەکی دەست بکەوێ ۰

لەم باسانەوە دەرئەکەوێ کە سەید عەبدوصەمەد لە مەوالیدی هەزارو سی‌ی کۆچی بووبێ‌و لە سالی هەزارو چلو شەشا ــ کە ئەو شازدە سال بوە ــ گیرۆدەی بەلای سوپای قزلباش بوە ۰ وە لە سالی هەزارو

# جەمالەدینی دوەم

ئەم ذاتە لە دوور لە دنیایی و لەخوداترسیدا بەناوبانگ بوەو ، لە شەرع و ئوصوول و عولوومی عەرەبیدا بالآ بوە • لە سالی هەزارو صەدو حەفتاو یەکا لەدایك بوەو ، لە سالی هەزارو دووصەدو پەنجاو شەشدا کۆچی دوایی کردوە •

ئەم شێخ جەمالەدینی دوەمە چوار کـوڕی لێ بەجێ مـاوە : شێـخ عەبدولموئمین و ، شێـخ عەبدولوەهاب و ، شێـخ عەبدولمەجیدو ، شێـخ عەبدوڕەحمان • شێخ عەبدبدوڕەحمان پیاوێکی بەڕێزو زاناو فەصیح و بەلیغ بوەو ، دەستی شاعیری بوەو ، دیوانی شیعری هەیەو چاپ نەکراوە •ئەم ذاتە لە سالی هەزارو دووصەدو چل و حەوتا لەدایك بوەو ، لە سالـی هەزارو سێصەدو دوازدەدا کۆچی دوایی کردوە •

وە شێخ عەبدولمەجید لە تەفسیرو حەدیثدا زۆر ئاگادار بوەو ، لـە سالی هەزارو دووصەدو چل و پێنجدا لەدایك بوەو ، لـە سالی هـەزارو سێصەدو بیست و دوودا کۆچی دوایی کردوەو کەسی لێ بەجێ نەماوە •

وە شێخ عەبدولوەهاب پیاوێکی لەخوداترس بوەو ، لە سالی هەزارو دووصەدو چل و چواردا لە دایـك بـوەو ، لە سالـی هـەزارو سێصەدو شازدەدا کۆچی دوایی کردوە •

لەم شێخ عەبدولوەهابە شێـخ شوکرولـلای ئیمام پەیـدا بوە کـە ئینسانێکی بە پارێزو لەخوداترس بوە • ئەم ذاتە لە سالی هەزارو دووصەدو هەشتاو چواردا لەدایك بوەو ، لە بیست و یەکـی مانگی شەعبانی سالـی هەزارو سێصەدو پەنجاو یەکدا کۆچی دوایی کردوە •

ئەم ذاتە چوار کوڕی لێ بەجێ ماوە : شێـخ حـەبیبوللای ئیمامی

وه لەسەر نووسراوی شێخ عەبدوصەمەدی توودار ی خەلیفەی شێخ شەهابەدینی کاکۆزەکەریایی بوە ، بەڵام بە باوەڕی من ئەبێ خەلیفەی باوکی شێخ شەهابەدین بووبێ ، چونکە ئەم حاجی شێخ مصطەفا لە ساڵی نۆصەدو پەنجاو یەکی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە هەزارو چلو حەوتدا کۆچی دوایی کردوە ، بەڵام شێخ شەهاب ، هەرچەن مێژووی لەدایکبوونی نەزانراوە ، ئەوە زانراوە کە لە ساڵی هەزارو چلو شەشی کۆچیدا مورشید بوەو ، لە هەزارو نەوەدو نۆدا لە ژیاندا بوە •

ئەم شێخ مصطەفا لە دێی تەختەدا لەجیهان دەرچوەو ئارامگای یەکجاریی لەوێیە • دوای خۆی دوو کوڕی لێ بەجێ ماوە : یەکەم شێخ ئەحمەدی بەناوبانگ بە شێخ ئەحمەدی عەللامە • دوەم شێخ ئەبوبەکر •

## شێخ ئەبوبەکر

ئەم ذاتە پیاوێکی چاكو زانایەکی باش بوە • ئەم زانا باپیرەی شێخ مەجدەدینو ، باوکی شێخ موعینەدینی ، باوکی شێخ عەبدولغەفوورە ، کە گوێزراوی‌یەتیەوە بۆ ناحیەی ( بیلەوار ) لە نێوان کرماشانو سنەداو ، لە دێی ( کاشتەر )دا نیشتەجێ بوە •

ئەم شێخ عەبدولغەفوورە دوو کوڕی لێ بەجێ‌ماوە : شێخ محەمەدو شێخ ئەحمەد ، جا لە شێخ ئەحمەد شێخ محەمەد وەسیم پەیدا بوەو • لە شێخ محەمەدیش دوو کوڕ بەجێ ماوە :

یەکەم شێخ ئیسماعیل کە باوکی شێخ حەبیبوڵڵای مودەڕیس بوەو ، شێخ حەبیبوڵڵا باوکی شێخ ئیسماعیلی دوەمی بە بابا شێخ ناسراوو ، باوکی شێخ محەمەد موسلیمە •

دوەم : لە کوڕەکانی شێخ محەمەد شێخ ئیبراهیم باوکی شێخ ئەحمەدی بە ( رۆحانی ) ناسراو بەجێ ماوە •

## شێخ ئەحمەدی عەللامە

ئەم شێخ ئەحمەدە لە ساڵی هەزارو شازدەی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە ساڵی هەزارو دووصەدو چواردەدا لە تەختە کۆچی دوایی کردوە •

ئەم شێخ ئەحمەدی عەللامە کتێبێکی تایبەتی ئەوێ کە دەربارەی زیانو بەسەرهاتو دەرسوتنەوەو خزمەتی زانیاریو سوودگەیاندن بە موسوڵمانان بنووسرێ • ئەم ذاتە دوو کوڕی لێ بەجێماوە : شێخ محەمەد وەسیمو ، شێخ مەحموود •

## شێخ محەمەد وەسیم

لە دەورو بەری هەزارو چلی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە خانەدانی خۆیاناو لەو نزیکانەدا زانیاری‌یە باوە ئیسلامی‌یەکانی تەواو کردوە ، پاش ئەوە لە وڵاتی خۆیانەوە چوە بۆ وڵاتی ( بابان ) و لە قەڵاچوالانی پایتەختی بابانەکاندا بوە بە مودەڕیسو ، بە وێنەی خۆر کە لە ئاسۆوە هەڵبێو لە دەمی نیوەڕۆدا نووربەخشانی بکا •• وەها رووناکی بە خاکی باباندا بڵاوکردوەتەوەو بوە بە یەکە زانای ئەو چەرخەو ، گەلێ لە قوتابیو داخوازانی زانیاری لە وڵاتانەوە هاتوون بۆ خزمەتی • لەوانە زاناو شاعیری ناودار ( مەلا خدری رووداری ) ئە دانەری نامیلکەی ( دەوڵەت نامە ) کە من خۆم بە ناوی ( ئیقباڵ نامە ) وە لە هەورامی‌یەوە کردوومە بە سۆرانی •• یەکێ بوە لەو شاگردانە کە سوودیان لێوەرگرتوە •

ئەم ذاتە لە شەوی پێنجشەممەی چواری ( جمادی الثانية )ی ساڵی هەزارو دووصەدو سیو چواری کۆچیدا لەشاری سنەدا کۆچی دوایی کردوە •

ئەم زانا مەزنە سێ کوڕی لێ بەجێماوە : محەممەد حەسەنو ، محەممەد حسەینو ، ئەحمەد ، کە بە ئەحمەدی سێهەم ناوی دەرکردوە • جا لە محەممەد حەسەن شێخ عەلیو ، شێخ عەبدوڵلاو ، شێخ یوسف بەجێماوە • وە شێخ محەممەد حەسەن نەتەوەی نەبوە •

وە شێخ ئەحمەد پیاوێکی زاناو بەنرخ بوە ، بە هۆی پەرێشانی شاری سنەوە لەگەڵ کوڕەکانیدا کۆچی کردوە بۆ بەغداو ، لەوێ دامەزراوەو ، لە ساڵی هەزارو دووصەدو حەفتاو چواری کۆچیدا لە بەغدا کۆچی دوایی کردوەو ، لە گۆڕستانی شێخ مەعرووفی کەرخیدا بەخاك سپێرراوە •

ئەم شێخ ئەحمەدی سێهەمە سێ کوڕی لێبەجێ ماوە :

یەکەم : عەبدولفەتاح کە لە شەوی یەكشەممەی مانگی شەوالی ساڵی هەزارو دووصەدو سیو پێنجدا لەدایك بوەو ، لە ساڵی هەزارو سێصەدو دەدا کۆچی دوایی کردوە •

دوەم : شێخ جەعفەر کە لە پازدەی رەجەبی ساڵی هەزارو دووصەدو سیو حەوتدا لە دایك بوەو ، لە ساڵی هەزارو سێصەدو سێدا لە جیهان دەرچوە •

سێهەم : شێخ طاها ، ئەم ذاتە زانایەکی بەرزو بەرێزو تاقانەی دەوری خۆی بوە ، خۆشنووسێکی بێوێنەو ، زانایەکی هەڵکەوتو بوە ، چەن دانراوێکی بەنرخی هەیە •

یەکێ لەوانە : شەرحی ( تهذيب المنطق ) ە لە عیلمی مەنطیقدا ، کە بە بڕوای من دانراوێکی زۆر نایابە •

کەلامدا داناوەو ، شێخ محەمەد نەسیمی برای لە دەرسوتنەوەدا یارمەتی داوە • بەڵام زۆری پێنەچوە کە لەسەر ئەو مەدرەسە نەماوەو ، لە مێژووی هەزارو سێصەدو شەشدا لە شاری سنەدا کۆچی دوایی کردوە • ئەم ذاتە سێ کوڕی لێ بەجێماوە :

یەکەم شێخ عەبدوڵلا کە بە ( صدر الشریعة ) ناوبانگی دەرکردوە ، باوکی شێخ عەبدولەطیف‌و ، شێخ ئەحمەدو ، شێخ محەمەد •

دووهەم : شێخ ئەبولخەیر باوکی شێخ عەلادین •

سێهەم : شێخ ئەبولحەسەن (صدر العلماء) باوکی شێخ ( ابو ابها )ی ( صدر العلما )ی باوکی قوطبەدین‌و فەخرەدین‌و طاها •

## شێخ محەمەد نەسیم

کوڕی چوارەم لە کوڕەکانی شێخ محەمەد سەعید • ئەم ذاتە لە شاری سنەوە چوە بۆ عێراق‌و لە سەر خوێندنگای مزگەوتی خورماڵ بە رەسمی دامەزراوەو ، لە پاش ماوەیەك لە خورماڵ کۆچی دوایی کردوە ، مێژووی چوونی بۆ عێراق‌و ، ساڵی لە دایکبوون‌و کۆچی دوایی نازانم • بەڵام بە گوێرەی هەندێ بەڵگە وا ئەزانم کە لە مێژووی هەزارو سێصەدو دەدا لە جیهان دەرچووبێ •

ئەڵێن : ئەم ذاتە دوو کوڕی لێ بەجێماوە : شێخ عەبدولەطیف‌و ، شێخ یەحیا کە لە هەڵەبجەدا ژیاون •

## شێخ حەسەن

کوڕی شێخ شەمسەدین ، کوڕی شێخ عەبدولغەفاری یەکەم • ئەم ذاتە لە دێی دەگاشێخانی مەریوانەوە گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەورامانی

وه لەبەر ناوبانگیو لەبەر زانیاریو پلەبەرزی پاشای بابان فەرمانی بۆ دەردەکا بۆ ئەوە ببێ بە مامۆستای خوێندنگای ( زەردیاوا ) کە مەرکەزی ناحیەی قەرەداغ بوەو ، جێگەی ( ولی عهدی میری بابان ) بوەو ، نزیکەی ئەمش هەزار خانووی تێدا بوە •

جا لەو مێژووەدا کە ساڵی هەزارو صەدو شەصتو سێی کۆچی بوە شێخ عەبدولەطیف بە ماڵەوە چوە بۆ زەردیاواو بوە بە مامۆستای ئەوێو بوە بە هۆی بووژاندنەوەی زانیاریە ئیسلامی‌یەکان لەو ناوچـەداو ، رۆژ بە ڕۆژ لەسەر بناغـەی زانیـاریو رەوشتی بـەرزو شەخصی‌یەتی هەلکەوتووی خزمەتی زۆرتر ئەبووو زیاتر پایەی بەرز ئەبوەوەو ، بـوو بە یەکە زانای قەرەداغو سەنگاوو ، بوو بە مەرجەعی فەتواو ڕێکخەرەوەی نێوانی خەڵك • لەگەڵ ئەمانەیشدا دیوەخانێکی پیاوانەی بۆ نانـدان بـە موسڵمانان لە میوانو قوتابیوناموشۆکەری ئەو رۆژە ••• بوە کە ئەم خووە بەرزانە لە لای میری بابان دەرکەوت ، ئەویش مەردانە چـوو دەرامەتی شەرعی دێهاتی ئەو ناحیەیە ـ کـام دێی باش بوو ـ بەرەوڕووی شێـخ عەبدولەطیفی کردەوە بۆ ئەوە بتوانێ خزمەتی زانیاریو دینو موسوڵمانان بکـــا •

لە قەرەداغا واریداتی دێهاتی : باخچەو ، نەوتیو ، شیوی قازیو ، دووکەرۆو ، بلکانو ، دەلووجەو ، قەڵاقایمەزو ••• لـە سەنگاویشدا واریداتی : گۆپتەپەو ، دەرەوارو ، تۆغلیجەو ، دەربەندسووتاو •• ئـەم دێهاتانەی بە فەرمانی تایبەتی دا بە شێخ عەبدولەطیفو ، نوێنەری شێـخ عەبدولەطیف واریداتی شەرعی ئەو دێهاتەی کۆدەکردەوەو ، ئەیناردەوە بۆ صەرفکردن لە خوێندنگاو دیوەخانو ماڵو منداڵی شێخ عەبدولەطیفدا ، ئەویش بە سەرگەرمیی مەشغوولی خزمەتی دین ئەبوو • ئەم داتە بەو شێوەیە تەمەنی خۆی صەرف کرد ، هەتا بە فەرمانی خودا لە ساڵی هەزارو

## شێخ عوثمانی کوڕی شێخ عەبدولەطیف

ئەم ذاتە پێنج کوڕی بوە : شێخ عـەبدوللاو ، شێخ قادرو ، شێـخ عەبدوڕەحمانو ، شێخ عەبدوصەمەدو ، شێخ سەمیع • ئەم کوڕانە هـەموو خوێندەوار بوون •

وە شێخ عەبدوللا سێ کوڕی بـوە : شێخ عـەبدولەطیفو ، شێـخ حەسەنو ، شێخ محەمەد ئەمین • ئەم سێ کوڕە هەموو خوێندەوارو زانـا بوون ، بە تایبەتی شێخ عەبدولەطیفو ، شێخ حەسەن ، وەکـوو بـاسیان ئەکەین •

## شێخ عەبدولەطیفی کوڕی شێخ عەبدوللا

ئەم ذاتە لە زانیاری و کارامەیی و لێهاتوویدا تاقانەی دەوری خۆی بوە • لەسەر خوێندنگای زەردیاوا دانیشتوەو دەرسی گوتوەتەوەو ، زانیـاری بـە کوردستاندا بڵاوکردوەتەوەو ، لەسەر ئەم ڕێگـە پـیرۆزە ڕۆیشتوە هـەتا لە زەردیاوادا کۆچی دوایی کردوە • ئەم شێخ عەبدولەطیفە دوازدە کوڕی بـوە :

یەکەم : شێخ عەبدوللا کە یەکە زانا بوە لە قەرەداغداو ، تەریقەتـی نەقشبەندی وەرگرتوەو تەمەسوکی بە شێخ عوثمان سیراجەدینی خەلیفـەی مەولانا خالید کردوە • وە ئەوەندە بـە تواناو پێگەیشتوو بوە بوە بە خەلیفەی شێخ عوثمانو بوە بە ئینسانێکی خاوەن ( توجهات )و موریدو مەنسووب •

لەسەر فەرموودەی شێخ عوثمان ئەم شێخ عەبدوللا گەیشتۆتە پایەی ( قطبیة )و پێش ئەوە هەواڵ بە وڵاتدا بڵاو بێتەوە شێخ عوثمان خـۆی لە ( تەوێڵە ) دا هەواڵی کۆچی دوایی شێخ عەبدوڵـلای ڕاگـەیاندوەو ، نوێژی جەنازەیان بە یاسای نوێژ لەسەر غائیب بـۆ کردوە • وە کـۆچی دوایی لە زەردیاوادا بوەو ، ئەوەی لێ بەجێ نەماوە •

دووهەم لە کوڕەکانی شێخ عەبدولەطیف : شێخ مەحموود بوە ، ئەویش موزیدی شێخ عوثمانی سیراجەدین بوەو ، لە شاری هەڵەبجەدا دانیشتوەو ، شێخ عوثمان زوبەیدەی کچی خۆی لێ مارەکردوە • لەو کچە شێخ مەحموود کوڕێکی بوە ناوی شێخ صاحیب بوەو ، خوێندوویەو بوە بە زاناو ، بە گەنجی لە ساڵی هەزارو سێصەدو بیستدا کۆچی دوایی کردوە •

سێهەم تا هەشتەم لە دوازدە کوڕەکەی شێخ عەبدولەطیف شێخ ئەحمەدو ، شێخ کەریمو ، شێخ عەلیو ، شێخ عەبدوڵلای دوەمو ، شێخ صالح • ئەمانە کۆچیان کردوەو ئەوەی نێرینەیان لێ بەجێ نەماوە •

هەشتەم : شێخ عەبدوڕەحمان ، ئەم ذاتە کوڕێکی بوە ناوی شێخ عەلی بوە ، شێخ عەلی خوێندنی تەواو کردوەو ، بوە بە مەلا ماوەیێ لە قەرەداغداو ، ماوەیێ لە دێی سۆڵەدا مەلا بوە ، پیاوێکی عاقڵو فاضل بوو • ئەم ذاتە کۆچی دوایی کردو دوو کوڕی لێ بەجێما •

نۆهەم : شێخ قادر ، لەم شێخ قادرە شێخ عەبدوڕەحیمو ، لە شێخ عەبدوڕەحیم شێخ لەطیفو ، محەمەدو ، حسەین ، بەجێ ماون •

دەهەم : شێخ جەلال کە ذاتێکی زاناو لەخوداترس بوە • لە شاری سلیمانیدا لە مزگەوتی خەفافەکان ئیمامو مودەڕیس بوە • تەمەنێکی بە کەرامەتو دینو قەناعەت لەگەڵ دەرسوتنەوەو خزمەتی دیندا بەسەر برد تا کۆچی دوایی کرد • لەم ذاتە شێخ محەمەد بەجێماوە •

یازدەهەم : شێخ محەمەد ، ئەم شێخ محەمەدەیش زانایەکی بەرزو بەڕێزو ، لەخوداترسو ، نەفس بەرز بوە • ئەمیش لەگەڵ شێخ عەبدوڵلای قوطبدا خەلیفەی شێخی سیراجەدین بوەو ، ئیمامو مودەڕیسی مزگەوتی محەمەد پاشای جاف بوە لە هەڵەبجەو ، بە ڕاستیو دڵسۆزی خزمەتی زانیاریو دینی کردوە •

# شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەبدوڵلا

ئەم پیاوە تاقانەی زەمانو عەلامەی کوردستان بوو • لە خوێندنگاکەی خۆیاندا خوێندوویەتی هەتا نزیکی خوێندن تەواوکردن ، پاش ئەوە چوە بۆ بەغداو لە خوێندنگای محەمەد فەیضی - موفتی زەهاوی - و لای ئەو خوێندوویە تا ئیجازەی وەرگرتوە • پاش ئیجازەوەرگرتن گەڕاوەتەوە بۆ قەرەداغو ، لە پاش ماوەیێ گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو ، بە هۆی موفتی زەهاوییەوە کراوە بە مودەڕیسی رەسمی بۆ شاری کفری ( صلاحیە ) و ، لەو مزگەوتەدا کە ئێستە پێی ئەڵێن : مزگەوتی ( کرماج ) دائەنیشێو دەست ئەکا بە دەرسوتنەوەو قوتابی لە هەموو لایەکەوە لێی گردئەبنەوە بە جۆرێ ئەو مزگەوتە بە ناوی ( مزگەوتی مەدرەسە ) وە ناو دەرئەکات • وە بە دەرسوتنەوەو رێنومایی‌و ئامۆژگاری هەموو ئەو ولاتی گەرمی‌یانە ئاوەدان ئەکاتەوەو ، لەسەر ئەو رێبازە رۆیشت تا کۆچی دوایی کرد •

شێخ حەسەن دوو کوڕی لێ‌بەجێ‌ماوە : شێخ محەمەدو ، شێخ عەبدوڵلا• شێخ محەمەد زانایەکی بەرزو بەڕێز بوەو ، کراوە بە مامۆستای خوێندنگای ( طووز خورماتوو ) بە رووناکی زانیاری‌و رەوشت‌و خووی بەرزو ، بەخشندەیی ••• ئەو ولاتەی رووناك کردوەتەوەو ، گەلێ خزمەتی ئاینی ئیسلامی کردوەو کاتی خۆی مەشهوور بوە لە ولاتدا کە پیاوی وەها خاوەن عەقڵ‌و بەدین‌و رەوشت نایاب بوەو ، تەمەنی بەم یاسا بەسەر بردوە تا کۆچی دوایی کردوە •

وە شێخ عەبدوڵلای کوڕی شێخ حەسەن چوەتە ناو ریزی سوپاوەو بوە بە ( موفتی ئالا ) و لەو شارەدا ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردوە •

وە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ حەسەن نەوەی نێرینەی نەبوە • بەلام شێخ عەبدوڵلا کوڕێکی لێ بەجێ‌ماوە ناوی عەلی بودو ، لە خوێندنگاکانی

عوثمانیدا خوێندوویەتی‌و ( حوقووق ) ی تەواو کردوەو ، بوە بە مودیری ناحیەو ، لەسەر کارو باری وەزیفە ڕۆیشتوە تا کۆچی دوایی کردوە ۰ یەك کوڕی لێ بەجێ‌ماوە ناوی عەبدوڵلایەو ، ئێستە نشتەجێی بەغدایە ۰

## شێخ محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ عەبدوڵلا

کوڕی شێخ عوثمان ، کوڕی شێخ عەبدولەطیف ۰

ئەم ذاتە لە ( دەلووجە ) دا دانیشتوەو ، خاوەن نان‌و قۆناغ بوەو ، شەش کوڕی لێ بەجێ‌ماوە : کاکە حەمە ، عەبدوڕەحمان ، ئیسماعیل ، ئەحمەد ، قادر ، عەبدوڵلا ۰

قادرو عەبدوڵلا نەوەیان نەبوەو ، لە کاکە حەمە عەبدوصەمەدو ، لە عەبدوصەمەد ڕەشیدو ، لە ڕەشید ڕەئووف بەجێ‌ماوە ۰

وە شێخ ئیسماعیل چوار کوڕی بوە : عەبدوڕەحیم‌و ، عەلی‌و ، عوثمان‌و ، محەمەد ۰

عەبدوڕەحیم خوێندوویەتی تا پێگەیشتوەو ، بوە بە زانایەکی بەرزی بەڕێزو ، دوای ئیجازەوەرگرتن شێخ عومەری ضیائەدین کردوویەتی بە مامۆستای خوێندنگای خانەقای بیاوێڵە لە نزیکی هەڵەبجەداو ، ماوەیێ لەوێ تەدریسێکی چاکی کردوە ، جا لە پێش ئەوەدا ژنێنێ کۆچی دوایی کردوە ۰ هەروا شێخ عوثمان‌و شێخ عەلی برایشی بە بێ نەوە سەریان ناوەتەوە ۰

وە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئیسماعیل شێخ مصطەفای لێ‌بوەو ، لە شێخ مصطەفا : ئەحمەدو ، محەمەدو ، مەحموودو ، ماجیدو ، ئەمجەدو ، بەختیارو هۆشیار بەجێ‌ماون ۰

وە لە شێخ ئەحمەد : شێخ مەعرووف‌و ، شێخ کەریم‌و ، شێخ عارف بەجێ ماوە ۰ ئەم کوڕانە ڕۆیشتوون بۆ شاری خانەقین ۰ شێخ مەعرووف

وە لە شێخ عەلی : شێخ ئەحـمەدو ، شـێخ محەمەدو ، کچێـکی ئامینەناو بوە • جا شێخ ئەحمەد بە منداڵی مردوەو ، شـێخ محـەمەد ژنی هێناوەو کچێکی لێ بەجێماوە ناوی (عاصمە)یەو شووی کردوە بە (خیرالدین عبدالرزاق )و ئێستە لە شاری سلێمانیدایە •

( ئامینە ) یش خێزانی من بوو ، دوو کوڕو ، دوو کچی بـوە • کوڕەکان : محەمەدو ، صەلاحەدینو ، کچەکان عـالی‌یەو ، عەطی‌یە • ئامینە لـە شەوی چـوارشەمەی چـواردەی صەفەری ساڵـی هـەزارو چوارصەدو سێی کۆچیدا ، ڕێکـەوتی یەکـی کانـوونی یەکـەمی ساڵی هەزارو نۆصەدو هەشتاو دووی زایینی کۆچی دوایی کردو ، تەرمەکەی برایەوە بۆ چنارە لە لای گۆڕی شێخ عەلی باوکی‌و ( رضیە ) خانی دایکیدا بە خاك سپێررا •

وە لە شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی شیوی قازی کـوڕی بەجێماوە ناوی شێخ محیّدین بوە •

وە لە شێخ سەمیعی کوڕی شێخ ئەحمەد سێ کوڕ بەجێماوە : شێخ عومەرو ، شێخ عوثمانو ، شێخ عەلی • ئەمانە نەوەیان هەیە •

## شێخ عەبدوسەمیع

کوڕی شێخ عوثمانی کوڕی شێخ عەبدولەطیف ، ئەم پیاوە بە بێ نەوە جیهانی بەجێهێشتوە •

## شێخ عەبدوصەمەد

کوڕی شێخ عوثمان کوڕی شێخ عەبدولەطیف ، کوڕێکی بوە ناوی شێخ عوثمان بوە • شێخ عوثمان کوڕێکی بوە ناوی شێخ فەرەج بوە • وە شێخ فەرەج کوڕێکی هەیە لە ( کەلار )ە ناوی عەلی‌یە •

بەجیٚماوەو ، لە شیٚخ مصطەفا حەسەنو ، حسەینو ، جەعفەرو ، فەرەیدوونو ، دلێر بەجیٚماون .

وە لە شیٚخ ئەحمەد شیٚخ ئیسماعیلو ، لە شیٚخ نەجیب شیٚخ حسەینو شیٚخ لەطیف بەجیٚماون .

وە شیٚخ عەبدوللا چوە بۆ شاری ئەستەموولو چوەتە ریزی سەربازیو بوە بە سەرۆکی مەحکەمەی تەمییزو نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستان تا لە ئەستەموول کۆچی دوایی کردوە . سێ کوڕی لێ بەجێ ماوە : خالیدو ، جەلالو ، مصطەفا . کە لە تورکیادا ماونەتەوە .

وە کچەکانی شیٚخ مصطەفای کوڕی شیٚخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شیٚخ عوثمانی کوڕی شیٚخ عەبدولەطیف بەسەرهاتیان بەم شێوەیە :

ئامینەخان شووی کردوە بە شیٚخ حسەینی کوڕی شیٚخ عەبدولکەریم ، برای شیٚخ حەسەنی قەرەچیوارو ، کوڕێکی بوە ناوی شیٚخ عەبدولکەریم بودو ، شیٚخ عەبدولکەریم : شیٚخ محەمەدو ، شیٚخ ئیسماعیلو ، مەعرووفو ، جەعفەرو ، عەبدولوەهابو ، سەعیدو ، رەئووفو ، موعتەصەمو ، حسەینی بوە .

وە عاصیمەخان شووی کردوە بە شیٚخ سەمیعو ، شیٚخ عوثمانی شیوی قازی لێ بوە .

وە صەفیەخان شووی کردوە بە شیٚخ قادری کوڕی شیٚخ ئەحمەدی شیوی قازیو ، شیٚخ عەلیو ، شیٚخ سەعیدو ، شیٚخ مەعرووفو ، شیٚخ ئیسماعیلو شیٚخ محێدینی لێ بوە .

وە فاتمەخان شووی کردوە بە کاکە حەمە .

رەضیەخانیش شووی کردوە بە شیٚخ عەبدوڕەحمانی چنارەیی .

با بگەڕێینەوە بۆ باسی کوڕەکانی دیکەی شیٚخ لەطیفی گەورەی باپیرەی شیٚخەکانی قەرەداغ .

## شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولەطیف

ئەم ذاتە هەر لە زەردیاوادا بە بێ نەوە مردوە •

## شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولەطیف

ئەم ذاتە لە دێی ( دووکەرۆ ) دا دانیشتوەو دوو کوڕی لێ بەجێماوە: شێخ مەحموودو ، شێخ سەلام • شێخ مەحموود سێ کوڕی بوە : شێخ محەمەد ئەمین و ، شێخ ئەحمەدو ، شێخ محەمەد •

لە شێخ محەمەد ئەمین سێ کوڕ بەجێماوە : شێخ قادرو ، شێخ عەبدوڕەحمان و ، شێخ لەطیف ، شێخ لەطیف نەوەی نەبوە • شێخ قادر کوڕێکی بوە ناوی حەکیم بوە • شێخ عەبدوڕەحمانیش کوڕێکی بوە ناوی شێخ قادر بوە •

وە لە شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولەطیف دوو کوڕ بەجێماون : شێخ عەبدوللا • بە بێ نەتەوە مردوە • شێخ محەمەد ، ئەم شێخ محەمەدە کوڕێکی بوە لە سلێمانیدا بە بێ تاوان تووش بوەو کوژراوە •

وە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەد تەنیا کوڕێکی بوە ناوی شێخ مەحموود بوە • ئەم شێخ مەحموودە کوڕی زۆر بوون ، بەڵام تەنیا دوانیان ماون : شێخ عەلی و ، نووری • وە شێخ سەلامی کوڕی شێخ ئەحمەد نەوەی نەبوە •

## وردبوونەوەیێ لە رشتەی شێخانی مەردۆخی

ئەم شێخانی مەردۆخی یە لەو مێژووەوە هاتوونەتە وڵاتی کوردستان تا ئەم مێژوە کە هەزارو چوارصەدو سێی کۆچی یە لە هەموو بەشێ لە بەشەکانی رشتەکاندا زانای بە تواناو خزمەتگوزاری دین و زانیاریان بوە •

ئەم شێخ عەبدوڵڵا هەرچەند مێژووی لەدایکبوونی دیار نی یە بەڵام بە پێی ئەوە کە وا باوو زانراوە نزیکەی صەد ساڵ تەمەنی بەسەر بردوەو لە ساڵی هەزارو دووصەدو پەنجاو چواری کۆچیدا لە جیهان دەرچوە •• ئەبێ لە دەوری ساڵی هەزارو صەدو پەنجاو پێنجدا لەدایك بووبێ •

بەهەرحاڵ • ئەم ذاتە پاش فام کردنەوە دەستی کردوە بە خوێندنو، بۆ خوێندن لە خوێندنگاکانی نزیکی خۆیاندا گەڕاوەو خەریك بوە ، تا گەیشتوەتە پلەی تێگەیشتنو پێگەیشتن ئەوسا چوە بۆ هەڵەبجەو لەوێشەوە بەرەوخوار بوەتەوە بۆ : کەرکوكو ، هەولێرو ، خۆشناوو ، بۆ خزمەتی ( حەیدەری )یەکان لە ( ماوەران )دا ، لە پاش تەواو کردنی خوێندن لە خزمەت سەید خضری حەیدەریی مامی صیبغەتوڵڵای حەیدەریی بەناوبانگدا ئیجازەی وەرگرتوەو گەڕاوەتەوە بۆ لای خۆیانو لە خەرپانیدا خەریکی دەرسوتنەوە بوە •

وە لەبەر ئەوە کەزانایەکی گەورەو بەڕێز بوەو ، تەدریسێکی باشی کردوەو ، قوتابی لە هەموو لایەکەوە لێی گردبوونەتەوە ••• میری بابان زۆر چاودێری کردوەو ، دێی خەرپانیو ئاوی کۆلێژی پێداوەو ، لە چەمی دەرەقوولە هەندێ باخو ئاشی بوەو ، هەروەها لە دێی تەوێڵەیشدا هەندێ باخی دراوەتێ • ئەویش لەبەر ئەوە کە لە بارەی ژیواری ماڵی خۆیو میوانو قوتابیو ئاموشۆکەرەوە دڵی ئاسوودە بوەو ، دڵی لای نەبوونیو بێژیواریی نەبوە •• بە شێوەیەکی وەها دەرسی گوتوەتەوە شایاوی ستایشو ڕێز بێ •

بە کورتی ماوەی حەفتا ساڵ دەرسی وتوەتەوە ، لە زستانا لە ناو دێی خەرپانیدا بوەو ، هاوینان چوەتە ( هۆبە ) کە لە لاژووروی خەرپانییەوەیەو کانیو باخە ، لەوێ دەرسی وتوەتەوەو • وا دیارە ناوبەناو زستانان لە هەڵەبجەیش دانیشتوەو لەوێیش دەرسی وتوەتەوە •

محەمەدی زەهاوی ـ کە بوە بە موفتی عێراق و بە موفتی زەهاوی ناسراوەوە، مەلا خدری (نالی)ی شاعیری بەرزو ناسراو • وە پایەی زانیاری ئەمانە وەها بوەو ئەوەندە جیاوازی یان بوە تا مەلا یوسفی تەشاری حازربووبێ مەلا یاسین دەرزی بەفەقێی خۆی نەوتوەو ، تا مەلا یاسینیش حازربووبێ مەلا محەمەدی زەهاوی دەرزی بە فەقێی خۆی نەوتوەو ، هەتا مەلا محەمەدیش دیاربووبێ مەلا خدری نالی دەرزی نەوتوەتەوە •

وە بیستوومە کە مەولانا خالید لە کاتی خوێندنی خۆیدا لای هەرسێ زاناکە ـ شێخ عەبدوڵلاو ، مەلا جەلال و ، مەلا برایمی بیارە خوێندوویەتی • تەنانەت بیستوومە کاتێ مەولانا خالید بوە بە شێخی ئیرشاد داوای لە شێخ عەبدوڵلای مامۆستای خۆی کردوە کە ( تمسك )ی پێ بکات و تەریقەتی لێ وەربگرێ ئەویش پێی فەرموە : من ئێستە کاتی ئەوەم نەماوە تەریقەت وەربگرم و پیر بووم • بەڵام حەز ئەکەم مەعنای فلان جێگەی حاشیەی عەبدولغەفووری جامیم بۆ تەقریر بکەی • ئەویش کاتێ مەعنای جێگەکەی بۆ ئەکات شێخ عەبدوڵلا ئەفەرموێ : باوەڕم هەیە کە تۆ بە صەفاو رووناکی دڵ تەوانای لێکدانەوەی مانای ئەم جێگەت پەیداکردوەو تۆ خاوەنی حاڵ و مەقامی •

سەردەمی ژیان و دەرسوتنەوەی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی سەردەمی زێرینی وڵاتی بابان بوەو ، شێخ عەبدوڵلا هاوچەرخی مەلا برایم و ، مەلا جەلال و ، مەلاصالحی تەڕەماری و ، ئیبن و ئادەمی باڵەکی و ، مەلا محەمەدی ئیبن ولحاجی جێشانەیی و ، شێخ عەبدولەطیفی گەورەی قەرەداغی و ، شێخ حەسەنی گڵەزەردە ••• بوە کە زۆر زانا بوە • هەروا هاوچەرخی مەلاکانی قەڵاچوالان بوە کە بە هۆزی (غەزایی) بەناوبانگن، وەکوو مەلا مەحموودی غەزایی و غەیری ئەویش ••• ئەوانە هەموو تاقانەی رۆزگار بوون •

## شێخ عەبدولکەریم

ئەم ذاتە کوڕی گەورەی شێخ عەبدوڵلا بوەو ، پاش تێگەیشتن‌و ، خۆناسین ، دەستی کردوە بە خوێندن‌و ماوەیەك لە خوێندنگاکەی خۆیانا بوە ، پاش ئەوە لەوێ دەرچوەو ، بۆ خوێندن بە زۆر لە شارەکانی عێراقدا گەڕاوەو لە شاری کەرکوکدا زۆر ماوەتەوەو ، ئەنجام هاتوەتەوە بۆ ( خەرپانی )و ، لە خزمەتی باوکیدا ماوەتەوە تا خوێندنی تەواو کردوەو ژنی هێناوە ، جا لە ساڵی هەزارو دووصەدو سی‌و سێدا لە ژیانی باوکیدا لە خەرپانی کۆچی دوایی کردوە •

## شێخ عەبدوڕەحمان

ئەم ذاتەیش خوێندەوارو زانا بوە ، بەڵام نووسراوێ نیە ئەندازەی زانیاری‌و ڕێزی روون بکاتەوە • هەر لە دێی خەرپانیدا ماوەتەوەو کچی حەزرەتی شێخ عوثمانی هێناوە ، بەڵام منداڵی نەبوە •

ئەم ذاتە لە بەهاری ساڵی هەزارو دووصەدو شەست‌و شەشدا رۆژی سێشەممەی مانگی ( جمادی الاخرة ) کۆچی دوایی کردوە •

## شێخ مەعرووف

ئەم کوڕەی شێخ عەبدوڵلا زانا بوەو لە خوێندنگای خۆیانا لە خزمەتی باوکیدا خوێندوویەتی‌و ، دوایی بۆ خوێندن بە شارانا گەڕاوەو ، لە شاری سلێمانیدا لە خزمەتی خواڵێخۆشبوو شێخ مەعرووفی نۆدێهیدا خوێندوویەتی‌و ، بە خەتی خۆی نووسیویەتی ئەم کتێبەم لە خزمەتی دانەرەکەیدا ــ کە شێخ مەعرووفی نۆدیی‌یە ــ خوێندوە •

وە پاش ئەوە کە خوێندنی تەواو کردوە ماوەیێ لە شاری کەرکووکدا بە مودەڕیسی دانیشتوەو ، زۆر چاك دەرسی گوتوەتەوە ، بەلاّم کەڵکەڵەی نیشتمانو ، دووریی براو خزمانو ، بیری هەوای خۆشی چەمی بیارەو ، هاوینەهەواری هۆبە ئاسایشیان لە دڵی بڕیوەو ، هەرچۆن بوە ماوەیێ بەو شێوە لە کەرکووکدا هەڵی کردوە ، بەلاّم ئەنجام ئۆقرەی لەبەر بڕاوەو ، خۆی پێ نەگیراوەو هاتوەتەوە لە خوێندنگای مزگەوتی جامیعەی هەڵەبجەدا دامەزراوەو ، لەبەر ئەوە کە زانایەکی بەرز بوە لە هەموو شوێنێکەوە قوتابی لێی گردبوونەتەوەو ، تەدریسێکی چاکی کردوەو ، لەگەڵ ئەوەیشدا پێشنوێژیو خوتبەخوێندنەوەی مزگەوتەکەی لە ئەستۆی خۆی گرتوە •

لە هەمان کاتدا خانە دانێکی زۆر بەسوود بوەو ، خەڵك لە نانو ئاوی تێریان خواردوەو ، لە سێبەری دیوەخانیدا حەساونەتەوەو ، بوە بە داڵدەو بارەگا بۆ پرسیاری موسوڵمانانو کۆڕی کۆبوونەوەو ، دانیشتنی زانایانو ، لە لای حوکومەتیشەوە زۆر بەڕێز بوەو ، فەرمانی (افتا)ی لە ( آستانە )وە بۆ هاتوەو ، زیاد لە کارەکانی پێشووی بوویشە بە موفتی ناوچەکە •

**لە خوالێ خۆشبووان : شێخ عەلادینی بیارەو** ، مەلا قادری صۆفیم بیستوە : کە ماڵی شێخ مەحموودی موفتی لە تەنیشتی مزگەوتی جامیعەوە بوەو ، لە شانی مزگەوتەکەوە ـ لە مولکی خۆیدا ـ باخچەیەکی دروست کردوە ، گەلێ داری : قەیسیو ، قۆخو هەنجیرو، ترێی تێدا بوە ، هەروەها وردە سەوزەی تێدا کردوە • لەو ذاتانەم بیستوە گەلێ کات کە بەمیوانی لەوێ بوون میوەی ئەو باخچەیانە بۆ هێناون خواردوویانە•

وە بە تایبەتی سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی کە کاتی خۆی فەقێی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی بوەو ، ئەویش لە خزمەتی شێخ عەبدوڵلاّدا

بەهەرحاڵ ئەم ذاتە لە دوازدەی مارتی ساڵی ١٩٥٦ی زاینیسدا لە جیهان دەرچوەو ، لە سلێمانیدا بە خاك سپێرراوە •

ئەم کەسە کە نووسیمان لە پیاوانی سەیدی تەکیەیە کە ئەهلی زانیاریو رێز بوون لە پاش مێژووی هەزاری کۆچیدا بوون • بێ گومان لەو مێژوەوە تا سەردەمی ئیمام هەمزە هیچ چەرخو صەدەیەك لە چەن کەسی زاناو بەرێزو هەڵکەوتوو خاڵی نەبوە ، چونکی هەتا بەرەوژوور بینەوە بەرەو زەمانی برەوی زانیاریو رێزو خوو و رەوشتی جوان ئەرۆین • بەڵام باسی ئەو زانایانە لێکۆڵینەوەو پشکنینی سەرچاوەی زۆری ئەوێو ، گەلێکیان هەر باسو شوێنەواریشیان کوێربوەتەوە • بەڵام کە بمانەوێ بۆ پیاوچاكو ئەهلی قەناعەتو خانەدان بگەڕێین بە بێ باسی زانیاری ئەوە هەر زۆرزۆر بوون •

## شێخ عەبدوڵلای مەلا

رشتەی نەسەبی ئەم ذاتە بەم شێوەیە : شێخ عەبدوڵلای ، کوڕی شێخ ئەحمەدی ، کوڕی شێخ محەمەدی ، کوڕی شێخ سلێمانی ، کوڕی شێخ ئەحمەدی ، کوڕی شێخ عەلی ، کوڕی شێخ محەمەدی ، کوڕی شێخ حەسەن ، کوڕی شێخ نوورەدین ، کوڕی شێخ مصطەفا ، کوڕی شێخ صەلاحەدین ، کوڕی شێخ عەوەض ••• تا دوایی شەجەرەی تەکیە •••

لە دەوروبەری ساڵی هەزارو سێصەدو سێی کۆچیدا لە دێی تەکیە لەدایك بوە • پاش فامکردنەوە هەر لە تەکیەداو لە لای باوکی خۆی ــ کە مەلای دێی تەکیە بوە ــ دەستی کردوە بە خوێندنو ، قورئانو کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندوە • دوای ئەوە دێکانی ( ئەحمەد برندەو ، زەردەلیکاوو ، عەبابەیلێو ، سلێمانیو ، بیارە ••• و ) بۆ خوێندن

وە لەسەر نووسینی ئیبراهیم فەصیح حەیدەری ئەم حەیدەری کوڕی محەمـەدە پیاوێتی دەروون‌پاکو دڵڕوونـاکو بـەئەدەب بوەو ، زۆر خاوەن بارەو کەرامـەت بوەو ، زۆر لەخـوداترس بـوەو ، لە شـەرعدا دەستێکی باڵای بوەو ، بە ( محرر )ی مەذهەبی ئیمامی شافیعی دانراوە • هاوچەرخی شێخ ئەحمـەدی ( ابن حـجر ) بوەو حاشـیەیەکی لەسـەر توحفەی ئیبن‌وحـەجەر هـەیەو ، لە کـۆتایی تەمەنـیـدا هاتوەتە شـاری ( هەولێر )و لە ساڵی هەزارو حەفتـای کۆچیـدا لـەوێ کـۆچی دوایی کردوەو ، گۆڕەکەی لە نزیکی گۆڕی مـیری موسوڵمـانی هێژا ( مظفر کوکە بوری )ی ـ داهێنەری مەولوودکردن لە کوردستاندا ـ یە •

## ئەحمەدی کوڕی حـەیدەری یەکەم

ئەم ئەحمەدە لە خوێندنگای خۆیانـدا خوێنـدوویەتی‌و ، ئیجازەی لە بابی وەرگرتوە • زانایەکی بەرزو خاوەن پایە بوە • تەدریسێکی باشی کردوە ، گەلێ کتێبی داناوە ، وەکوو :

١ ـ حاشیەی لەسەر شەرحی عەقائیدی مەلا جەلالی دەووانی ، کە ناوی ( محاکمـات )ە ، چونکە ئەحمـەد موحاکەمەی هەمـوو خـاوەن حاشیەکـانی سەر شـەرحی عەقائیـدی دەووانی کـردوە ، واتـە هەندێکیانی داوەتە دواوەو ، هەندێکیشیانی پەسەند کردوە •

ئەم موحاکەماتە کتێبێکی ئـەوەنـدە بە بایەخ بـوە کاتی خـۆی لە قوتابخانەکانی عێراقـدا خوێنـراوەو ، زانایان کە لـە هینـدەوە هاتـوون وتوویانە : موحاکەمات لە هیندستانیشدا باوەو قوتابی‌یان دەیخوێنن •

وە لە دانروەکانی ئەم ئەحمەدەیە کتێبی •

گەڕایەوە بۆ ( ماوەران )و ، دوای ماوەیێ بۆ جاری دوەم چوەوە بۆ بەغداو ، ئیتر لەوێ دامەزراو بوو بە یەکێ لە زانا بەرزە ناسراوەکانی ئیسلام لە دەرسوتنەوەو ، فەتوادانو سوودگەیاندن بـە موسولمانانو ، ئیجازەداندا بە زانایان پاش فێرکردنو پێگەیاندنیان ، بە جۆرێ ئەگـەر یەکێ بە وردی تەماشا بکاو زنجیرەی ئیجازەکان بخوێنێتەوە ئەبینێ کەم ئیجازە هەیە لە سەردەمی ئەوداو پاش ئەو درابێ لە عێراقدا نەچێتەوە سەر صیبغەتوڵلای حەیدەری • ئەم ذا تە لە ژیانی خۆیدا وەکوو گوڵی هەمیشەبەهارو داری بەردار وابوو ••• تا لە بەغدادا لە ساڵی هەزارو صەدو هەشتاو •• کۆچیدا کۆچی دوایی کرد •

ئەم ذاتە پێنـج کـوڕی بەجێهێشتوە : عەبدوڵلاو ، عوبەیدیللاو ، غیائەدینو ، حەیدەرو ، محەمەدئەمین •

جا ئێمە لە پێش باسی ئـەم کـوڕانەدا باسی براکانی صیبغەتوڵلا خۆی ئەکەین •

## یەکەم : سەییەد عاصیمی برای صیبغەتوڵلا

ئـەم ذاتـە زانایەکـی هەڵکەوتووو سەرکـەوتووی پایەدار بوەو ماموستایەکی بـەرزو بەسوود بـوە • حاشیەیەکـی لەسـەر تەفسـیری بەیضاویو ، حاشیەیەکی لەسـەر حاشیەی خـەیاڵی لەسـەر شەرحـی عەقائیدی نەسەفی هەیە •

دوەم لە براکانـی صیبغەتوڵـلا ئیسماعیلی حەیـدەری • سێهـەم فەضلوڵلای حەیدەری • چوارەم فەتحوڵلای حـەیدەری • ئـەم ذاتـە بەڕێزانە هەموو ماموستای چاکو خاوەن خوێندنگاو دانەری کتێب بوون• هەموویشیان حاشیەیان لەسەر تەفسیری بەیضاوی هەیە •

چوارەم : حاشیەی لەسەر حاشیەی ( لاری ) لە حیکمەتا •

پێنجەم : حاشیەی لەسەر حاشیەی عەبدولحەکیمی هینـدی لەسەر حاشیەی عەبدولغەفووری لاری لەسەر شەرحی مەولانای جامی •

شەشەم : حاشیەی لەسەر حاشیەی عیصامەدینی جامی •

حەوتەم : حاشیەی لەسەر ( قول احمد ) لەسەر فەناری •

هەشتەم : حاشیەی لەسەر ( محمد امین ) لە جیهەتی وەحدەتا •

ئەم غیاثەدینە کوڕێکی بوە نـاوی عەبدوڵڵا بوە ، زانایەکی گـەلێ بەرزو بەڕێز بوەو ، حاشیەی لەسەر گەلێ لە کتێبە عەقلی‌یەکان هەیە •

## حەیدەری کوڕی صیبغەتوڵڵا

ئەم ذاتە بە حـەیدەری مـوفتی‌ی ناسراوە ، زانایەکی بـاڵا بـوەو حاشیەی لەسەر تەفسیری بەیضاوی‌و ، محەممەد ئەمینی جیهەتی وەحدەت هەیە •

## محەممەدئەمینی کوڕی صیبغەتوڵڵا

ئەم ذاتە لەگەڵ ئەوەدا کـە خەریکی تەصەووف بوە زانایەکـی بەرزو بەڕێزو بەسوود بوەو ، گەلێ کەرامەتی لێ دەگێڕنەوە •

## عوبەیدوڵڵای کوڕی صیبغەتوڵڵا

ئەم ذاتە زانایەکی بەرزو خـاوەن پایەی بـاڵا بـوە لە زانیاریدا ، لەگەڵ ئەوەدا کە لە بەغدادا موفتی ( حنفیة ) بوەو ئیش‌و کاری زۆر بوە لە زانیاری‌یە عەقلی‌و نەقلی‌یەکاندا دەرسی گوتوەتەوەو ، گەلێ قوتابی پێگەیاندوە • ذەوقی ئەدەبی‌یات ـ بەخشان‌و هـۆنراوە ـ ی زۆر بوە •

خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بوە لە شاری بەغدادا تەمەنی خۆی لە خزمەتکردنی دیندا بەسەربردوە •

ئەم ذاتە دوو کوڕی بوە : عەبدولحەکیمو ، عەبدولحەلیم ، هەردوکیان زۆر بە تواناو شارەزا بوون لە زانیاری‌یەکاندا • عەبدولحەلیم ریسالەی سەمەرقەندی کردوە بە شیعر • بە داخەوە ئەم دوو کوڕە لە تاعوونی بەغدادا کۆچی دوایی‌یان کردوە •

## ئەسعەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی صیبغەتوڵلا

عەبدوڵلای کوڕی صیبغەتوڵلا دوو کوڕی بوە : یەکەم ئەسعەدو ، دوەم عەبدوسسەلام •

ئەسعەد زانایەکی بەرزو بەڕێز بوەو مامۆستایەکی زاناو بەتوانا بوەو ، گەلێ دانراوی هەیە :

یەکەم : حاشیەی لەسەر توحفەی ئیبن‌و حەجەر • لەم حاشیەدا موحاکەمەی باقی حاشیەنووسەکانی سەر توحفەی کردوەو ، بە راستی ئەم حاشیە زۆر نایابە •

دوەم : حاشیەی لەسەر حاشیەی عەبدولحەکیم لەسەر خەیالی •

سێهەم : حاشیەی لەسەر ( لقانی مصری ) لەسەر حاشیەی سەعدی تەفتازانی لەسەر ( عزی ) کە بە ( سعدینی ) ناسراوە ، لە (صرف)دا •

چوارەم : حاشیەی لەسەر حاشیەی قەرەباغی لە مەنطیقدا •

پێنجەم : حاشیەی لەسەر حاشیەی طەحاوی •

شەشەم : کتێبە جوانەکەیەتی کە شەرحی ( الغاز ) ەو گەلێ زانستی جۆراو جۆری تێدایە ••• چەند نووسراوی دیکەیشی •

بەرپەرچی رەخنەکانی ئیبن‌و قاسمی عوبادی لە ئیبن‌و حەجەر داوەتەوە •

دوەم : حاشیەی لەسەر شەرحی عیصامەدین لەسەر ریسالەی وەضعی‌یە •

سێهەم : شەرحی لەسەر ( مسائل حسابیه ) لە کۆتایی ( خلاصة الحساب )ی ( بهاء الدین عاملی ) یەوە کە گەلێ کەس تیایا سەرکەردان بـوە •

وە بێجگە لەمانەیش گەلێ نووسراوی بەسوودی هەیەو ، ئەم ذاتە بە شێخی شێخەکانی عێراق لە سەردەمی خۆیدا ناوبراوەو ، وەك ئیبن‌و حەجەر تەماشای کراوە •

وا باوە ئەم ذاتە لە سی جار پتر توحفەی ئیبن‌وحەجەری بە دەرس گوتوەتەوەو ، تەفسیری بەیضاویی‌و حاشیەکانی بەدەرس وتوەتەوەو ، ئەش کتێبە حەدیثە صەحیحەکە ( صحاح ستة )ی بە دەرس وتوەتەوەو • تەریقەتی لە مەولانا خالید وەرگرتوەو ، نزیکەی صەد ساڵ ژیاوە •

من ئەڵێم : ئەم ذاتە لە بەغدادا کۆچی دوایی کردوەو ، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا بەخاك سپێرراوە •

وە ئیبراهیم فەصیح ئەڵێ : لەو پیاوە بەرزانەیە کە بە خزمەتیان گەیشتووم : عەبدوڕەحمانی رۆژبەیانی • ئەم ذاتە لای گەلێ لە مامۆستا گەورەکان خوێندوویە ، لەوانە : عەللامەی ناسراو صیبغەتوڵڵای زیاریی گەڕاوی ، کە ئەویش ئیجازەی لە صالح حەیدەریی کوڕی ئیسماعیل حەیدەریی برای صیبغەتوڵڵا وەرگرتوە •

من ئەڵێم : ئەم ذاتە لە کاتی خوێندندا هاوڕێی مەولانا خالید بوە لەو رۆژەدا کە لە خزمەتی صیبغەتوڵڵای زیارەتیدا خوێندوویانە • وە پاش ئەوە کە مەولانا بوە بە مورشیدو هاتوەتە شاری بەغدا تەمەسسوکی بە مەولانا خالید کردوە ، وە لە پاش رۆیشتنی مەولانا بۆ شام لە تەکیەی خالیدی‌یەدا

ئادەم • ئەم ذاتە پتر لە صەد کتێبی لە زانیاری‌یە عـەقڵی‌و نەقلی‌یـەکاندا هەیەو ، لە پلەی ئیمام فەخری رازیدا بوەو ، شەرحی لە ( اثبات لواجب ) کردوە کە ناسکترین مەسەلەی عیلمی کەلامە •

وە لەو زانا بەرزانەیە کە بەخزمەتیان گەیشتووم مـەلا ئەحمەدی میرەکی کوردیی ، کە دەستێکی باڵای لە زانیاری ئادابی بەحث‌و موناظەرەدا بوە • گەلێ زانای ناودار لای ئەم ذاتە ئیجازەیان وەرگـرتوە • ئەمیش خۆی ئیجازەی لە مەولانا صاڵحی حەیدەریی‌و ئیبراهیمی کوڕی عاصمی حەیدەریی وەرگرتوە •

وە لەو پیاوە بەرزانەیە کە بە خزمەتیان گـەیشتووم مەولانا مـەلا عەبدوڵڵای گەلاڵەیی ، وەگەلێ زانای گەورەی وەکوو مـەلا ئەحمەدی گەلاڵەیی‌و ، مەلا ئیبراهیمی رەمەکی‌و •• لای خوێندوویانە • ئەم ئیجازەی لە تاقانەی چەرخی خۆی ئیبن‌و ئادەم وەرگـرتوە ، ئەویش لـە عـەللامە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای بایەزیدیی وەرگـرتوە ، ئەویش لە مەولانا صیبغەتوڵڵای حەیدەری •

وە لەو پیاوە بەرزانەیە کە من بە خزمەتیان گەیشتووم مەولانا مەلا عەلی وەسانی کوردیی ، کە ئەویش ئیجازەی لە ئیبن‌وئادەم وەرگرتوە • وە ئەم مەلا عەلی‌یە لە خەلیفەکانی حەزرەتی مەولانا خالید بوەو حاشیەیەکی جوانی لەسەر حاشیەی قەرەباغی لە مەنطیقدا هەیە •

وە لەو پیاوە بەرزانەیە کـە بـە خـزمەتیان گـەیشتووم عەلـلامە عەبدولقادری صیدقی حەیدەریی بەغدادی • ( تەرجەمەی ژیانی رابورد ) ئەم ذاتە ئیجازەی لە ئەسعەدی حەیدەری وەرگرتوە ، ئەمیش لە زانـای بەرز رەسووڵی شەوەکی ، ئەمیش لە عوبەیدوڵڵای حەیدەریی •

وە لەو زانایانەیە کە بە خزمەتیان گـەیشتووم زانـای پایەبەرزو باڵادەست لە مەعقوول‌و مەنقوولدا مامم شێخ عەبدوڵڵای حەیدەریی بەغدادیی

# سەییدەکانی بەرزنجە لە نەتەوەی سەیید ئیسماعیلی ( محدث )ی کوڕی ئیمام مووسای کاظم

لەمەوبەر باسی سەیدەکانی تەکیەو سەیدەکانی حەیدەریمان کرد کە ئەڕۆنەوە سەر ئیمام حەمزەی کوڕی ئیمام مووسای کاظم • ئێستەیش باسی سەیدەکانی بەرزنجە ئەکەین کە ئەڕۆنەوە سەر سەید ئیسماعیلی ( محدث )ی کوڕی ئیمام مووسای کاظم •

وا باوە کە ئیمام مووسا نزیکەی سیو حەوت کوڕو کچی بوەو ، کوڕەکانی لە دەوری بیست کەسدانو ، ناسراوو ناوداری ناو کوڕەکانی : ئیمام حەمزەو ، ئیسماعیلی ( محدث )و ، ئیمام عەلی رەزای خۆراسانو... چەن کەسی ترن •

جا ئێستە باسی نەتەوەی ئیسماعیلو ئیسماعیل خۆی ئەکەین •

ئیسماعیل کوڕی مووسای ، کوڕی جەعفەری ، کوڕی محەمەد باقری ، کوڕی زەینەلعابیدینی ، کوڕی ئیمام حسەینی ، کوڕی ئیمام عەلی ، کوڕی ئەبی طالیبە •

ئەم ئیسماعیلە ساڵی صەدو شەصتو دووی کۆچی لە بەغدا لەدایك بوەو ، لە خزمەتی ئیمام مووسای باوکیدا بە ریوایەتو دیرایەت خوێندوویەو ، لە عیلمی حەدیسدا شارەزا بوەو ، گەلێ جار کاتی خۆی لە خزمەتی شێخ مەعرووفی کەرخیدا رابواردوەو ، پاش ئەوەی ماوەیێ لە بەغدادا تەمەنی بەسەر بردوە بە تەمای زیارەتو دیدەنی رۆیشتوە بۆ خۆراسان بۆ لای ( امام علی رەضا )ی براییو ، دوای ماوەیێ لە خۆراسانەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو ، لەوێ خەریکی خوداپەرستی بوە تا لە ساڵی دووصەدو سی کۆچیدا لە تەمەنی شەصتو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە •

پاش ئەوەی ماوەیێ لە بەغدادا دانیشتوە ڕووی کردوەتە وڵاتی عەجەمو چوە لە شاری ( مرو ) دانیشتوە ، دوای ماوەیێ لەوێوە چوە بۆ هەمەدانو ، لەوێ نیشتەجێ بوەو خەریکی خزمەتی ئایینو فێرکردنی موسوڵمانان بوەو ، گەلێ کەس بە هۆی هاوڕێتی ئەوەوە دڵو دەروونیان ڕووناك بوەتەوە • لەسەر ئەم شێوە ژیاوە تا کۆچی دوایی کردوە • دوو کوڕی لێ بەجێماوە : سەید یوسفو ، سەید عەبدوڵڵا •

جا سەید عەبدوڵڵا لە هەمەدانەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو ، لە بەغدادا خەریکی خوێندنی شەرعو حەدیثو تەفسیری قورئانی پیرۆز بوەو ، لە هەمان کاتدا لای پیاوچاکەکانی ئەوێ خەریکی تەصەووف بوە هەتا پایەیەکی بەرزی دەستکەوتوە • جا لە بەغداوە چوە بۆ ( جبل حمرين )و ، خەریکی ئیرشاد بوە هەتا کۆچی دوایی کردوەو ، نەوەکانی لەو ڕشتەکێوەدا بڵاوەیان کردوەو ، تا ئێستە بە ( بنی منصور ) ناسراونو ، ئەم بەنی مەنصوورانە جگە لە ساداتی نەعیمن •

## سەیید یوسف

کوڕی سەید مەنصووری کوڕی سەید عەبدولعەزیز •

ئەم ذاتە لە خزمەتی باوکیدا پێگەیشتوەو ، پاش کۆچی دوایی باوکی خەریکی ئیرشادو ڕێنومایی خەڵك بوەو ، بە ( شهاب الدين ) ناوبانگی دەرکردوە •

وەکوو لە کتێبی باوەڕپێکراوی ( الحدائق الندیه )دا ئەڵێ ئەم ذاتە لە ساڵی چوارصەدو چلی کۆچیدا لەدایك بوەو ، هەر بە منداڵی نیشانەو شوێنەواری ڕێزو گەورەیی لەناوچاویدا دیار بوەو ، پیاوێکی چاكو لەخوداترس بوەو ، پەیڕەوو شوێنکەوتووی زۆر بوەو ، گەلێ خزمەتی

ئاینی کردوەو ، زۆر کەرامەتی لێ دەگێڕنەوە • وە لە هەمەدانەوە هاتوە بۆ شاری بەغداو لە خزمەتی عەللامەی دنیا ئەبوئیسحاقی شیرازیی‌دا زانیاری تەفسیرو شەرعو حەدیثی خوێندوەو ، لە زانیاری‌یەکانی دیکەدا پایەی بەرز بوەو ، ناوبانگی دەرکردوەو ، لە ناو هاوچەرخەکانی خۆیدا شوێنی دیاریی هەبوە •

وە پاش تەواوکردنی خوێندن لە بەغداوە چوە بۆ ئەصفەهان‌و ، لەوێ لە خزمەتی شێخ ئەبوعەلی ( فارمدی ) نەقشبەندیدا تەریقەتی وەرگرتوەو ، سلووکی کردوەو ئیجازەی وەرگرتوەو ، بوە بە یەکێ لە پیاوچاکەکانی جیهانی ئیسلام‌و ، خۆی بۆ ئیرشادو خزمەتی ئاینی ئیسلام تەرخان کردوەو ، هاوڕێتی شێخ حەسەنی سەمنانی‌و ، شێخ عەبدوڵلای ( جوینی ) هەڵبژارد •

پاش ماوەیێ گەڕایەوە بۆ شاری هەمەدان‌و لەوێ دامەزراو ، لە هەموو لایەکەوە موسوڵمانان بۆ سلووك لە تەصەووفدا روویان تێ‌کردو پیرۆزیان لێ وەرگرت •

دەڵێن : لەو کاتەدا کە لە هەمەداندا ئیرشادی دەکرد رۆژێ چوو بۆ دەرەوەی شارو لە کەناری جۆگەیەکدا دانیشتبوو ، لەوێدا فەرمووی : فەرمانم پێدراوە بڕۆم بۆ میصر بۆ ئیرشاد • جاکەوتەڕێ‌و چوو بۆ میصرو لەوێ دامەزراو ، حەوت ساڵ لە میصردا ئیرشادی کردو ، گەلێ کەس لە هاوڕێتی ئەوەوە بەهرەمەند بوون • جا لە میصرەوە چوو بۆ ( حرمین )و حەجی کردو زیارەتی پێغەمەری کردو ، ماوەی سێ ساڵ لە مەککەدا مایەوەو گەلێ خزمەتی موسوڵمانانی کرد •

دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ شاری بەغداو ماوەیەکیش لەوێ مایەوەو ئیرشادی کرد •

وە لەم گەشتەیدا بە خزمەتی گەلێ لە پیاوچاکە خاوەن پایەو پلەکانی (مەغریب)و ، ( میصر )و ، ( یەمەن )و ، (عیراق) ••• گەیشتو ، لە وڵاتی عەجەمیشدا دیدەنی پیاوچاکانی ( خۆراسان )و ( بوخارا ) ی کردو ، سوودی لە دیدەنی‌یان وەرگرت

جا بابا عەلی پاش ئەو گەشتو گەردو گێلی جیهانە گەڕایەوە بۆ شاری هەمەدانو لەوێ دانیشتو خەریکی خزمەتو دین بوو و ، گەلێ لە موریدان بە هۆی پیرۆزیی هاوڕێتی ئەوەوە پێگەیشتن ، لەوانە : خواجە ئیسحاقی خەتلانی‌و ، شێخ مەحموودی شەبەستەریی شەرحکەری کتێبی ( گوڵشەنی راز ) •••

جا رۆژێ لە رۆژان بە هیوای دیدەنی برادەرانی کەوتە رێ بۆ خەتلانو لە رێگەدا نەخۆش کەوتو کۆچی دوایی کرد • موریدەکانی تەرمەکەیان بردووە بۆ خەتلانو لەوێ بە خاکیان سپارد •

بابا عەلی لە ساڵی شەشصەدو حەفتاو سێی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە • دوای خۆی سێ کوڕی لێ‌بەجێ‌ماوە : سەید مووساو ، سەید عیساو ، سەید محەمەدی نووربەخشی • ئەم کوڕانە هەرسێکیان لە خزمەتی خواجە ئیسحاقی خەتلانیی خەلیفەی باوکیاندا سلووکیان کردوە هەتا ئیجازەیان وەرگرتوەو گەیونەتە پایەی ئیرشادکردنی موسوڵمانان •

سەید محەمەدی نووربەخشی لە هەمەدانەوە چوو بۆ هەراتو لەوێ خەریکی ئیرشاد بوو ، تا کۆچی دوایی کرد • دوای خۆی سێ کوڕی لێ بەجێ‌ما : سەید جەعفەرو ، سەید محەمەدو ، شاە قاسم •

لە قاسم بەهائەدین‌و ، شەمسەدین بەجێ‌ماوەو ، لە جەعفەر قیوامەدین بەجێ‌ماوەو ، لەو رۆژەوە نەتەوەیان لە شاری هەراتو وڵاتی ئەفغانداا لە زیادەدان •

دودم : سەید محەمەد صادق ، کە لەسەر شوێنێکی دیاریی‌و ئەمراو بە ناوی خۆیەوە لە شارەزوور نێژراوە •

سێهەم : سەید محەمەدی ڕۆخانە کە لە دێیەك لە گوێ‌چەمی سیروان لە کۆتایی خاکی ( ئەورۆڵی پارچە ) لە جەنووبی ڕۆژاوای هەڵەبجەدا بوو دانیشتوە • ئەم ذاتە لەو شوێنەدا جیهانی بەجێ‌هێشتوەو ، لە گۆڕستانی ئەو دێدا بە خاك سپێرراوەو ، لە ساڵی هەزارو سێصەدو هەشتای کۆچیدا لە ترسی بەژێرەوە بوونی بە ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ گۆڕستانی دێی (گوندە) کە یەکێکە لە دێکانی ( ئەورۆڵی پارچە )و لەوێدا دووبارە بە خاك سپێررایەوە •

چوارەم : سەید ئیسحاق کە لە گوندی شێخانی گوێ چەمی سیروان لە خۆرهەڵاتی دێی ( ئەوسوود ) لە خاکی ( لهۆن )دا نێژراوە • ئەو ذاتە ئێستە بە سوڵطان ئیسحاق ناسراوە •

ئەم ذاتە لەسەردەمی خۆیدا کەراماتی زۆر بوە ، بەڵام هەندێ لە مەنسووبە نەزان‌و نەفامەکانی گەلێ خەرافات‌و شتی پڕوپووچ‌و بیرو باوەڕی ناڕەوا‌و نادروستیان خستە سەر ڕێبازو یاسای تەریقەتەکەی سەید ئیسحاق کە ئەو زۆر لەو شتانە دوور بوەو پیاوچاك‌و موسوڵمانی ڕاست بوە •

پێنجەم شێخ ویصال‌و ، شەشەم شێخ جەمال‌و ، حەوتەم شێخ کەمال‌و ، هەشتەم شێخ عەباس • ئەم شێخ عەباسە لە گوندی (وڵووبە)ی جەنووبی شاری سلێمانیدا کۆچی دوایی کردوە هەندێ دەڵێن : ئەو سێ کوڕەکە لە دێی ( ئاپاوا )ی شاربازێڕدا بە خاك سپێرراون • وە هەندێکی دیکە دەڵێن : لە خواری دێی ( گڵەزەردە ) وە نێژراون •

# سەیید عەبدولکەریمی کوڕی سەیید عیسا

ئەم ذاتە چاکترینی کوڕانی سەیید عیسا بوە لە بارەی زانیاریو ڕێزو گەورەیی‌یەوەو ، لە جێگەی باوکیدا دانیشتوە •

دەگێڕنەوە : کە ئەم سەیید عەبدولکەریمە خاوەن تەصەڕوفی ڕۆحیی بوەو ، هەموو مورِیدو خەلیفەکانی باوکی دانیان بەمەدا ناوە • وە شێخ عیسا خەریکی خزمەتی دینو ڕێنومایی موسولمانان بوەو ، موسوڵمانان گەلێ سوودیان لە ئامۆژگاریو پیرۆزیی ئەم ذاتە وەرگرتوە •

ئەبو سعوود ئەڵێ : ڕۆژێك بە بەردەمی گۆشەکەی سەیید عەبدولکەریمدا رابوردم ، ئارەزووی گۆشتی برژاوم کرد ، تەماشام کرد کە سەیید عەبدولکەریم لە گۆشەکەی خۆی هاتەدەرەوەو مووچەیەك پارووێەك ی بە دەستەوە بوو ، دایە دەستمو فەرمووی : ها ئەبوسعوود فەرموو بیخۆ ! کە کردمەوە تەماشام کرد گۆشتی برژاوەو ، شوێنەواری ئاگرو دووکەڵیشم لەوێدا نەبینی ، تێگەیشتم کە هەر بە کەرامەت ئەو گۆشتەی دەستکەوتوەو دای بە من •

دەڵێن : سەیید عەبدولکەریم لە زستاندا میوەی هاوینەو ، لە هاویندا شتی زستانەی لە لا دەستکەوتوە •

ئەم ذاتە لە ساڵی هەشتصەدو چلو پێنجی کۆچیدا لە بەرزنجە کۆچی دوایی کردوەو ، بایەزید کە چاکترینی کوڕەکانی بوە لە جێگەکەیدا دانیشتوە •

وە میر حەمزە سوپایەکی باش پێکەوە دەنێت‌و لەگەڵ تورکـەکاندا بەشەڕدێت‌و لە ئەنجاما لە شاری بەعقووبەدا بە دەرمانخواردکراویی کۆچی دوایی دەکات •

بەهەرحاڵ ( کابل ) لەو سەردەمەدا مودەڕیسی ئەمیر حەمزە بوەو زۆر بەڕێزو پایە بوەو ، چەن پارچە زەویی دەست کەوتوە ، وەکـوو : **دێی ( نەولو ) لە نێوان ( دەرەتفێ )و ( کانی سانان )و ( ئەی )دا •**

وە ئەم زەوی‌یانـەی وەقف‌کـردوەو ، مولکەکانی کـردوە بـە شەش بەشەوە : بەشێ وەقفی مزگەوت‌و ، بەشێ بۆ میوان‌و ، بەشێ بۆ قوتابی علم‌و ، سێ بەشەکەی دیکەی بۆ نەوەی نێرینەی خۆی •

وە بەم شێوە ژیانی بەسەربردوەو ، خەریکی دەرسوتنەوەو خزمەتی دین بوەو ، گـەلێ موریدی باشی بوەو ، گـەلێ زانـا لـە لای ئـەو خوێندوویانەو لە سەر دەستیدا پێگەیشتوون • یەکێ لـە موریدەکانی پیرمصطفا بوە کە ئێستە بە پیرصەفا ناسراوەو ، گۆڕەکەی لـە نـزیکی گوندێکدایە بەو ناوە • وە لەو زانایانەیە کە لە سەردەستیدا خـوێندنیان تەواوکردوە ( عەللامەی کازرونی ) کە لە لاواندنەوەی مامۆستاکـەیدا دەڵێت • مامۆستام ئەگەرچی شافیعی مەذهەب بوو بـەڵام لـە شەرعـی حەنەفیدا ئەبویوسفی دوەم بوو •

دەڵێن : کابل لە مێژووی هەشتصەدو بیست‌و سێی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە • جا ئەگەر ئەو قسە راست بێ کـە ( کابل ) کـوڕی سەیید مەحموودی کوڕی سەیید عەبدولکەریمە ئەبێ لە پاش ئەو مێژوە کۆچی دوایی کردبێت •

## سەیید حسەینی کوڕی سەیید بایەزید

ئەم ذاتە کە چاکترینی نەوەی سەیید بایەزید بوە لە جێگەی باوکیدا

ناوەوەی وەکوو یەك بن • وە فەرموویەتی : ئەگەر هەموو ئەهلی دنیا دوژمنی تۆ بن بە قەد نەفسی خۆت زیانت لێ نادەن • وە فەرموویەتی : سەفەرکردن بۆ سالیك هۆی پەرێشانی‌یەو ، بۆ کامڵ نەبێ بە هۆی جەمعی‌یەت • ئەم ذاتە تەریقەتی خەلوەتی‌یەی بەکارهێناوەو • لە مێژووی نۆصەدو چل‌و شەشدا لە بەرزنجە کۆچی دوایی کردوەو ، سەید قەلەندەر باشترینی کوڕانی بوەو لە جێگەکەیدا دانیشتوە •

## سەیید قەلەندەری کوڕی عەبدوسسەیید

ئەم ذاتە لە پیاوچاکە گەورەکانی کورد بوەو تاقانەی سەردەمی خۆی بوەو ، گەلێ شوێنەواری باشی بوە • زیاد لەوە کە لە خزمەتی باوکیدا سلووکی کردوە •• لە خزمەتی شێخ محەممەد قاسمیشدا لە بەغدا سلووکی کردوەو ئیجازەی ئیرشادی لێ وەرگرتوەو ، زیارەتی گەلێك لە پیاوچاکانی کردوە • لە ئەنجامدا لە دێی بەرزنجە لەسەر سەجادەی ئیرشاد دانیشتوەو لەوێ نیشتەجێ بوە • گەلێ واتەی بەسوودی لێ ئەگێڕنەوە لەوانە : وەلیی ئەوەیە ناوو شۆرەتی نەوێت • صابیرو خۆگر ئەوەیە شکات لە بەلاو ئازار نەکات •

مەلا رەحیمی جوانرۆیی کە لە خەلیفەکانی ئەو بوە دەڵێت رۆژێك سەید قەلەندەر لە شوێنێکی سارادا دانیشتبوو گەلێ حەیوانە کێوی بەدەوری‌یەوە بوون ، کاتێك کە من لێی نزیك بوومەوە هەموو بلاوەیان لێ کرد • منیش لێم پرسی : هۆی چی‌یە ئەو حەیوانانە بە ئارامیی لە دەوری تۆدا دەسوڕان کە من نزیك بوومەوە رایان کرد ؟ فەرمووی : هەتا صیفەتی خودبینی لە لای ئینسان بمێنێ هەموو حەیوانێ سڵی لێ ئەکات • وە فەرموویەتی : صیفەتی ( زوهد ) لە ( وەرع ) گەورەترە ،

مودەڕیس و ، پاش ماوەیەکیش بوە بە موفتیی مەدینە تا لە سالی ۱۱۰۳ دا کۆچی دوایی کردوە ٠

ئەم ذاتە گەلێ نەتەوەی زانای لێ بەجیّماوە وەکوو : سەیید جەعفەری بەرزنجیی کە لە مەدینەی مونەووەرەدا ناوبانگی دەرکردوەو زانایەکی گەورە بوەو ، نەتەوەی لە مەدینەدا ماون وەکوو سەیید ئیبراهیمی (محدث) ٠

ئەم سەیید ئیبراهیمە ، بە گوێرەی ئیجازەی هەندێ ( محدثین ) زانایەکی بەرزی حەدیث بوە ٠ پاش ماوەیەك کە لە مەدینەدا بوە هاتوەتەوە بۆ خاکی نیشتمان و پاشاکانی بابان ڕێزیان گرتوەو ، لە دێی (بەردەزەرد)ی نزیکی قەلاچوالاندا بە مودەڕیسی دامەزراوەو گەلێ خزمەتی زانست و ئایینی کردوەو ، ئەنجام هەر لەو دێدا کۆچی دوایی کردوەو سەیدەکانی بەردەزەرد لە نەتەوەی ئەم سەیید ئیبراهیمەن ٠

بەم گوێرە کە لە سەیید ئیبراهیمی بەردەزەرد پێنج کوڕ بەجیّماون ٠ سەیید محەممەدو ، سەیید ئەبوبەکرو ، سەیید عومەرو ، سەیید عوثمان و ، سەیید عەلی و ، دووکچ : فاطیمەو ، بەلقیس و ٠٠ سەیید محەممەد کوڕی گەورەی سەیید ئیبراهیم لە دێی ( قەلاتە ) دا کۆچی دوایی کردوەو ٠٠٠ هاتنەوەی سەیید ئیبراهیمی کوڕی سەیید محەممەدی مەدەنی لە مەدینەوە بۆ خاکی بابان و دامەزراندنی لە دێی بەردەزەرددا ٠٠ موتەواتەرەو جێگەی گومان نی یە ٠٠٠

قسەی شێخ مارفی ڕیشەلانیش لە کتێبی ( أنساب ) ەکەیدا کە ئەلێ : سەیید ئیبراهیمی کوڕی شێخ بابا ڕەسوولی نەتەوەی نەبوە ٠٠ زیان لەم مەبەستی ئێمە نادا ، چونکی ئەو ئیبراهیم ناوە کە شێخ مارف باسی ئەکات شێخ ئیبراهیمی کوڕی شێخ بابا ڕەسوولەو ، ئەم سەیید ئیبراهیمی بەردەزەردە کوڕی سەیید محەممەدی مەدەنی و کوڕەزای بابا ڕەسولە ٠

باش ئاگاداری ئەم مەبەستە بن ٠

# شێخ مەعرووفە کۆستە

کوڕی شێخ ئیسماعیلی ، خەلیفەی شێخ محێدینی کەرکووك بوە ، کە کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە • ئەم شێخ مەعرووفە خاوەنی کەشف‌و کەرامەت بوەو ، لەقەبی سیراجەدینی بوەو لە سالّی هەزارو دووصەدو سی‌و شەش لە دێی ( کانی‌کەوە )دا کۆچی دوایی کردوەو نەوەی نەبوە •

# شێخ عەبدوڵڵا

کوڕی شێخ ئیسماعیل لە دێی ( کانی خاکیی ) دانیشتوەو ، لە دێی خۆرنەوەزان بە خاك سپێرراوە ، تەنها کوڕێکی بوە ناوی شێخ مصطەفا بوە ، بەڵام لە شێخ مصطەفا نەتەوەیەکی زۆر کەوتوەتەوە •

# شێخ مەحموود

کوڕی شێخ ئیسماعیل ، ئەم ذاتە پێنج کوڕی بوە : عەبدوصەمەدو ، ئاغا محەمەدو ، ئەحمەدو ، حەسەن‌و ، حسەین • سیانە پێشوەکان بێ نەوە سەریان‌ناوەتەوە • شێخ حەسەنیش کە بە شێخ حەسەنی (هەشەزین) ناوبانگی دەرکردوە لە سالّی هەزارو دووصەدو سی‌و چواردا کۆچی دوایی کردوەو ، چوار کوڕی لێ بەجێ‌ماوە : عەبدولقادرو ، محەمەدو ، ئەحمەدو ، عەبدولعەزیز • جا عەبدولقادر جێگەنشینی باوکی بوەو دوو کوڕی لێ بەجێ‌ماوە : مەعرووف‌و ، کاکە حەمە • لە مەعرووف عەبدولقادرو ، لە عەبدولقادریش عارف‌و ، محەمەدعەلی‌و ، لە کاکە حەمە میرەسوورە بوە •

# شێخ حەسەنی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ

ئەم ذاتە لە ساڵی هەزارو هەشتاو شەشی کۆچیدا لە گوندی (نۆدێ) نەدایك بوەو لە ساڵی هەزارو صەدو هەشتاو پێنجی کۆچیدا لە دێی ( گڵەزەردە ) لە سنووری قەرەداغدا کۆچی دوایی کردوە •

پیاوێکی زاناو ، عاقڵو ، هۆشیارو ، پیرۆز بوە • شارەزایی لە زانیاری‌یە باوەکاندا وەکوو : ( نەحو )و (صەرف )و ــ بەلاغە ــو ( مەنطیق )و ( فقە )و اصول فقە و اصو لدین و تەفسیری قورئانی پیرۆز •••• دا بوە •

هەروا زانا بوە بە ( علومی باطن ) کە بریتی‌یە لە تەصەووف بە یاسای شەریعەتی ئیسلامو ، گەلێ کەرامەتی لێ‌دەرکەوتوەو ، لە تەصەڕوفاتی دەروونیشدا خاوەن پایە بوە •

وە ئەوەندە خاوەنی رەوشتی بەرز بوە کراوە بە نموونە بۆ بەڕەوشتان • وە لە سەردەمی شێخ محەمەدی نۆدێی باوکیداو بە فەرمانی باوکی لای شێخ عەبدوڵڵای ( سویری ) ــ کە گوندێکە لە شاربازێڕ لە نزیکی چنگنیاندا ــ کە ئەو شێخ عەبدوڵڵایش خەلیفەی شێخ محەمەدی نۆدێ بوە •• سلووکی کردوەو ، ئیجازەدراوە بۆ ئیرشادو ، لە بەغدادیشا بە خزمەتی شێخ ئەحمەدی ئەحسائی گەیشتوەو ، تەمەسوکی پێ‌کردوەو لە خزمەتی شێخ ئیسماعیلی براگەورەیدا سلووکی کردوەو ، شێخ ئیسماعیل خەرقەی ئیجازەی بۆ ئیرشادکردن کردوەتە بەری •

**السيد عبدالله ، ابن السيد عبدالعزيز ، ابن السيد محمد ، ابن السيد بابا علي ابن السيد رضا ، ابن السيد علي ، ابن السيد احمد ، ابن السيد عبدالجبار ، ابن السيد حسن كلەزەردە ، ابن السيد محمد النودهى ، ابن السيد علي ، ابن السيد بابا رسول ، ابن السيد عبدالسيد الثانى ، ابن السيد عبدالرسول ، ابن السيد قلندر ، ابن السيد عبدالسيد ، ابن السيد عيسى الاحدب ، ابن السيد حسين ، ابن السيد بايزيد ، ابن السيد عبدالكريم ، ابن السيد عيسى النوربخشى البرزنجي ، ابن السيد بابا علي الهمدانى ...**

تا کۆتایی شەجەرەی بەرزنجە .

## سەید عەبدوصەمەدی کوڕی شێخ حەسەن

ئەم ذاتە نازناوی ( فضل‌الدین ) بوە ، هەر لە منداڵی‌یەوە خەریکی بەندەیی‌کردن بۆ خودا بوەو . خەریکی خوێندنیش بوە ، پاش ئەوە کە توانای پەیداکردوەو لە شت تێگەیشتوە چوەتە خزمەتی مەلا محەمەدی جێشانەو ، لای ئەو خوێندوویە تا لە زانیاری‌یەکاندا سەرامەد بوە .

دوای ئەوەیش لای شێخ محێدینی برای خەریکی تەریقەت بوە تا وای لێ‌هاتوە ئیجازەی داوە پێی .

شێخ مەعرووفی نۆدێیی گەلێ ستایشی ئەم سەید عەبدوصەمەدەی کردوە .

ئەم سەید عەبدوصەمەدە گەلێ کەسی لە تەریقەتدا پێگەیاندوە . لەوانە : شێخ حسەینی قازان‌قایەو ، شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەحەسەن‌و ، شێخ ئەحمەدی‌ئیسام ... هەموو لە خزمەتیدا خەریکی تەریقەت بوون‌و ئیجازەیان لێ وەرگرتوە .

یاسای شێخ عەبدوصەمەد وا بوە لە پێش نوێژی نیوەڕۆدا دەرسی گوتوەتەوەو ، پاش نوێژی عەصر خەریکی ئادابی تەریقەت بوەو ، شەوان

## شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسە

ئەم شێخ ئەحمەدە لە دۆڵبەموو لەدایك بوەو ، خوێندوویەو بوە بە زانایەکی بەرزی بەڕێز ، هەروا لە خزمەتی باوکیشیدا خەریکی تەریقەت بوە هەتا پێگەیشتوە ، جا لە دۆڵبەمووەوە چوە بۆ دێی ( بێلو )ی سەر بە مەریوان‌و لەوێ دانیشتوە •

لەم شێخ ئەحمەدە شێخ عەبدوڵڵاو ، شێخ ڕەزا بوە • شێخ عەبدوڵڵا هەر لە بێلو ماوەتەوەو دوو کوڕی لێ‌بەجێ‌ماوە ، شێخ محەمەدو ، شێخ مەحموود کەهەر لەوێ ماونەتەوە •

بەڵام شێخ ڕەزای کوڕی شێخ ئەحمەد چوە بۆ دێی ( هەنگەژاڵ )ی سەر بە ( بانە )و لەوێ دانیشتوەو ، لەم شێخ ڕەزا : شێخ عەلی‌و ، شێخ محەمەدو ، شێخ محێدین‌و ، شێخ عەبدولقادر بەجێ‌ماون •

## شێخ عەلی کوڕی شێخ ڕەزا

ئەم ذاتە موریدی حەزرەتی کاك ئەحمەد بوەو ڕۆیشتوە بۆ ناوچەی موکریان‌و لە دێی ( قەباغلوجە )دانیشتوەو ، خەریکی ئیرشاد بوە تا کۆچی دوایی کردوە • دوو کوڕی لێ‌بەجێ‌ماوە : شێخ فەرەج‌و ، شێخ حەسەن •

وە لە شێخ محەمەدئەمینی ، کوڕی سەیید عەلیی ، کوڕی شێخ ڕەزای ، کوڕی شێخ ئەحمەدی بێلو تاقە کوڕێ بەجێ‌ماوە ناوی شێخ عەلی بوە •

وە لە شێخ ڕەزای ، کوڕی سەیید عەلیی ، کوڕی شێخ ڕەزا کە لە دێی ( سوورێن )ی سەر بە بانەدا دانیشتوە سێ کوڕ بەجێ‌ماون : کاکە حەمەو ، بابا عەلی‌و ، شێخ حسەین •

زانراوه •• ئەم ذاتە زیاد لە عیلمی تەصەووف لـە هـەموو زانیاری‌یە ئایینی‌یەکاندا زۆر بـەرزو بـاڵادەست بـوەو ( فاضلی کازرونی ) کـە شاگردی بوە ئەڵێ : مامۆستام هەرچەند شافیعی مەذهەب بوو بەڵام لـە فیقهی حەنەفیدا ئەبو یوسفی دوەم بوەو ، تاقانەی چەرخ‌و رۆژی خـۆی بوە • وە لە مێژووی کۆچیدا نووسیویەتی :

توفی ـ رحمه الله ـ ليلة الجمعة غرة ذی الحجة الحرام عام ثلاث وعشرين وثمانمائة من هجرة خير الانام •

٢ ـ سەید محەمەدی مەدەنی کوڕی بابا رەسووڵ ئەم ذاتـە موفتی مەدینەی مونەووەرە بوەو گەلێ دانراوی هەیە ، وەکوو ( الاشاعة فـی اشراط الساعة ) •

٣ ـ شێخ حەسەنی گلەزەردە کە یەکێ لـە گـەورەو پیاوچـاکانی سەردەمی خۆی بوەو ، لە گەورە زاناکانی چەرخی خۆیشی بوە •

٤ ـ شێخ محێدینی کوڕی شێخ حەسەنی گلەزەردە •

٥ ـ شێخ حسەینی ئەلمەعبی کوڕی شێخ بایەزیدی کوڕی شێـخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ بابا رەسووڵ •

شەشەم‌و ، حەوتەم‌و ، هەشتەم : شێـخ عـەبدولکەریم‌و ، شێـخ عەبدوڕەحیم‌و ، شێخ عەبدوللەطیف • کـوڕانی شێخ قاسمی ، کـوڕی شێخ حەسەنی ، کوڕی بایەزیـدی ، کـوڕی ئیسماعیلی ، کـوڕی بابا رەسووڵ •

نۆهەم : شێخ طاهای گەورە ، کوڕی شێخ رەسووڵی ، کوڕی شێخ بایەزیدی ، کوڕی شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ بابا رەسووڵ •

دەهەم : شێخ حەسەنی ، کوڕی شێخ مارفی ، کوڕی شێخ حەسەنی گلەزەردە • کە بە شێخ حەسەنی دوەم بە ناوبانگ بوەو ، خاوەنی دانراوی ( بحر الانساب ) ی کۆنە •

عەلی‌رەضا ، ئیبراهیم ، زەید ، عەقیل ، فەضل ، هارون ، عەون ، حەسەن ، حسەین ، حەمزە ، جەعفەر ، عەبدوڵلا ، یەحیا ، ئیسحاق ، ئەحمەد ، محەمەد ، قاسم ، سولەیمان ، عوبەیدیللا •

جا گیانی باوکت عەبدوڕەحمان ! ئێمە لەم شوێنەدا بە ئەندازەی پەیوەندی نەسەبی خۆمان بە ئیسماعیلی ( محـدث )ەوە باسی نـەوەی ئیسماعیلی (محدث) ئەکەین‌و ئەڵێم : کوڕی ئیمام مووسای کاظمەو کونیەی (ابو العباس) بوەو ، لە ساڵی صەدو شەصت‌و سێدا هاتوەتە دنیاو ، لە ساڵی دووصەدو دووی کۆچیدا لە جیهان دەرچوەو ، ئارامگای لە شاری بەغداد لە بەری کەرخدایە • وە هەندێ دەڵێن : ئارامگای لـە خـواری دێی ئەسبەرێزی هەورامانی ئێراندایە •

وە لە پاش کۆچی دوایی ئەو سەید عەبدوڵلای کـوڕی لـە سەر وەصیەتی باوکی لە جێگەیدا دانیشتوەو ، پاش ماوەیەك چوە بۆ خۆراسان‌و لەوێ کۆچی دوایی کردوە • وە پاش کۆچی دوایـی سەید عەبدوڵلا سەید عەبدولعەزیزی کوڕی لە جێگەیدا دانیشت • وە لە پاش کۆچی دوایی ئەمیش سەید محەمەد مەنصووری کوڕی لە جێگەیدا دانیشت‌و ، لە خۆراسانەوە چوە بۆ شاری هەمەدان‌و لەوێدا لە جیهان دەرچوە •وە لە پاش ئەمیش دوو کوڕ بەجێ‌ماوە : محەمەد یوسف‌و ، عەبدوڵـلا • محەمەد یوسف لە هەمەدان دانیشتوەو ، عەبدوڵلا گەڕاوەتەوە بۆ شاری بەغداو پاش ماوەیەك لە بەغدادەوە چوە بۆ ( شارەبان ) • لـە شارەباندا شێخێك بوە ناوی بابا یەحیا بوە ، کچێکی ( لوئلوئە ) ناوی بوە داوی‌یە بەم سەید عەبدوڵلاو لێی مارە کردوە •

جا خودا بە میهرەبانی خۆی لەم ژنە دوو کوڕی پێداوە : عەباس‌و ، مەنصوور•وە پاش کۆچی دوایی سەید عەبدوڵلا کە کونیەی ئەبولعەباسی دوەم بوە ، سەید عەباسی کوڕی لە شارەبان نەماوەو لەوێوە چوە بـۆ

( خدر آباد ) • وه لەوێ رۆستەم ناوێ بوە کچێکی بو، بە ناوی یاسەمین مارەی کردوە لە سەید عەبدوللاو ، خودا کوڕێکی پێ بەخشیون ناویان ناوە ئیبراهیم • جا مەنصووریش لە شارەباندا ماوەتەوەدو ، نەتەوەی ئەو لەو ولاتەدا بە ( بنی منصور ) ناوبانگیان دەرکردوە •

وە سەید ئیبراهیم پاش مردنی باوكو دایکی رێگەی کوردستانی گرتوەتەبەرو ، بە چەن دەردیسەر هاتوون هەتا گەیشتوونەتە شارەزوورو ، لە خۆرهەلاتی شارەزووردا لە دێیەکدا کە ناوی (جبراوا) بوە نیشتەجێ بوە • ئەم دێ ئێستە وێرانەو شوێنەواری لە نزیکی ( سەرگەت ) دایە ، لە نێوان گۆڕستانی باوەیسو دێی سەرگەتا •

وە پاش ماوەیەك سەید ئیبراهیم ناوبانگی سەید مصطەفای عورەیضی ئەبیسێ کە ذاتێکی خاوەن پیرۆزیی بوە لە هەورامانی تەختدا بە (پیرشهریار) ناسراوە • وە ئەچێ بۆ زیارەتی ، کاتێك بە خزمەتی ئەگات زۆر رێزی لێ‌ئەگرێ ، ئەمیش ئەچێتە ناو مەسلەكو رێبازی ئەوو ، ماوەی دوو ساڵ بەو جۆرە ئەمێنێتەوە ، هەتا فێری شێوەی هەورامیش دەبێت •

سەید ئیبراهیم لە یاداشتی خۆیدا نووسیویەتی ئەڵێ : لە صەد کەس زیاترم لە گەورەو بچووك بینیوە لە خزمەتی سەید مصطەفای عورەیضیدا بوونو ، لە ئادابو سولووكو بەندەیی‌کردندا سوودیان لێ‌وەرگرتوەو ، دەرزیان لە لا خوێندوە •

لەگەڵ ئەمەیشدا کابرایەك بوە گەورەی دنیایی شوێنەکە بوەو ، پێیان وتوە : ( شالیارە سیاو ) هێشتا هەر لەسەر یاسای کۆنی ( مجوسی ) ـ ئاگرپەرستەکان ـ بوو ، وە ئەو خەلکە مودارایان لەگەلدا دەکرد •

جا پاش ماوەی ئەو دوو ساڵە سەید ئیبراهیم ئەڵێ : بە سەید مصطەفای عورەیضیم وت : کە رێگەی داهاتووی من چی‌یە ؟

وه له ڕەسووڵ طاهاو ، یاسین‌و ، شاخەوان‌و ، پشتیوان‌و ، فەهمی بـوون •

وه له حەسەن ئومێدو ، مەجید بوون • وه له صادق سەلام بوه •

له حەیدەریش فاتیح‌و ، نەصرەدین‌و ، محەمەدو ، ناجی بوون •

وه له شێخ عەبدوڕەحمان فایەق‌و ، نوورەدین‌و ، فەریق‌و ، جەمال بـوون •

وه له مەحموود فاڕووق‌و عەواد بوون • وه لـه سەیید عەزیزی کوڕی سەیـید محەمـەد محێدین بـوەو ، له محێـدین محەمەدو ، لـه محەمەدیش نەصرەدین بوه •

وه له سەیید مصطفەای کوڕی سەیید محەمەد سەیید ئەحمەدو ، مارف‌و ، فەرەج بوه •

وه له فەرەج فەتاح‌و ، حسەین‌و ، ئەحمەد بوون • وه لـه فەتـاح نووری‌و ڕەئووف بوون •

وه له شێخ یەحیای کوڕی سـەیید محەمەد نادر بوەو ، لـه قـادر سەلام‌و عـەلی بـوون‌و ، له سـەلام مصطفەاو ، ڕەشیدو ، لـه عـەلی ئەمین بوه •

وه له شێخ طاهای کوڕی سەیید مجەمەد عەبدوڵلاو یاسین بوون • وه له عەبدوڵلا محەمەد بوه •

وه له سەیید عەلی ، کوڕی سەیید وەسیمی ، کوڕی شێخ موئمینی سازانی سەیید عەبدوڵلا بوه ، له سەیید عەبدوڵلاڵ حسەین بوه • وه له شێخ حسەین شێخ ئەمین‌و ، شێخ عەبدوڕەحمان بەجێ‌ماون •

شێخ ئەمین خوێنـدوویەتی‌و له پایەکانـی زانیـاری ئاینیـدا سەرکەوتوەو ئیجازەی وەرگرتوه • ئەم ذاتـه پیاوێکی بەڕێزو پایەبەرز بوه • برادەری مەلا قادری مەلا موئمین‌و ، مامۆستا مەلا عـەبدوڵلای شێخ قادرو ، مەلا مەحموودی کۆکۆیی بوه • نوکتەو قسەی خۆشیان

زۆر لێ‌ئەگێڕنەوە • لەم شوێنەدا جێگەی نووسینیان نی‌یە •

ئەم ذاتە چوە بۆ حەج‌و ، لەسەر دۆعای خۆی لە حیجازدا کۆچی دوایی کردوەو ، تاقە کوڕێك لە دوای بەجێ‌ماوە ناوی محەمەدە •

محەمەدی حاجی شێخ ئەمین خوێندی‌و بوو بە زانایەکی باش‌و لە رەوشت‌و قسەی خۆشدا وەکوو باوکی وابوو ، گەلێ رەوشتی پیاوانەی تێدا بوو ، بەداخەوە مەرگ مۆلەتی نەداو ، لە پێش ژن‌هێناندا کۆچی دوایی کرد •

کچی حاجی شێخ ئەمین شووی کرد بە شێخ ئەحمەدی موفتی ، لەم کچەنەتەوەیەکی پاك کەوتوەتەوە ، یەکێ لەوانە شێخ نەصرەدینی کوڕی شێخ جەلالی کوڕی‌شێخ ئەحمەدە ، کە ئێستە لە زانکۆی شەریعەدا دەخوێنێ • خودا سەرکەوتووری بکات • وە لە شێخ عەبدوڕەحمان دوو کوڕ بەجێ‌ماوە : شێخ عەبدوڕەحیم‌و ، شێخ رەزا •

جا لە شێخ عەبدوڕەحیم صالح‌و ، محەمەدو ، عەلی بەجێ‌ماون • لە محەمەد عەبدولباقی‌و ، لە عەلی کەریم‌و ، محەمەدو ، مصطەفاو ، ئەحمەد بەجێ‌ماون • صالح نەتەوەی دیار نی‌یە •

وە لە شێخ رەزا حەسەن‌و ، عەبدوڵلاو ، ئەحمەدو ، عەبدولقادر ، بەجێ‌ماون •

جا لە حەسەن حسەین‌و ، لە حسەین مەحموودو ، حەسەن بەجێ‌ماون • وە لە عەبدوڵلا عومەرو ، عوثمان‌و ، عەلی بەجێ‌ماون • ئەحمەد نەتەوەی نەنووسراوەو دیار نی‌یە •

وە لە عەبدولقادر وەهاب‌و ، ناصرو ، مەنصوورو حەیدەر بەجێ‌ماون •

جا لە وەهاب نەجمەدین‌و ، بەهادین‌و ، لە ناصر طەیب‌و ، ئەیوب‌و • لە مەنصوور بورهان‌و ، عیرفان‌و ، عادیل بەجێ‌ماون •

وە نەتەوەی حەیدەر نە نووسراوە •

سەردەمی بەهادینی کوڕیدا کراوە بە خانەقاو جێگە بۆ ئیرشادکردنی موسوڵمانانو خزمەتی ئاینی ئیسلام •

وە ئەم ذاتە لە ماوەی ئیرشادیدا ، واتە لە مێژووی هەزارو دووصەدو سیویەکی کۆچییەوە تا کۆچی دوایی کردوە ، یەعنی پەنجاو سێ ساڵ گەلێ کەسی پێگەیاندوەو ، ناوی هەندێ لەو ذاتانە ئەنووسرێن ( ان شاء الله ) •

## کوڕانی شێخ عوسمانی سیراجەدین

وەکوو زانیومانە ئەم ذاتە بەڕێزە شەش کوڕی هەبوە : عەبدولحەکیمو ، مەعرووف • عەبدولحەکیم بە منداڵی مردوە • مەعرووفیش گەورە بوەو ، ژنی هێناوە ، بەڵام نەچوەتە تەریقەتەوە • وە لە ژیانی باوکیدا کۆچی دوایی کردوەو ، کوڕێکی بوە ناوی عەبدولقادر بوە ئەمیش نەچوەتە تەریقەتەوە •

بەڵام چوار کوڕەکەی دیکەی کە ناویان : محەمەد بەهادینو ، عەبدوڕەحمان ئەبولوفاو ، عومەر ضیائەدینو ، ئەحمەد شەمسەدینە ، لە خزمەتی باوکیاندا سلووکیان کردوە • وەکوو لەمەولا باسیان دەکەین •

## سەفەرەکانی شێخ عوسمان سیراجەدین

ئەم ذاتە لە سەردەمی ئیرشادکردنیدا بۆ کۆیسەنجەقو ، کەرکووکو ، بەغدا چوە • وە لەم لاوە سەفەری جوانڕۆو شاری سنەی کردوە • وە هەموو ئەم سەفەرانەی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی دینو ئیرشادکردنو خزمەتی موسوڵمانان بوەو ، موسوڵمانان سوودیان لە دیدارو چاوپێکەوتنی وەرگرتوە •

شێخ محەمەد بەهادین نووسەرو ئەدیب بوەو ، گەلێ لە شیعرەکانی لە کتێبی ( یادی مەردان ) ا نووسراونو پیاوێکی سالارو خاوەن پایە بوەو ، لە گەلێ کاروباری دنیادا خاوەن بەختو کامەران بوە ، بەڵام بە داخەوە گیرۆدەی ( سەرئێشە ) بوەو لەو رۆژەدا گەلێ خەریکی دەرمانکردنی بوە بەڵام بێ سوود بوە •

ئەم ذاتە لە ساڵی هەزارو دووسەدو نەوەدو هەشتی کۆچیدا لە دێی تەوێڵە کۆچیدوایی کردوەو ،لە خزمەتی باوکیدا بەخاك سپێرراوەو ، پێنج کوڕی لێ بەجێماوە : شێخ عەلی حیسامەدینو ، شێخ صادقو ، شێخ مەظهەرو ، شێخ جەعفەرو ، شێخ محەمەدی ناسراو بە کاکە شێخ • ئەم کوڕانە هەموو نەتەوەیان لێ کەوتوەتەوە •

## حاجی شێخ عەبدوڕەحمانی ئەبولوەفا کوڕی شێخ عوسمان

ئەم ذاتە لە وەرزی بەهارا لە پێنجی مانگی موحەڕەمی ساڵی هەزارو دووصەدو پەنجاو سێی کۆچیدا لەدایك بوە • دایکی ئەم کوڕە برازای حەزرەتی مەولانا خالید بوە •

ئەم کوڕە هەڵکەوتووو زرنگ بوە ، پاش هۆشکردنەوەو خۆناسینەوە لە خانەدانی خۆیاندا خوێندوویەتیو ، لە خزمەتی مەلا مەحموودی دشەیدا قورئانی خوێندوەو ، لە لای مامۆستا مەلا حامیدی کاتب نەحوو صەرفی خوێندوە • هەروەها لە خزمەتی حاجیمەلائەحمەدی نۆدشەو ، سەید عەبدوڕەحیمی مەولەویدا خوێندوویەتیو بوە بە زانایەکی پێگەیشتووو ، گەلێ حاشیەی لەسەر عەقیدەی کوردی مەولەوی هەیە •

ئەم ذاتە لە پاش خۆناسینەوە دەستی کردوە بە خوێندنو قورئانی پیرۆزی لە خزمەتی مامۆستا مەلا مەحموودی دشەییدا تەواو کردوە ، دوای ئەوە کتێبە وردەکانی خوێندوەو دەستی کردوە بە خوێندنی نەحوو صەرفو ، لە هەمان کاتدا لە خزمەتی باوکیدا تەمەسوکی کردوەو تەریقەتی وەرگرتوەو ، باوکی کارو باری سلووکی ئەوی داوەتە دەست شێخ محەمەد بەهادینی براگەورەیی و ، ئەویش تەربیەتی کردوە هەتا بە تەواوی پێگەیشتوەو ، ئیجازەی خەلافەتی بۆ نووسیوەو تەسلیمی کردوەو ، من خۆم ئەو ئیجازە نامەمە خوێندوەتەوە •

ئەم ذاتە لەگەڵ ئەوەدا کە لە تەریقەتدا ئیجازەی هەبوە •• هەتا شێخ محەمەد بەهادین لە ژیاندا بوە بە یاسای موریدیی لە خزمەتیدا رەفتاری کردوەو ، پاش ئەوە بە دوو ساڵ واتە لە ساڵی هەزارو سێصەدو یەکدا لە تەوێڵەوە گواستوویەتییەوە بۆ ( بیارە ) و خانووی کردوەتەوەو خەریکی ئیرشادکردن بوە•دوای ئەوەی کە لە بیارەدا دانیشتوەو لە نزیکی مزگەوتی دێی بیارەدا خەریکی ئیرشادو خزمەتی دینی ئیسلامو تەمێی موریدەکان بوە •

وە لە مێژووی هەزارو سێصەدو یەکدا چوە بۆ گەرمیانو خانەقای قزڕەباتی کردوەتەوەو ، لە مێژووی هەزارو سێصەدو سێدا خانەقای خانەقینی دروستکردوەو ، لە ساڵی هەزارو سێصەدو شەشیشدا خانەقای شاری کفریی کردوەتەوەو ، لە ساڵی هەزارو سێصەدو حەوتیشدا خانەقای بیارەی کردوەتەوەو ، قەرارگای ئیرشادو تەربیەی موریدەکان هاتوەتەوە خانەقاو مزگەوتی بیارەی بەجێهێشتوە • وە لە ساڵی هەزارو سێصەدو سێدا ناردوویەتی بە شوێن مەولانا عەبدولقادری مودەڕیسدا کە لە لای ( امین السادات ) بوە لە دێی ( کوچك چەرموو ) لە دەورو بەری شاری سنەداو هێناویەتی کردوویەتی بە مودەڕیس لە

دەی مانگی موحەڕەمی ئەو ساڵەدا لە بیارە کۆچی دوایی کردوەو ، لە پشتی باوکی‌یەوە لە ژوورەکەی ئەودا نێژراوە •

ئەم ذاتە نۆ کوڕی لێ بەجێماوە • دیاریتریان شێخ نوورەدین بوە کە لە جێگەکەیدا دانیشتوەو ، پاش ساڵو نیوێك کۆچی دوایی کردوەو لە هەمان ژووردا بە خاك سپێرراوە •

## شێخ عەلادینی کوڕی حەزرەتی ضیائەدین

لە روی هەزارو دووصەدو هەشتای کۆچی لە دێی تەوێڵە لەدایك بوە • پاش فام‌کردنەوە لەگەڵ شێخ نەجمەدیندا بەیەکەوە خوێندوویانەو قورئانی پیرۆزیان تەواو کردوە•دوای‌ئەوە کتێبە وردەکانی خوێندوە • جا دەستی کردوە بە زانیاری‌یەکانی : نەحوو ، صەرفو ، شەرع • هەتا گەیشتوەتە مادەی ( سیوطی ) • لە هەمان کاتیشدا لە زیانی شێخ محەمەد بەهادینی مامیدا لای ئەو سلووکی کردوە ، پاش ئەو لە خزمەتی باوکیدا لە بیارە سلووکی کردوەو ئیجازەی ئیرشادی پێدراوە• وە لە ژیانی باوکیدا لەسەر فەرمانی ئەو رەفتاری کردوەو رێبازی موریدو تەریقەتی بەجێهێناوە •

وە پاش کۆچی شێخی ضیائەدین لە مانگی شەوالی ساڵی هەزارو سێصەدو هەژدەی کۆچیدا بە سێ چوار مانگ لە بیارە دەرچوەو ، لە ( دەرەشیش )ی ژووروودا خانووو خانەقای کردوەتەوەو خەریکی ئیرشاد بوە • بەم شێوە تا ساڵی هەزارو سێصەدو بیستی کۆچی لەوێ ماوەتەوە • جا لە بەهاری ئەو ساڵەدا لە دەرەشیش گوێزاوی‌یەتی‌یەوەو چوە بۆ هەورامانی ئەودیوو لە ( سەوڵئاوا ) کە شوێنی کوڕانی شێخ محەمەد صادقی وەزیری‌و باوانی خێزانەکەی بوون •• نیشتەجێ بوەو خەریکی ئیرشاد بوە •

ئێستەیش لە شاری سلێمانیدا نیشتەجێ بـوەو ، چـاوەڕێی ڕەحمەتی خودایە •

وە لە کـوڕانی شێـخ عـەلادین : محەمەد زاهیدو ، موختـارو ، محەمەدە •

محەمەد زاهید لە ساڵی هەزارو چوارصەدو دوودا لە کرماشان لە جیهان دەرچوە •

محەمەدیش لەسەر زەوی‌و زاری خۆیان ماوەتەوە •

موختاریش لەگەڵ شێخ عوسماندا هاتوەتەوە بۆ عێراق‌و ، ئێستـە لە سلێمانیدایە •

وە لە کوڕەکانی شێخە : حاجی ئەمین‌و ، محەمەد ثابیت‌و ، مەظهەر ، ئەم ذاتانە وان لە عێراقدا • ئەم سێ برایە هەرسێکیان لە یەك دایکـن • دایکیان رابیعەخانمی کچی شێخ ئەحمەدی عیززی‌یە ، کـە خەلیفەی حەزرەتی شێخ عومەر ضیائەدین بوەو ، دایکیـان لـە گـۆڕستانی شێـخ عەبدولقادری گەیلانیدا بە خاك سپێرراوە • ئـەم سێ بـرا هـەرسێکیان خوێندەوارن‌و ، ئەمین دانشگەی ئادابو ، ثابیت دانشگەی حوقووق‌و ، مەظهەر دوکتۆرای ئادابی وەرگرتوە • ئەمین بە دوو شێوەی کوردیی : سۆرانی‌و گۆرانی‌و ، بە زمانی فارسی شیعری وتوەو ، دیوانی چاپکراوی بە نازناوی ( بێوەی ) هەیەو ، لە بـارەی مێژووی شارەزووریشەوە باسێکـی نووسیـوەو ، لـە بەرگـی دەیەمی گۆڤاری کـوڕی زانیـاری عێراق ـ دەستەی کورد ـ دا چاپکراوە •

ثابیتیش فەرمانبەر بوو و ، ئێستە خانەنشینەو لە شاری سلێمانیـدا نیشتەجێ بوەو ، ( محاماة ) ئەکات • وە مەظهەر فەرمانبەرەو لـە کارو باری ڕەسمیدایە •

وە خەلیفەکانیشی بە زۆریی لەسەر شێوەو ڕێبازی خۆی بوون •
یەکێ لە خەلیفەکانی شێخ عوسمانی ڕیضوانی موصڵی‌یە • ئەم شێخ عوسمانە ذاتێکی خاوەن ڕۆحانی‌یەت بوە • ئەم شێخ عوسمانە باوکی‌شێخ عەبدوڵلای ڕیضوانی بوە • شێخ عەبدوڵلا باوکی حاجی شێخ محەمەدی ڕیضوانی‌یە کە یەکێ لە پیاوە ناودارەکانی جیهانی ئیسلام بوەو ، زۆر زانا بوەو ، بە کارو کۆششی خۆی ژیاوەو ، خەریکی بازرگانی بوەو ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەرسوتنەوەی بە قەفیان لەکیس نەداوە ، ئامۆژگاری‌و ڕێنومایی موسوڵمانانی زۆر کردوە • زۆر بەخشندەو خاوەن چاکە بوە • زۆربەی بەخششەکانی بە شێوەی پەنامەکی بوە •

وا باوە لە گرانی‌ی دوای شەڕی جیهانی یەکەمدا بەشەودا نان‌و گۆشت‌و ڕۆن‌و خواردەمەنی داوە بە کۆڵی حەماڵداو ، خوی لەگەڵیانا ڕۆیشتوەو بەشی کردوە بەسەر نەداراو هەژاراندا •

باسی هەندێ ڕەوشت‌و کردەوەی شێخ نوورەدین لە کتێبی سەربەخۆدا نووسراوەو چاپکراوە • ئەو کتێبە بۆ ئەوە دەشێ مرۆ تەماشای بکات‌و پیرۆزیی لە خوو و ڕەوشتی ئەو پیاوە وەربگرێت •

لە شێخ نوورەدین دەگێڕنەوە فەرموویەتی : من لە سێ شتدا لە سەر شێوەی باپیری خۆمم کە حەزرەتە :

یەکەم : ئەو گەلەی من وام لە ناویاندا لە کەللە ڕەقیدا وەکوو کافرەکانی قورەیش وەهانە •

دوەم : نەوەی نێرینەم نی‌یە وەکوو ئەو •

سێهەم : تەمەنم ئەوەندەی تەمەنی ئەو ئەبێت کە شەصت‌و سێ ساڵ بوە •

لە واقیعدا ئەم ذاتە لە ساڵی هەزارو دووصەدو شەصت‌و حەوتی کۆچیدا لە تەمەنی شەصت‌و سێ ساڵیدا لە جیهان دەرچوە •

وه لەبەر ئەوە زانایەکی هەلکەوتوو بوەو گەلێ موتالەعەی کتێبەکانی مێژوو رووداوەکانی جیهانی کردوە چاوی کراوەتەوەو ، بە شێوەیەکی رێك وپێك کاری قازییتی خۆی بەرێوەبردوە •

تەفسیرێکی بە زمانی کوردی لە قورئانی پیرۆز نووسیوە بە ناوی ( تەذکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان ) ، کاتی خۆی درا بە زانکۆی سلێمانی بۆ ئەوەی چاپبکرێت ، ئومێدمان وایە چاپبکرێتو سوودی بۆ موسولمانان بێت •

ئەم ذاتە نەك هەر بە زمانی عوسمانی پاشای جاف بوە بە قازیی ، بەلکو لە ئەستەمووڵەوە لە سەردەمی حوسێن عەونی بەگی مودیری ناحیەی پێنجوێندا نامەی رەسمی بۆ هاتوەو ( ٧٥ ) لیرەی عوسمانی بۆ براوەتەوەو ، دیوەخانو جێگەی خۆی پێ ئیدارە کردوە •

وه لە پاش خۆکێشانەوەی دەولەتی عوسمانی لەبەر ئەوە کە میللەت لێی رازی بوە قەزاوەتەکەی ماوەتەوەو ، خەلك هەر بە چاوی پێشوو تەماشایان کردوە • وه پاش دامەزراندنی حوکوومەتی عێراقیش وەکوو پێشوو فەرمانی قەزاوەتی بۆ هاتوەو فەرمانداری دین بوە •

بەم جۆرە مایەوە تا لە ساڵی هەزارو نۆصەدو سیو پێنجی زایینیو رێکەوتی هەزارو سێصەدو پەنجاو پێنجی کۆچیدا لە جیهان دەرچووەو لە گۆرستانی ( حاجی شێخ )دا بە خاك سپێرراوە • ئەم ذاتە دوو کوری لێ بەجێماوە هەردوکیان زانان : مەلا ئەحمەد کە بە مەلا ئەحمەدی قازیی ناسراوەو ، مەلا هیبەتوڵلا ، کە ئێستە لە شاری سلێمانیدان •

## مەلا رەشید بەگی دارەشمانەیی

وەکوو باسمان کرد ئەم ذاتە یەکێ بوە لەوانەی کە لای مەلای پێنجوێنی ئیجازەیان وەرگرتوەو زاوایشی بوە •

ئەم ذاتە لە نەسەبدا کوڕی فەتاح بەگی کوڕی عەلی بەگەو ، لە بەگزادەکانی بابانەو ، مرۆیەکی بە تواناو زیرەك و لێهاتوو بوەو ، لەگەڵ مەلا حسەینی پیسکەندیدا لە خوێندندا هاوڕێ و وەك برا بوون و لە خزمەتی مەلای پێنجوێندا بەیەکەوە ئیجازەیان وەرگرتوە •

مەلا رەشید بەگ زۆر خۆشەویستی مەلای گەورە بوەو کچی خۆی لێ مارە کردوە • دوای ئەوە لە مزگەوتی شێخ سەلام لە شاری سلێمانیدا دامەزراوەو ، مودەڕیس بوەو ، لە دەرسوتنەوەدا سەرکەوتوو بوەو ، لە ماوەی دەرسوتنەوەیدا شەرحێکی چاکی لە ( فریدە )ی سیووطی کردوەو ، نوسخەی ئەم شەرحە بە خەتی مەلا ئەحمەدی دەروێش هەیەو ، وا بزانم ئێستە لای حاجی شێخ محەمەدی خاڵەو ، زۆر پێویستە چاپ بکرێت تا ئەم گەنجە نایابە ون نەبێ و سوودی لێ وەربگیرێ •

ئەم پیاوە زانا پاش ماوەیەك بوە بە مامۆستای ( رشدیە )ی سەر بە مەعاریف لە سلێمانیداو لەسەر ئەو کارە ماوەتەوە تا شەڕی جیهانی هەڵگیرساوە ، لەو دەمەدا سلێمانی بەجێ هێشتوەو چوە بۆ ئەستەمووڵ و لەوێ بەڕێزەوە لە گەلێ شوێندا فەرمانی رەسمی ی بوە تا خانەنشین کراوە •

لەو مزگـەوتەدا کـە بـە مزگـەوتی موفتیی بەناوبانگەو لـە خـواری سەراوەیە •

ئەم ذاتە ئەوەندە زاناو خاوەن پایەو مایە بـوە لـە هەموو لایەکەوە فەقێی چاکی بە تواناى لێ گردبوەتەوە ، وەکوو مەلا محەمەدی زەهاوی – کە دوایی بـوو بـە موفتیی زەهـاوی – و ، مـەلا عـەبدوڕەحمانی پێنجوێنیو ، سەید ئەحمەد فائیزی بەرزنجیو ••• هاووێنەی ئەمانە •

ئەم مەلا ئەحمەدە زۆر مووەففەقو سەرکەوتوو بوە ، لە نزیکی مزگەوتەکەیدا خانووی بۆ خۆی کردوەتەوەو مەدرەسەیەکی گەورەیشی بەدەمەوە دروست کردوە •

مـەلا ئەحـمـەد ئەمنەخانی کچـی سلێمان پاشای بـابـان خوشکی فاتمەخانو ئەحمەدپاشای بابانی مارە کردوەو ، لەم ئەمنەخانە کوڕێکی بوە ناوی ئەمین بوە کە بوە بە جێگەداری •

مەلا ئەحمەد لە مێژووی هەزارو دووصەدو پەنجاو پێنجی کـۆچیدا بوە بە سەرۆکی مەلاکانی شاری سلێمانیو ، لە سالی هەزارو دووصەدو هەشتادا چوە بۆ حەجو لە سەفەری حەجدا گیرۆدەی گـەردەلـوولو هەوایەکی نابار بوونو حاجی مەلا ئەحمەد ئەکـەوێتە ناو لەو کۆچـی دوایی دەکاتو ، شێخ رەزای برای حاجی شێخ عەلی تاڵەبانیی بۆ ئیشارە بۆ ئەم کارەساتە بە زمانی کاکەیی‌یەکانەوە دەڵێت :

(بحمد الله) نەما کاك ئەحمەدی شێخ
( زەهاوی) مردو ، گۆڕی گوم بوو (چاومار)
ئەگەر بێ شێخ عەلی ( دفع البلا ) بێ
ئیتر دنیا ئەبێتە عەینی گوڵزار

## بنەماڵەی سەیدەکانی عەبابەیلێ لە بناری شارەزوور

## شێخ حەیدەری عەبابەیلێ

شێخ حەیدەر ، کوڕی شێخ ئیبراهیمی ، کوڕی شێخ محەمەدزەکیی ، کوڕی شێخ عەبدولکەریمی ، کوڕی شێخ حەیدەری ، کوڕی شێخ عەبدوڵلای ، کوڕی شێخ حەیدەری کوڕی شێخ بابا رەسولی گەورەی بەرزنجی یە •

شێخ حەیدەری سێهەم کە هاتوەتە عەبابەیلێ کوڕی شێخ ئیبراهیمە کە چوار کوڕی بوە ، شێخ حەیدەرو ، شێخ عەبدوڕەحیمو شێخ ئەحمەدو ، شێخ عوسمان •

شێخ حەیدەر شەش کوڕی بوە : شێخ عەلی ، شێخ کەریم ، شێخ سەعید ، شێخ سلێمان شیخ عەزیز ، شیخ حسەین •

## شێخ عەلی کوڕی شێخ حەیدەر

شێخ عەلی پیاوێکی بەدەستەڵات بوەو ، لە حوکومەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بەڕێز بوەو ، فەرمانداری ناوچەی شارەزوورو ، قەرەداخو ، شەمێرانو ، هەورامانو ، پێنجوێنو ، سرووچکو ، بەرزنجە بوەو ، سەر بە میرەکانی بابان بوەو ، دوەڵەتی عوسمانی کەوتوەتە جەنگو هەرا لەگەڵ لەشکری ئێرانداو لەشکری ئێرانی شکاندوەو ، ناوچەی جوانڕۆی گرتوە تا نزیکی کرماشان • وە چەن ساڵێ لە دێی ڕەوانسەردا ماوەتەوەو ،

کاتی هاوینان چوەتە ( سەراو لوولەپەڕ ) ئێستەیش شوێنێکە بە مەنزڵی شێخ عەلی عەبابەیلێ ناسراوە . هەروەها لەو وڵاتەدا جۆگەیەکی بۆ کشتوکاڵ هەڵگرتوەو ، ئێستە بە جۆگەی شێخ عەلی عەبابەیلێ ناسراوە.

وە شێخ عەلی لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوی دنیا بوە لە هەمان کاتدا پیاوی دین و خاوەن تەقوا بوەو ، دۆستی مەلاو زانایان بوە ، بە تایبەتی سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی یەکەدۆستی بوە . وە پاش ئەوە کە دەستی شێخ عەلی لە سەرپەرشتی شەمێران هەڵگیراوەو هاتوەتەوە بۆ عەبابەیلێ ئیتر مەولەویش دوای ئەو شەمێران بەجێ دێڵێ و دێتەوە بۆ دێی سەرشاتە .

شێخ عەلی پێنج کوڕو پێنج کچی بوە . کوڕەکان : سەید ئەحمەدو ، شێخ محەمەدو ، شێخ مەحموودو ، شێخ محەمەدئەمین و ، شێخ محەمەدسەعید . کچەکانیشی : زوبەیدەو ، خەدیجەو ، پیرۆزەو ، کافیەو ، حەبیبە .

## کوڕەکانی شێخ عەلی عەبابەیێ

یەکەم : سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی کە جێگەداری باوکی بوەو خاوەن دەستەڵات بوە ، وە پاش ئەوە کە سەید ئەحمەد پیر بوە ئەو دەستەڵاتە کەوتوەتە لای شێخ محەمەدی برای .

سەید ئەحمەد دوو ژنی هێناوە ، یەکەم سەلمەخانی کچی قادر بەگی بابان . لەم ژنە چوار کوڕو کچێکی بوە ، کوڕەکان : شێخ حسەین و ، شێخ مارف و ، شێخ عەبدوڵڵاو ، شێخ قادر . کچەکەیش فاطمەیە .

جا لە شێخ حسەین شێخ محێدین بوە کە منداڵی لێ بەجێ نەماوە .

وە لە شێخ مارف دوو کوڕ بەجێ ماون : شێخ فەرەج و ، شێخ صدیق .

وە شێخ عەبدوڵڵا سێ ژنی هێناوە . یەکەم : عەدلەی کچی شێخ محەمەد ، لەم ژنە شێخ حەمەصالح و ، شێخ حەمەسەعید بوە . دووهەم :

ڕەعنای کچی شێخ بابا ، لەم ژنە شێخ محەمەدئەمین‌و شێخ غەفوور بوون • سێهەم : فاطمەی مەلا حامید ، لەم ژنە شێخ غەریب‌و کچێ بە ناوی ئامینە بـوە •

شێخ قادری کوڕی سەید ئەحمەد پیـاوێکی باش‌و لەخوداترس بوەو ، بوە بە موریدی حەزرەتی شێخ عومەری بیارەو ، بوە بە خەلیفەی• ئەم ذاتە وەنەوشی کچی ئەڵلاوەیسـی کۆکۆیی هێنـاوەو دوو کچی لێی بوە • یەکەم : سەلما کە شووی کردوە بە مەلا محێدینی خـەرپانی‌و دوو کوڕی بوە : محەمەدو ، عەلی • کچەکەی تری حەبیبە ، شووی کردوە بە مەلا مصطەفای کوڕی مەلا محەمەدی ڕەباتی ، کـە موریدی حەزرەتی شێخ عومەر بوە • لەم ژنە دوو کوڕو کچێـکی بوە کـوڕەکان : مەلا محەمەدزاهیدو ، مەلا خالید •

وە فاطمەی کچی سەید ئەحمەد شووی کردوە بە مەلا نەجمەدینی کوڕی حاجی محێدینی کوڕی مەلا نەذیری تەوێڵە • ئەم کچـەی چوار کوڕی بوە : مـەلا زەینەدینی باوکی مـەلا محـەمەدی تەوێڵەیی • مەلا نیظامەدین • مەلا عەبدولئەحەد • مەلامحێدینی بە بابا حاجی ناسـراو • ئەمانە هەموو نەتەوەیان هەیە •

وە شێخ محەمەدئەمینی کوڕی شـێخ عەبـدوڵلا لە سـاڵی ١٩٢٥ی زایینیدا لەدایك بوەو،چوەتە خوێندنی ڕەسمی‌و خوێندنی تەواو کردوەو، بوە بە مامۆستاو ، دوایی چەن فەرمانی دیکەی بینیوە • لە ئەنجامـدا بوە بە ( قائم‌مقام )و ، دوای ئەوە خانەنشین کراوەو ئێستە لە ژیاندایە •

دوەم ژنی سـەیید ئەحـمەد شـاپەروەری کچـی عـەزیز بەگی وەڵەدبەگی‌یە • لەم ژنە کوڕێك‌و چـوار کچی بوە • کوڕەکەی شـێخ محەمەدزەکی‌و کچەکانیش : ڕەعناو ، حەلاوو ، عائیشەو ، مەنیجە •

شێخ محەمەدزەکی پێنج ژنی هێناوە • لە سێ ژنیان منداڵیان بوە : لە ئاسکەی کچی شێخ مەحموود شەمسە خانی بوە شووی کردوە بە شێخ تائیبی کوڕی شێخ عومەری بیارە ، کوڕێکی بوە ناوی صەلاحەدینەو ، کچێکیشی بوە شووی کردوە بە صەلاحەدینی دەلۆیی کە مامۆستایە • وە لە ژنی دوەم کە عەطیەی کچی سەید حسەینی هانەسوورەیی‌یە کوڕێکی بوە محەمەدعەلی ناوە • دوو کچیشی بوە : پیرۆزەو ، حەفصە •

وە لە ژنی سێهەم کچێك بە ناوی کافیەو ، دوو کوڕی بوە : شێخ صاحیبو ، شێخ جەمال •

## شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەلی

شێخ محەمەد پیاوێکی بەڕێز بوەو هەر لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی برایدا دێی عەبابەیلێو چەن دێی ئەو ناوچەیە بە دەستەوە بوەو ، زۆر دەوڵەمەند بوە ، زۆر ئارەزووی راوو گەڕانی کەژو کێوی بوە •

ئەم شێخ محەمەدە پێنج ژنی هێناوە : دوانیان کچی سەعید بەگی وەلەدبەگیی بوون • یەکەمیان رابیعە ، لەم ژنە سێ کوڕو کچێکی بوە ، کوڕەکان شێخ فەتاحو ، شێخ رەزاو شێخ رەشید • کچەکەیش خەدیجەی ناو بوەو ، شووی کردوە بە سەید عەلیی ، کوڕی سەید محەمەدی ، کوڕی مەولەویو ، سەید مەحموودی تاوگۆزی لێ بوە • جا شێخ فەتاح شێخ جافرو ، شێخ جافریش تاقەکوڕێکی لێ بەجێماوە •

وە شێخ رەزا چوار کوڕو دوو کچی بوە ، کوڕەکان : شێخ مصطەفاو ، شێخ فەرەجو ، شێخ ئەحمەدو ، شێخ حامید • شێخ مصطەفا تەنیا کوڕێکی بوە ناوی شێخ محەمەدئەمینەو ، شێخ فەرەج چوار کوڕی هەیە : جەمیلو ، حەمەصالحو ، حسەینو ، ئەنوەر •

# شێخ مەحموودی شێخ عەلی

ئەم شێخە پیاوێکی ئازاو سوارچاك بوە ، زۆر حەزی لە راو بوە • ئەم ذاتە دوو ژنی هێناوە :

یەکەم : عەنبەرخانی کچی بارامبەگی هەورامیی خوشکی جانوڵلا بەگ • لەم ژنە شەش کوڕو دوو کچی بوە • کوڕەکان : شێخ مصطەفاو ، شێخ حەمەصاڵحو ، شێخ رەشیدو ، شێخ کەریمو ، شێخ عەبدوڕحمانو ، شێخ ئەحمەد • کچەکانیش : ئامینە خانو حەنیفە خان • ئامینەخان شووی کردوە بە عەلی محەمەد خانی کوڕی شێخ جانوڵلا بەگ لە بارامئاوا • وە حەنیفە خان شووی کردوە بە شێخ مەظهەری کوڕی شێخ بهادین •

جا شێخ مصطەفا لە عائیشەخانی کچی شێخ محەمەد شێخ قادرو ، شێخ نەجمەدینی بوون • وە لە مەنیجەخانی کچی حاجی زەلی شێخ حەسەنو نەفیەخان بوون • وە نەفیەخان شووی کردوە بە داودبەگی کوڕی حەمەسەعید بەگی جاف •

شێخ حەمەصاڵح منداڵی نەبوە •

شێخ رەشید لە عائیشەخانی کچی شێخ محەمەد سێ کوڕو کچێکی بوە ، کوڕەکان : شێخ رەئووف ، شێخ کەمال ، شێخ نووری ، کچەکەیش ناوی فاطمەخان بوە •

جا شێخ رەئووف لە کافیەی کچی شێخ کەریمی مامی پێنج کوڕو،دوو کچی بوە ، کوڕەکان : طاهیرو ، کامیلو ، فاضیلو ، غەریبو،عەبدوڵلا • کچەکانیش : گوڵباخو ، گوڵزار •

وە شێخ کەمال سێ ژنی هێناوە یەکەم : ناهیدەی کچی شێخ کەریم بوە ، لەم ژنە دوو کوڕ : فەتاحو ، حەمەسەعیدو ، کچێکی بە ناوی نازەنین بوە •

## شێخ محەمەدسەعیدی کوڕی شێخ عەلی

ئەم شێخە پیاوێکی ئازاو جوانمێر بوەو ، بەدین بوەو ، زۆر حەزی لە راو بوە • کوڕی نەبوەو ، چوار کچی بوە •

## شێخ کەریمی کوڕی شێخ حەیدەر

شێخ کەریم یەك ژنی هێناوە • سێ کوڕی لێی بوە : شێخ باباو ، شێخ حەمەعارفو ، شێخ محەمەدئەمین •

جا شێخ بابا دوو کوڕو کچێکی بوە ، کوڕەکان شێخ حەمەسەعید کە زانا بوە • وە لەم شێخ حەمەسەعیدە کوڕێك بوە ناوی شێخ محەمەد بوە • شێخ محەمەدیش دوو کوڕی بوە : خالیدو ، عەلی •

کوڕی دوەمی شێخ بابا شێخ حەمەصالح بوە ئەمیش دوو کوڕی بوە : شێخ مەجیدو ، شێخ عومەر •

شێخ حەمەعارف نەوەی نەبوە شێخ محەمەد ئەمینیش لە دێی (تاوێرە) دانیشتوە ، کوڕەزایەکی هەیە ناوی شێخ محەمەدە •

## شێخ حسەینی شێخ حەیدەر

ئەم پیاوە تاقە کوڕێکی بوە ناوی بابا نەوەیس بوە ، ئەم کوڕە کەسی لێ بەجێ نەماوە •

## شێخ سەعیدی شێخ حەیدەر

ئەم شێخە چوەتە تاوێرەو چوار کوڕی بوە : شێخ رەشیدو ، شێخ ئەحمەدو ، شێخ محەمەدئەمینو ، شێخ حەمەصالح •

شێخ ئەحمەد چوار کوڕی بوە : شێخ فەرەجو ، شێخ حەسەنو ، ئەنوەرو ، رەئووف •

شێخ حەسەنیش ـ وەك پێشتریش وتمان ـ دەست ناکەوێ تا سوودی لێوەربگیرێ •

بە هەرحاڵ من تا ئێستە لە خوێندنەوەی کتێبو ، نوسخەی شەجەرەکانو ، بیستن لە پیاوی باوەڕپێکراوەوە بۆم دەرکەوتوە بێجگە لە پیر عەبدوڵلاو ، پیرئیلیاسو ، شێخ حسەینی ناسراو بە پیر ڕۆستەمو ، سەید محەمەدی پاشمەرگەیو بە پیرخضر ناسراو •• چەن کوڕی تری بوە ، وەکوو : سەید بایەزیدو ، سەید مەحموودی سەبزەواریو،سەید حەیدەرو ، سەید حەمزەو ، سەید مووسا •

جا سەید عەبدوڵلا باپیرەی ئەوانەیە کە لە دێی پیرخدران خۆیدا ماونەتەوەو ، هەندێ سەیدی دیکەیش گۆڕیان لە پیرخدرانە • وە سەید ئیلیاس باپیری هەندێ لە سەیدەکانی پیرخدرانو سەیدەکانی سەر شیوی مەریوانو کەلاتەرزانو هەندێکی دیکەیشە کە بلاوەیان کردوە • وە گۆڕی لە دێی ( گلە )یە لەسەر شیوی مەریوان •

وە شێخ حسەینی ناسراو بە پیرڕۆستەم باپیرەی سەیدەکانی (چاوڵکان)و (کۆڵ)و ـ دۆزەخدەرە ـ و گەلێ شوێنی دیکەیە ، وەکوو باسیان دێ • وە وام بیستوە گۆڕی ئەم ذاتە لە گوندی چاولکانی عەبدوڵلادایە •

وە سەید محەمەدی پاشمەرگەی ناسراو بە پیرخضر باپیرەی سەیدەکانی ( صەفاخانە )و ( پارسانیان )و گەلێ جێگەی دیکەیەو گۆڕی لە دێی صەفاخانەدایە •

وە سەید بایەزید باپیرەی سەیدەکانی مەریوانو ، کەلاتەرزانو تاوەگۆزیو ، سەیدەکانی چۆڕو ، باوەجانیو ، چنارەو ، دێی قەڵبو باخو ، کە ناسراون بە سەیدەکانی مەلاییو • غەیری ئەمانەیشە •

وە سەید مەحموود کە بە سەبزەواری ناسراوە باپیرەی سەیدەکانی

باینچۆو ،دەورو بەری هەمرۆلەو ، سیاسەران‌و ئەو دێهاتانەو،سەیدەکانی گەورەدێی پاریزگای سلێمانی‌و ، کۆمەلی خانعەلی ناو جەباری‌یە •

وە سەید حەیدەر باپیرەی سەیدەکانی بەلخەو نەوتیی قەرەداغە •
وە سەید حەمزە باپیرەی رشتەی خوالێ‌خۆشبوو مەلا موسا تەوەکەلیی‌یە کە ئێستە نەتەوەکانی وان لە دێی ( شابەدین )و دەورو بەری ( شابەدین )دا • وە سەید مووسا باپیرەی سەیدەکانی عەودالانە •

سەیید عەبدوصەمەد لە ( نور الانوار )دا نووسیویە : سەیدەکانی دێی پیرخدران لە نەتەوەی پیر عەبدوللاو پیر ئیلیاسی کوڕانی پیرخضری گەورەن‌و ، گۆڕی پیرعەبدوللا وا لە لای دێی پیرخضرانا • وە گۆڕی پیرئیلیاس وا لە دێی گلەی سەر شیوی مەریوانا •

وە سەیدەکانی چاولکانی محەمەدی لە نەتەوەی سەید عەبدوصەمەدی ، کوڕی سەید عەبدولحەمیدی کوڕی شێخ حسەینی مەشهوور بە پیررۆستەمن کە کوڕی پیرخضرە • هەروا سەیدەکانی (کۆل)و ( دۆزەخ‌دەرە ) ئەوانیش لە نەتەوەی سەید رۆستەمن •

وە سەیدەکانی ( کانۆران )ی بانە لە سەید حەسەن ناوێکن کە لەگەل سەید عەبدوڕەحیمی برایا لە گۆڕستانی پیرطاووسی یەمەنی سەر بە دێی چاولکانی عەبدوللادایە •

وە سەیدەکانی صەفاخانە لە نەوەی پیرخضری دوەمن کە کوڕی پیرخضری گەورەیەو ، سەیدەکانی شمشێرو دشە کە لە نزیکی پاوەدایە لە نەتەوەی پیرئیلیاسی کوڕی پیرخضرن •

هەروا سەیدەکانی مەلا جاروللایی ـ کە هەندێکیشیان ئەلێن : مەلاجانوللا ـ ئەوانیش لە نەوەی پیرئیلیاسی کوڕی پیرخضرن • بەلام راستەکەی ئەوەیە کە مەلا جانوللایی لە نەتەوەی سەید مصطەفای

ناسراو بە پیرشەهریارەو ، لە نەوەی عەلیی کوڕی ئیمام جەعفەری صادقن، کە بە عەلی عورەیضی بەناوبانگەو ( سجاد )یشی پێ ئەڵێن .

هەروا لە ( نور الانوار )دا دەڵێ : سەیدەکانی ( حسن صارمی ) لە هەوراماندا ئەڕۆنەوە سەر کاتۆرانو لە نەوەی پیرئیلیاسی کوڕی پیرخضرن .

وە شێخ وەلی ، کە بە ( شێوەلی ) ناسراوە لە سەیدەکانی (قارەوائی)نو قارەوائی لە سەیدەکانی پارسانیانین کە لە نەوەی سەید شوکروڵلای کەوڵنەزەردنو ، لە نەتەوەی پیرخضرن ، بەلام بۆم روون نەبوەتەوە لە نەوەی کام کوڕی ئەون .

وە سەیدەکانی خەرقەڕەشی دێی گورگەدەر لە شاربازێڕاو نەتەوەی مەلا مووسای تەوەکەلی لە شابەدینو دەوری ئەو شوێنەدا لە سەیدەکانی پیرخضرین .

هەروەها سەیدەکانی شالیشەلیو باینجۆیی لە سەید مەحموودەوە ئەگەن بە پیرخضر . وە بەشێ لە سەیدەکانی جەباریی کە لە نەتەوەی ( خانعەلی )ن ئەوانیش لە نەوەی سەید مەحموودی کوڕی پیرخضرن .

وە وا باوە ئەوانی دیکە لە نەوەی ئیمام حەمزەی تەکیەی قەرەداغن، کە ئەویش کوڕی ئیمام مووسای کاظمە .

وە مەلا وەیسی ( کەلاتی ) لە نەوەی مەلا ئیلیاسی کەلاتی‌یە ، کە بە پێی کتێبی ( نور الانوار ) ، برای مەلا یوسف جانی باپیری مەلا ئەبوبەکری موصەنیفەو ، پەیوەندی بە مەلا ئیلیاسی کوڕی پیرخضرەوە نیە ، چونکە ئەم کۆمەڵە لە نەوەی سەید بایەزیدی کوڕی سەید محەمەد زاهیدن .

جا ئەم مەلا ئیلیاس ناوە دێی کەلاتی‌ی کڕیوەو وەقفی کردوە لەسەر نەوەی نێرو مێی خۆیو ئەم چوار شیعرە وەقفنامەکەیە :

# بنەماڵەی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف

مەلا ئەبوبەکر ناوی حەسەنەو ، کونیـــەی ئەبوبەکـــرەو ، لە ناو خەڵکیشدا لەبەر زۆریی دانراوەکانی بە ( مصنف ) ناوبانگی دەرکردوە • کوڕی سەید هیدایەتی ، کـوڕی سـەید یوسـفجانی ، کـوڕی مەلا یەعقووبجان لە رشتەی سـەیدەکانی پیرخضـری‌یە • یانی لە نەتەوەی سەید محەمەد زاهیدی بە پیرخضری شاهۆ ناسـراوەو ، لە دەورو بەری نۆصەدو چلی کۆچیدا لەدایك بوەو ، لە سالی هەزارو چواردەدا لە دێی چۆڕدا کۆچی دوایی کردوەو ، لە گۆڕستانی نزیکی دێکەدا نێژراوە •

ئەم ذاتە لە تەمەنی تەمیزدا لـە خانەدانی خۆیانـدا خوێندوویەو ، قورئانی پیرۆزو کتێبە وردەکانی خوێندوە •جا دەستی کردوە بە خوێندنی زانیاری‌یەکانی دیکەو ، بە خوێندنگاکانی مـەریوان‌و شـوێنەکانی دیکەی کوردستاندا گەڕاوە تا سەرامەد بوە • جا چوە بۆ شاری دیمەشقی شام‌و ، لەوێ حەدیثی پیرۆزی خـوێندوەو ، لـە خـزمەتی مورشـیدی ئـەو سەردەمەیشدا تەصەووفی وەرگرتوە • دوای ماوەیەك چوە بۆ میصرو ، لە خوێندنی ئەزهەریش سوودی وەرگرتوە • جا لەوێوە چوە بۆ حیجازو حەجی ماڵی خوداو زیارەتی پێغەمـەری کـردوەو ، مـاوەیێ لە شـاری مەدینەی مونەووەرەدا ماوەتەوە •

جا لە دەورو بەری ساڵی نۆصەدو حەفتای کۆچیدا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ، لە مەریواندا بوە بـە مودەڕیس لە لای هـەڵۆخان بەگی ئەردەلانی کە لەو رۆژەدا فەرمانڕەوای ئەو ناوچە بوە •

وا باوە مەحموودجان بەر لەوەی ژن بێنێ بە منداڵی مردوە • سێ کوڕەکەی دیکەی نەتەوەیان لێ بوەتەوە • مەلا یوسفجان لە چۆڕ دەرچوەو بەرەو جوانڕو ڕۆیشتوەو ، لە دێی تاوگۆزی دانیشتوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردوەو ، سەیدەکانی تاوگۆزی‌و هەندێ سەیدی دیکەیش ئەچنەوە سەر ئەو •

وە سەیدەکانی چنارەی شارەزوورو هەندێ سەیدی دەوری سلێمانی ئەچنەوە سەر مەلا محەمەد •

وە مەلا عەبدولکەریم لەبەر بشێوەی ناوچەی مەریوان‌و ستەمی سوپای قزڵباش ماوەیەك دێی چۆڕی بەجێ‌هێشتوەو چوە بۆ سابلاخ‌و ، لەوێوە چوە بۆ شاری وان‌و باش‌قەڵاو ، چەن ساڵێك لەو ناوەدا بوە ، جا گەڕاوەتەوە بۆ مەریوان‌و لە چۆڕدا دانیشتوە تا کۆچی دوایی کردوەو ، گەلێ نەتەوەی لێ کەوتوەتەوە •

مەلا جامی چۆڕیی کە چوە بۆ سابلاخ‌و میربۆداق مزگەوتی سووری بۆ کردوەتەوە ماوەیەك لە شاری قەڵاچوالان بوە کە پایتەختی بابان بوەو ، گەلێ لە نەوەکانی شێخ محەمەدی نۆدێ لە لای خوێندوویانەو سوودیان لێ‌وەرگرتوە • ئیتر نازانم ئەم هاتنەی بۆ قەڵاچوالان لە پێش ڕۆیشتنیدا بوە بۆ سابلاخ ، یاخود مزگەوت‌و مەدرەسەی سابلاخی بۆ بەجێ‌هێشتوەو گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی بابان •

ئەم مەلا جامی چۆڕیی‌یە زانایەکی زۆر گەورە بوەو ، گەلێ نەتەوەی لێ کەوتوەتەوەو ، هەندێکیان لەمەولا باسیان دێ •

یەکێکی دیکە لە نەوەکانی مەلا عەبدولکەریمی کوڕی جەنابی مەلا ئەبوبەکری موصەننیف سەید ئیبراهیم بوە ، کە باپیرە گەورەی حاجی سەید حەسەنی عەللامەی چۆڕی بوەو لێرە بەدواوە باسی ئەکەین •

لابردنی ناکۆکی‌ی نێوان خۆی‌و خزمەکانی چۆڕیی کە لەسەر ئەو زەوی‌یە وەقفکراوە ئازاری دڵیان داوەو شکاتیان لێ‌کردوە •

بە هەرحاڵ ئەم ذاتە ژیانی خۆی لە خزمەتی دین‌و زانیاریدا بەسەربردوە ، هەتا لە ساڵی هەزارو سێصەدو بیست‌و یەکی کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە •

حاجی سەید حەسەن چوار کوڕی لێ‌بەجێ‌ماوە یەکەم : سەید عەبدولقادری شێخولئیسلام • دوەم : ئاغاحسین • سێهەم : سەید محەمەد • چوارەم مەلا عەبدولکەریم •

جا ئاغا سەید محەمەد برنجی مەلا بوە • سەید عەبدولقادریش مەلا بوە ، بەڵام لە پایەی ئاغا سەید محەمەد کەمتر بوە•هەروەها ئاغا حسەین‌و ئاغا مەلا عەبدولکەریمیش تا پلەی مەلای یاسایی بەرزبوونەتەوە •

حاجی سەید حەسەنی چۆڕیی لەگەڵ حەزرەتی شێخ عومەری ضیائەدیندا میانەیان باش بوەو ، زۆر دۆستی‌و خۆشەویستیان لە نێواندا بوەو ، سەید حەسەن خانەقای بیارەی بە ( سەفینەی نووح ) ناوبردوەو ، ئاموشۆیان بۆ لای یەکدی گەرم بوەو ، گەلێ جار شێخ عومەر چوە بۆ چۆڕ •

لە مامۆسنا مەلا عەبدوڕەحیمی خاڵۆی کوڕەکانی سەید حەسەنم بیست فەرمووی : جارێك شێخ عومەر لە چۆڕدا میوان بوو ، منیش بە فەرمانی سەید حەسەن خزمەتی شێخم ئەکرد • فەرمووی : پاش نوێژی بەیانی لە حوجرەی میواندا خەریك بووم چایم لێ‌ئەناو ، شێخ عومەر لەسەر بەرماڵەکەی خۆی رووەوقیبلە دانیشبوو قاپووتێکی لەبەردا بوو کاتێ لام‌کردەوە دەبینم قاپووتەکە ماوەو شێخ دیار نی‌یە • منیش سەرم سوڕما کە چۆن ئەو ذاتە چوەتە دەرەوەو من نەمزانیوە ! هەرچەند تەماشای ڕێگەو داڵانم کرد کەسم نەدی‌و ، زۆر سەرسام بووم • لەو

وللسيد محمد ابنان : السيد احمد ، والسيد محمود ٠

والسيد عبدالقادر ، وابراهيم ، ومصطفى ابناء درويش محمد وهو واخوه السيد يوسف ابنا السيد علي ، ابن السيد عمر ، ابن السيد احمد ، ابن السيد محمود ، ابن السيد الياس ، ابن السيد الملا محمد الناراوى ٠

والسيد احمد ، ابن السيد شريف ، ابن السيد بيره ، ابن السيد محمود ، ابن السيد الياس ، ابن السيد الملا محمد الناراوى ٠

وكانت شجرة الطائفة الملائية ممهورة بمهرجم غفير من فضلاء العصر في وقته مثل : المرحوم كاك احمد الشيخ ٠ والمولوى،وعلماء العصر في السليمانية وشهرزور وغيرهما ٠ ولا داعي الى تعدادهم هنا ٠ اكتفاء بما في شجرتهم ٠

چینی دوەم‌و سێهەم لە پلەو پایەی دنیادا لە چینی یەکەم‌و دوەم کەمتر بوون‌و ، لە ژێر سێبەری ئەواندا ژیاون • لەگەڵ ئەوەدا هەموویان بەدین‌و لەخوداترس بوون •

چینی دوەم کە چینی سەید میرزایی بوون پیاوی دیاری‌و بەرزیان زۆر بوە ، یەکێ لەوانە جەنابی سەید عەبدولحەکیم بوە کە لە دێی ( گەوون‌توو )دا دانیشتوە • ئەم ذاتە زاناو ئەدیب بوەو ، هەستی شیعری بوەو ، نامیلکەیەکی جوانی لە باسی صیفاتی بەرزو رەوشتی جواندا بە شیعر داناوە • ئەو هۆنراوە لە کتێبخانەی سەیدەکانی باینچۆدا هەیە ، کە بە داخەوە تا ئێستا چاپ نەکراوە •

سەید عەبدولحەکیم خاوەن تەکیەو شوێن بوەو ، نان‌و خوانی بوەو ، لەگەڵ شێوەی ناندان‌و خانەدانیشدا ئیرشادی کردوە ، هەتا لە دنیا دەرچوەو چەند کوڕی لێ‌بەجێ‌ماوە • گەورەتریان سەید نەجمەدین بوە ، کە لە جێگەکەی باوکیدا دانیشتوە بەلام پاش ماوەیەك گوێزاوی‌یەتی‌یەوە بۆ دێی ( هەمرۆلە ) لە ناحیەی لەیلاخ کە شوێنەواری خێڵەکانی ( زەند )و ( مەنمی )یەو ، بە صیفەتی خانەدانی‌و تەکیەداری‌و ئیرشاد دامەزراوە • بە تایبەتی دوای ئەوە کە سەید نەجمەدین بوە بە مەنسووبی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدین‌و ، چوەتە تەریقەتی نەقشبەندی‌و بوە بە خەلیفەو ، شێخ عوسمان کچێ خۆی بۆ مارەکردوەو بەمە زیاتر پلەی سەید نەجمەدین بەرزبوەتەوە •

سەید نەجمەدین لەو کچی شێخ عوسمانە دوو کوڕی بوە، سەید جەلال‌و سەید شەهاب • ئەم دوو کوڕە هەردوکیان ئینسانی باش‌و بە تواناو خوێندەوار بوون •

سەید جەلال لە مێژووی هەزارو سێصەدو هەشتای کۆچیدا لە

جیهان دەرچوەو چوار کوڕی لێ بەجێماوە : عابیدو،خالیدو،زەینەدین و، عـارف •

وە سەید شەهاب لە مێژووی هەزارو سێصەدو نەوەدی کۆچیدا لە جیهان دەرچوەو دوو کـوڕی لێ بەجێماوە • ئەمانە ئیستە لە مێژووی هەزارو چوارصەدو سێی کۆچیدا لە ژیاندان •

وە لە نەوەی سەید میرزایی دوو پیاوی بەڕێز هەڵکەوتوون ، یەکەم ناوی سەید ئەحمەدە کە لە دێی ( زەلکە )دا بە خـاك سپێرراوە • دوەم سەید ئاغاجان کە لە گوندی ( هانەگلان )دا نێژراوە • ئەم دوو دێ سەر بەباینچۆن •

سەید ئەحمەد زۆر لەخـوداترس و خواپەرست بـوەو ، ذەوقی شیعرو ئەدەبیشی بوە • نزیکەی پێنج‌صەد شـیعری لە خودابەیەکناسیو پاڕانەوەدا هەیە ، ئەو شیعرانە وان لای سـەید حەسەن کە یەکێك لـە نەوەکانی یەتی •

سەید ئاغاجانیش پیاوێکی لەخـوداترس بوەو ، چـەن کوڕی لێ بەجێماوە • یەکێ لەوانە ناوی شێخ رەضـا بوە ، جـەذبەو حاڵی نەفسی بوەو ، لەسەر تەریقەتی قادری بوە •

وە چینی یەکەم کە سەیدەکانی نەتەوەی سەید ئەحمەدی باینچۆن کە بە سەید رەحمەتی بەناوبانگن•• باپیرەیان ناوی سەید رەحمەت بوە• ئەم پیاوە یـا کـوڕی سـەید شـەمامەی کـوڕی سـەید ئەحمەدە یـا کوڕەزایەتی •

سەید رەحمەت چـەند کوڕێکی بوە گەورەکـەیان ناوی سـەید مەهدی بوە • سـەید مـەهدی دوازدە کـوڕی بوە دیاریتـریان نـاوی محەمەدسەعید بوەو ، زانایەکی بەڕێزو ئەدیـبو شـاعیر بوە ، یوسف‌و زلێخای داراوی مـەولانای جامیی لـە فارسـییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر

زمانی کوردیی شێوەی هەورامیی‌و ،هۆنراوەیەکی زۆر شیرین‌و پاراوە •
ئەم کتێبە هێشتا چاپ‌نەکراوەو نوسخەیەکی لە کتێبخانەی
خێزانی ( امین السادات )دا هەیە •

ئەم سەید محەمەدسەعیدە هەرچەند لە باینچۆ لەدایك بوەو زۆر
دڵی پێوە بوە تیایدا دابنیشێ ، بەڵام هەر گوێزاوی‌یەتی‌یەوە بۆ دێی
کوچك‌چەرموو لە باکووری‌باینچۆوەو لەوێدا نیشتەجێ بوەو ژیانی خۆی
بردوەتە سەر •

وە بە فەرمانی دەسەڵاتداری ئەو رۆژە بوە بە فەرمانڕەوای ناحیەی
( لەیلاخ )و ( خورخورە )و کەڵاتەرزان‌و ، مەردانە ئیش‌و کاری ئەو
سێ ناحیەی بەڕێوەبردوە •

سەید محەمەدسەعید لەگەڵ ئەو پایەوپلەدا هەم خەریکی خزمەتی
ئایین‌و زانست بوەو لە ماوەی ژیانیدا خوێندنگای بەرزی پڕ لە فەقێی
بوەو ، بڕیاری داوە هەمیشە شەصت نەفەر فەقێ لە خوێندنگاکەیدا بێ •
وە ئەگەر وا رێکەوتبێ یەکێك یان دووان لەو فەقێیانە رۆیشتبن گورج
ناردوویە فەقێی دیکەی هێناوەو جێگەکەی پڕکردوونەتەوە •

وە لە دوادوایی ژیانیدا مودەڕیسی ئەو خوێندنگا بەرزە مەلا
فەتحوڵلا ناوێ بوە لە نەتەوەی زاناکانی فەرهادئاوای ناوچەی ( سارال )ی
سەر بە شاری سنە •

ئەم مەلا فەتحوڵلا زانایەکی نایاب‌و لەخوداترسێکی دڵڕووناك بوە •
خەڵکی شتی لە یاسابەدەریان لێ گێڕاوەتەوە •

دەگێڕنەوە کە سەید محەمەدسەعید قوشخانەیەکی بوە بازو هەڵۆو
جۆرەها پەلەوەری تێدا بوە کە بۆ راوو شکار دەست بدەن • رۆژێك لە
پێش هەتاوکەوتندا سەید محەمەدسەعید ئەڕوا لە قوشخانەکەدا بازێك
دەرئەکاو ئەیخاتە سەر دەستی ، چاوەڕێی ئەوە ئەکا کانی راو بێت‌و

سەید محەمەد سەعید لە کوچك چەرموودا کۆچی دوایی کردوەو ، چوار کوڕی لێ بەجێماوە :

یەکەم : محەمەدڕەشید ، ئەم ذاتەیش کوڕێکی بوە ناوی سەید فەتحوڵلا بوە ، بە بێ نەوە سەری ناوەتەوە •

دوەم : سەید محەمەدئەمین ، ئەم ذاتە سێ کوڕی بوە :

١ ـ سەید ئەسعەدی قاضیی کە نەوەد ساڵی تەمەن بەسەر بردوە لە خانەدانێکی پڕ ڕێزو کەرامەتدا • ئەم ذاتەیش پاش فامکردنەوە دەستی کردوە بە خوێندن‌و لە پاش خوێندن تەواوکردن خەریکی دەرزوتنەوە بوەو ، سوودی بە موسوڵمانان گەیاندوەو خەریکی قازیێتی‌و تەطبیقی یاسای ئایین بوەو ، بەو جۆرە ئەو تەمەنە درێژەی بەسەر بردوەو ، نەچوەتە ناو دنیاو بە بێ ژن‌و پەیوەندی‌و پاشماوە سەری ناوەتەوەو ، لە باینچۆدا بە خاك سپێرراوە •

٢ ـ سەید جەعفەر ، کە دوو کوڕی بوە ، یەکەم سەید محەمەد کە بە بێ نەوە مردوە • دوەم سەید ئەحمەد کە نەتەوەی هەیە •

٣ ـ لە کوڕەکانی سەید محەمەدئەمین •• سەید عەبدوڵلایە کە لە تەمەنی بیست‌ویەك ساڵیدا حەجی کردوەو ، لە تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵیدا بە بێ خێزان‌و منداڵ سەری ناوەتەوە •

سێهەم لە کوڕەکانی سەید محەمەدسەعید سەید عەلی‌یە ، کە لە گەنجیدا بە بێ نەوە سەری ناوەتەوەو ، لە کوچك‌چەرموو بە خاك سپێرراوە •

چوارەم لە کوڕەکانی سەید محەمەدسەعید •• سەید سەعدەدین بوە ، کە بە ( امین السادات )ناسراوەو ، خاوەنی پایەو مایەو مزگەوت‌و

خوێندنگاو دیوەخان بوەو ، هەمیشە خوێندنگاکەی ئاوان بوە •

ئەم ذاتە لە پاش کۆچی دوایی مەلا فەتحـولّلای مودەڕیس جەنابی مەلا عەبدولقادری بازیانی کانی‌کەوەیی (موجاز)ی حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی هێناوە بۆ کوچك‌چەرمووو ، کردوویەتی بـە مودەڕیس‌و گەلێ فەقێی زاناو هۆشیار ، وەکوو مـەلا محەمەدحەمـەنی کوڕی مەلا عەلیی قزلّجی‌و وێنەی ئەو لە لای خوێندوویانە •

بەلّام شێخ عومەری ضیائەدین ناردوویەتی بە شوێن مـەلا قادرداو هێناویە بۆ بیارەو لەوێ دەرزی گوتوەتەوە •

سەید محەمەدسەعید زۆر لە ڕۆیشـتنی مەلا قادر دلّگران بوەو ، ماوەیەك پاش ئـەوە مەلا عـەزیزی ڕوح زادی بـوە بـە مودەڕیسـی کوچك‌چەرمو ، ئەویش دوازدە ساڵ لەو شوێنەدا دەرزی گوتوەتەوە، جا باوکی مەلا عەزیز هاتوە بە شوێنیداو بردوویەتی‌یەوە بۆ شارەزوورو، لەوێ بوە بە مەلای دێی عـەبابەیلێ‌و ، پاش ماوەیەك مـار پێوەی داوەو کۆچی دوایی کردوە •

لە پاش گەڕانەوەی مەلا عەزیز بۆ شارەزوور مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا فەتحولّلای مـودەڕیسی پێشـووی کوچك‌چـەرموو هاتوەتـەوە بۆ جێگەکەی باوکی‌و بوە بە مودەڕیس‌و ، نزیکی چل سـاڵ لەو شـوێنەدا دەرزی گوتوەتەوە •

سەید سەعدەدین تەمەنی خۆی لە خزمەتکردنی ئایین‌و زانسـت‌و ناندان بە موسولّماناندا بەسەربردوەو ، بەم شێوە ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردوە • پێنج کوڕی لێ بەجێ‌ماوە :

یەکەم : سەید عەلیی ناسراو بە ( امین السادات ) کـە لـە ڕێزو بەلاغەت‌وقسەڕەوانی‌و مەجلیس‌ئارایدا کەم‌وێنە بوە•زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی لەبەر بوو ، وتاری زۆر بە تەئثیر بوو •

# بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی عەودالان

ئەم ذاتە لە نەتەوەی پیرخضری شاهۆیەو ، لە سەردەمی شێخ محەمەدی نودێی کوڕی شێخ عەلیی کوڕی بابا رەسوولدا بوەو ، ئەم دوو پیاوە زۆر دۆستی یەك بوونو ، میانەیان زۆر خوش بوەو ، هاتوچۆی گەرمی یەکیان کردوە •

ئەم شێخ ئیسماعیلە یەکێ بوە لە پیاوەگەورەکانی چەرخی خۆیو خاوەن کەرامەت بوە • وە لە نەتەوەکەیدا پیاوی خاوەن تەقواو زانا زۆر بوە • لەوانە شێخ ئەحمەدی ناسراو بە ( بێن خۆش ) کە کوڕی شێخ عەبدوڵلای کوڕی شێخ ئیسماعیل بوە کە تاتانەی خانەدان بوەو گەلێ کەرامەتی بوە •

مەلا عومەری ( رەنجووری )[1] کە یەکە شاعیری زەنگنە بوە موریدی گیانیی ئەم شێخ ئەحمەدە بوەو ، گەلێ شیعری پێداوتوە • لەو ساڵەدا کە شێخ ئەحمەدی بێن‌خۆش کۆچی دوایی کردوە ، شێخ ئەحمەدی تیمار لە عێراقداو ، شێخ ئەحمەدی تەنگیسەری لە ئێراندا کۆچیان کردوە ، جا مەلا عومەر بە سۆزەوە هەرسێکیانی لاواندوەتەوەو ، شیوەنی بۆ نووسیونو ، داخی دەروونی خۆی هەڵڕشتوەو ، باسی ئەوەی کردوە کە سێ شێخ ئەحمەدی وەلی بە جارێ مردوون •

---

(١) خودا یارمەتی دام دیوانی رەنجووریم بە لێکۆڵینەوەوە بڵاوکردەوە • م،ع،ق •

حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کردوە ئەمیش بە ئیخلاصەوە چوە تەمەسوکی پێ کردوەو سلوکی کردوە هەتا پێگەیشتوەو ئیجازەی خەلافەتی وەگرتوەو ، گەڕاوەتەوە بۆ شاری کۆیەو لەگەڵ دەرزوتنەوەدا ئیرشادیشی کردوە .

لە هەمان کاتدا ئافرەتێکی برازای حەزرەتی مەولانایشی مارە کردوەو پەیوەندیو خزمایەتیشی لە ژنو ژنخوازییەوە لەگەڵ شێخەکەیدا پتەو بوە . بەو شێوە دامەزراوە لەسەر دەرزوتنەوەو ، ئیرشادو ، فتوادانو ، ئامۆژگاریو ، خزمەتی موسوڵمانانو گەلێ خزمەتی دینی کردوە .

وە هۆنراوەیەکی بە ناونیشانی ( وسیلة الوصول لساحة عناية الرسول ) داناوە . وە حاشیەی لەسەر گەلێ کتێب نووسیوە ، وەکوو ( جامع الاصول )ی دانراوی ( ابن الاثیر )و ، (انسان العیون) لەسەر شەرحی بوخاری دانراوی قەسطەلانی . وە کتێبێکی هەیە لەسەر وێنەی (اتقان)ی (سیوطی) . مێژووی لەدایکبوونی ئەم ذاتە دیار نییە ، بەلام لە مێژووی هەزارو دووصەدو چلو شەشی کۆچیدا لە جیهان دەرچوە .

## حاجی مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا عەبدوللای جەلی

ئەم کوڕە بەڕێزە لە ساڵی هەزارو دووصەدو بیستو شەشی کۆچیدا لە شاری کۆیە لەدایك بوەو ، لەو خێزانە بەرزەدا گەورە بوەو ، پێگەیشتوەو ، خوێندنی تەواوکردوە . خۆی نووسیویەتی ئەڵێ : باوکم لە ساڵی هەزارو دووصەدو چلو شەشی کۆچیدا بە نەخۆشی رشانەوە کۆچی دوایی کردوە . وە ئەڵێ : لەو چەرخەدا محەمەد پاشای فەرمانداری رەواندووزو کۆیەو ئەو ناوە گەلێ چاودێری کردینو ، زۆر رێزی لێ گرتینو ، لەسەر خوێندنگاکەی باوکم دایانم ، بەلام من خوێندنم تەواو نەکردبووو تا عیصامەدینی ( وضع )م خوێندبوو .

# حاجی شێخ عەلی ئەفەندی

لە پاش کۆچی دوایی حاجی شێخ عەبدوڕەحمان دیاریترین کوڕەکانی کە شێخ عەلی بوو لە جێگەکەیدا دانیشت .

ئەم پیاوە لە ساڵی هەزارو دووصەدو چلو هەشتی کۆچیدا لەدایك بوەو ، پاش فامکردنەوە لەو خانەدانە پڕ لە زانستەدا دەستی کردوە بە خوێندنو قورئانی پیرۆزو کتێبە وردەکانی خوێندوە . پاش ئەمانە دەستی کردوە بە خوێندنی زانیاری‌یە باوەکانو ، ماوەیەك لە خزمەتی سەید محەمەدی ئیمامی مزگەوتی بلاّغدا ـ کە یەکێك لە پیاوچاکان بوە ـ خوێندوویەتی ، لەم مزگەوتەدا ماوەیەك لەگەڵ شێخ عومەری کوڕی‌شێخ عوسمانی سیراجەدیندا بەیەکەوە بوون .

تەنها بەمەیشەوە نەوەستاوەو بە یاسای خوێندنی کوردستان گەلێ جێگە بۆ خوێندن گەڕاوەو ، چوەتە خزمەتی حاجی مەلا ئەسعەد ئەفەندیی جەلیو لەگەڵ مەلا عەبدوڵلای کوڕیدا بە یەکەوە خوێندوویانە .

بیستوومە لە سەرەتاوە جەنابی مەلا ئەسعەد زۆر گوێی بە عەلی ئەفەندی نەداوە ، بەلاّم پاش چەند رۆژێك کە شارەزای بوەو ، توانایی بۆ دەرکەوتوە زۆر بایەخی پێداوەو دەرسی باشی پێ‌گوتوە هەتا خوێندنی تەواوکردوەو، ئیجازەی وەرگرتوەو گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووك .

وە لەم لایشەوە لە لای باوکی خاوەن پایەی خۆی سلووکی کردوە هەتا گەیوەتە پلەی خەلافەتو دارای هەردوو عیلمەکە : ظاهیرو ، باطین بوەو ، بە هەردوولایان خزمەتی موسوڵمانانی کردوە . بە کورتی شێخ عەلی ئەفەندی لە کاتی کۆچی دوایی باوکیدا زانایەکی شارەزاو مورشیدێکی بەتەوانا بوە ، بۆیە دوای مردنی باوکی بە رەزامەندی موسوڵمانان لە جێگەکەیدا دانیشتوە .

# منو ئەم کتێبە

کاتێ خودا یارمەتیی دامو توانیم پاش رەنجو کۆششێکی زۆر هەر حەوت بەرگەکەی ( تەفسیری نامی ) بنووسمەوەو چاپیان بکەم[1] ، هاتمە سەر ئەوە بیرێك لە پرۆژەیەکی خۆم بکەمەوە ، بە تایبەتی بەرگەکانی دیکەی ( اقتران النیرین ) کە دەمێك بوو وەستابوو تا ئێستەیش چاوەڕێی هەلو دەرفەتە • لەم کاتەدا مامۆستا دوو سێ جار داوای ئەوەی لێ کردم کتێبی ( بنەماڵەی زانیاران ) ئامادە بکەمو چاپی بکەم • بە راستی گەلێ سەرپێچیم کردو ، زۆرم هەوڵ دا کە مامۆستا ئەم ئەرکە نەخاتە ئەستۆمو رێگەم بدات لەسەر بیرەکەی خۆم بڕۆم • بەلام بینیم ئەگەر هەر لەسەر لارەملیی خۆم بڕۆم لەوانەیە کارەکە ئەنجام نەدرێو مامۆستایش گەلێکی مەبەست بوو کە وەك بەشی سێهەمی یادی مەردان ئەم کتێبە بگاتە دەستی خوێنەران • بۆیە ئەنجام دوای هەندێ قسەوباسو لەسەر بنەڕەتی پەندێکی باو مامۆستا فەرمووی « ئەمە بکەو تەوبە بکە ! »

ئەمجارەیش نەمتوانی لە قسەکەی دەربچمو پشت بە خودا شانم دایەبەرو ، وا خودا یاربێت بەرەوئەنجامدان دەڕوات • لێرەدا بە کورتی هەندێك شت روون دەکەمەوە :

لە کوردستاندا گەلێك بنەماڵەو تیرە هەیە داوای ئەوە دەکەن

---

(١) کە ئەم قسە دەکەم بەرگی حەوتی ( تەفسیری نامی ) لە ژێر چاپدایە خودا یار بێت ئەویش تەواو دەبێت •

رشتەی پشتیان دەچێتەوە سەر حەزرەتی عەلی‌و فاطیمەی کچی پێغەمبەر ـ د ـ • زۆربەی ئەو بنەماڵانەیش هەرکەسەو لە رێگەی رشتەی خۆیەوە شەجەرەیەکیان هەیەو ، مۆری گەلێك لە زاناو پیاوە گەورەکانی کوردستانی پێوەیەو ، پشت بەو شەجەرانە خۆیان بە سەیید دادەنێن •

ئەمە واقیعێکە لە کوردستانداو کەس ناتوانێ نکوولی لێ بکات • مامۆستایش بەشێکی زۆری لەم شەجەرانە کۆکردووەتەوەو ، لەم کتێبەدا تۆماری کردوونو ، دەکرێ لەمەولا شیبکرێنەوەو لێیان بکۆڵرێتەوە •

ئەوەی کە روونە بەشی زۆری ئەم شەجەرانە تەمەنیان لە ٣٠٠ ـ ٤٠٠ ساڵ تێپەڕ ناکاتو ، کاتێکیش شەجەرەی سێ‌وچوار لقی تیرەیەك بەراورد دەکەین رشتەکانیان لە جیاوازی‌و ئاڵۆزیی بەدەر نینو ، مەولەوی زوو هەستی بەم کارە کردووەو پەنجەی بۆ راکێشاوە ، خوێنەر دەتوانێ بەڵگەی ئەم خاڵە لە رشتەی بنەماڵەی پیرخضری شاهۆدا بە روونی ببینێ •

لێرەدا ئەوە دێتە پێش کە زانینی رشتەی نەسەب لە ئێستەوە بۆ پێش هەزارو چوارصەد ساڵ دەچێتە بابەتی عیلمی ریوایەتی سەنەدەوەو دەقاو دەق وەك عیلمی حەدیثو ، گێڕانەوەی ( مەتن )و ( سەنەد ) وایە ، دیارە ناسینی ئەو کەسانە کە بابەتەکە ـ واتە رشتەکە ـ دەگێڕنەوەو زانینی حاڵیان بەر نەشتەری ( جەرح )و ( تەعدیل ) دەکەوێتو ، دامەزراندنو بەڕاستناسینی تەواویی شەجەرەکان زۆری دەوێت •

من بەش بە حاڵی خۆم کە ئەم کتێبەم نووسیوەتەوە ئارەزووم دەکرد کە لەم شێوەی ئێستەدا نەبێتو بە گوێرەی توانا هەندێکی دەسکاری بکەم، چونکە کاتی وا هەیە بنەماڵەیەك هەڵدەگرێ زۆری لەسەر بنووسرێ‌و زیاتر لەوەی بۆ بکرێت کە بۆی کراوە ، بەڵام مامۆستا خۆی هەر ئەوەندە مەچەکی چەرخابوو و ئەوەی بنەماڵەکان لەوە زیاتر بەدەنگیەوە نەهاتبوون تا زانیاری بۆ بنێرن • کاتی وایش هەیە بنەماڵەیەك کەوتوونەتە

خۆو هەرچیان زانیوە نووسیویانەو ، لق و پووپ و رشتەی شەجەرەیان بۆ مامۆستا ناردوە ، ئەمیش بە هۆی ئەوەوە بنەماڵەکە یەك دوو زانای بەرزی تێدا بوە - وەك دەڵێن : خاڵو بای چاکان - بابەتەکەی بە درێژی نووسیوە، هۆی ئەمەیشە دەبینین گەلێ جار بابەتەکـان بە لای رشتـەی سەیدەکاندا زیاتر دەشکێنەوە •

هەرچۆن بێت مامۆستا رێگەی ئەوەی نەدام کە دەستێك بە هـەندێ جێگەدا بهێنم ، بەڵام لە داڕشتنـەوەو دەسکاریی رواڵەتـی نووسینەکـەدا دەسەوسان دۆش دانەماوم و ، گەلێ جار نووسینەکەی مامۆستام لەبەریەك هەڵوەشاندوەو خۆم جارێکی دیکـە دامڕشتوەتەوە ، جـاری وایش هەبوە هەندێ وشەم هەڵگرتوەو وشەی دیکەم لە جێگە داناون ، ئەمانەیش بـێ دەسکاری مەبەستو ناوەڕۆکی کتێبەکە •

لەم کتێبەدا ناوی زۆر دێ و کێوو شوێن هاتوە ، مامۆستا ناوەکانی بـە رێنووسی کۆن نووسیوە منیش کاتێ ناوەکانم هێناوەتەوە سـەر رێنووسی ئێستە ئەوانەی کـە خـۆم بیستوومن و زانیومن سەربەخۆ نووسیومن ، بۆ ئەوانی دیکەیش گەلێ جار چوومەتە لای مامۆستا بۆ ئەوەی بە راستـی بیاننووسم ، رەنگە شتم بەسەردا تێپەڕیبێ و لە نووسیندا بە هەڵەدا چووبم ، بە گوێرەی توانا درێغیم نەکردوەو ، بۆ ئەوەیشی لە دەستم دەرچـووبێ داوای لێبووردن دەکەم •

**محەمەد عەلی قەرەداغی**

# بابەتو سەرباسەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| ئیمام محەمەدی باقر | ١٢ |
| ئیمام جەعفەری صادق | ١٣ |
| ئیمام مووسای کاظم | ١٥ |
| ئیمام عەلی رەزا | ٢٠ |
| محەمەد جەواد | ٢٢ |
| ئیمام عەلی نەقی کە مەشهوورە بە عەلی هادی | ٢٤ |
| ئیمام حەسەنی عەسکەری | ٢٥ |
| حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی | ٢٨ |
| لە دایکبوونی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر | ٢٩ |
| گەیشتنی حەزرەتی غەوث بە غدا | ٣٢ |
| باسای دەرزوتنەوەو رێنومایی‌ی | ٣٣ |
| دانراوەکانی شێخ عەبدولقادر | ٣٧ |
| خوێندنگاو کتێبخانەی حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی | ٣٨ |
| ئەوانەی لەو خوێندنگادا دەرسیان گوتوەتەوە | ٤٢ |
| باسی نەوەکانی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر | ٤٥ |
| باسی کوڕەزاکانی حەزرەتی شێخ | ٥٠ |
| داودی کوڕی سولەیمان | ٥١ |
| عەبدوسەلامی کوڕی عەبدولوەهاب | ٥١ |
| باسی کوڕەکانی شێخ عەبدوڕەزاقی کوڕی شێخ | ٥٢ |
| عەبدوڕەحیمی کوڕی عەبدوڕەزاق | ٥٢ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|


٥٢ ـ ئیسماعیل کوڕی عەبدوڕەزاق
٥٢ ـ نەصری کوڕی عەبدوڕەزاق کوڕی شێخ
٥٤ ـ زەینەب ( امة الاله )
٥٤ ـ یەحیای کوڕی شێخ نەصر
٥٥ ـ محەمەد کوڕی شێخ نەصر
٥٦ ـ ئەحمەدی کوڕی محەمەد
٥٦ ـ عەبدوسەلام کوڕی عەبدولقادر کوڕی محەمەد
٥٧ ـ شەمسەدین محەمەد کوڕی سەیفەدین یەحیا
٥٧ ـ عەبدولقادر کوڕی شەمسەدین محەمەد
٥٧ ـ عەلائەدین عەلی کوڕی شەمسەدین
٥٨ ـ شەمسەدین محەمەد کوڕی عەلائەدین عەلی
٥٨ ـ بەدرەدین حەسەن کوڕی عەلادین عەلی
٥٨ ـ بەدرەدین حسەین کوڕی عەلادین عەلی
٥٨ ـ محێدین عەبدولقادری کوڕی شەمسەدین
٥٨ ـ شەمسەدین محەمەد
٥٩ ـ محێدینی کوڕی محەمەد
٦٠ ـ دەروێش محەمەدی کوڕی محێدین عەبدولقادر
٦٠ ـ شەرەفەدین عەبدوڵلای کوڕی محێدین عەبدولقادر
٦٠ ـ عەفیفەدین حسەین کوڕی محێدین عەبدولقادر
٦٢ ـ شەمسەدین محەمەدی کوڕی بەدرەدین حسەین
٦٢ ـ شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ بەدرەدین
٦٣ ـ عەبدوڕەزاق کوڕی شێخ محەمەد

لاپەڕە بابەت


٦٤ ـ شێخ عەبدولباسیط کوڕی ئەحمەد
٦٤ ـ محێدین یەحیا کوڕی بەدرەدین حسەین
٦٥ ـ شەرەفەدین قاسم کوڕی محێدین یەحیا
٦٥ ـ شەمسەدین محەمەد کوڕی قاسم
٦٦ ـ شێخ عەبدوڵلا کوڕی شەمسەدین محەمەد
٦٦ ـ شێخ تاجولعاریفین
٦٦ ـ شێخ شەهابەدین ئەحمەد
٦٧ ـ شێخ عەبدولقادر
٦٨ ـ شێخ بەرەکات
٦٨ ـ محەمەد ئەبولوەفای کوڕی قاسم
٦٩ ـ کوڕەکانی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر
٦٩ ـ محەمەد ( هتاك )
٧٠ ـ شەرەفی کوڕی شێخ محەمەدی هەتاك
٧٠ ـ شەمسەدین محەمەد ( الاکحل )
٧٢ ـ بەدرەدین حەسەن کوڕی محەمەد ئەکحەل
٧٢ ـ عەلادین عەلی کوڕی شەمسەدین محەمەد
٧٩ ـ شەجەر
٨٥ ـ شێخانی دێی نزارە لە قەزای پێنجوێن
٨٨ ـ بنەماڵەی شێخانی کاکۆ زەکەریا
٨٩ ـ ئەبوحەسەنی شاذلی
٩٠ ـ ئادابی طەریقەی شاذلیە .
٩٣ ـ شێخ سولەیمانی کوڕی شێخ خالید
٩٣ ـ شێخ عەبدوڕەحمانی ئەهدەل

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|


٩٤ – شێخ زەکەریای کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی ئەهدەل
٩٦ – وەقف‌نامەی شێخ زەکەریا
٩٩ – نەوەکانی شێخ زەکەریا
١٠١ – خەلیفەکانی شێخ زەکەریا
١٠٢ – شێخ نیعمەتوڵڵای وەلی
١٠٣ – شێخ محەمەد صادقی کوڕی شێخ نیعمەتوڵڵا
١٠٤ – شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵا
١٠٤ – شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەد
١٠٥ – شێخ یوسفی کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان
١٠٧ – شێخ مەحموودی کوڕی شێخ یوسف
١٠٧ – شێخ ڕەزای کوڕی شێخ مووسا
١٠٨ – شێخ ڕەضی‌یەدینی کوڕی شێخ ڕەزا
١٠٩ – شێخ شەهابەدینی کوڕی شێخ ڕەضی‌یەدین
١١١ – باسی ئەوانەی بە دەستی موبارەکی خۆی خەرقەی لەبەرکردوون •
١١٢ – بۆ ئاگاداری
١١٥ – شەجەرەی عەبدوصەمەدی تووداری
١١٦ – باسی بنەماڵەی شێخانی مەردۆخی
١١٩ – مەلا گوشایش
١٢٠ – شێخ عەبدولغەفار
١٢٢ – شەمسەدینی کوڕی عەبدولغەفاری یەکەم
١٢٣ – شێخ عەبدولغەفاری دووەم
١٢٣ – شەمسەدینی دووەم کوڕی عەبدولغەفاری دووەم

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|

١٢٤ ـ شەمسەدینی دوەم
١٢٤ ـ جەمالەدین کوڕی شێخ عەبدولمو‌ئمین
١٢٥ ـ شێخ عەبدولمو‌ئمینی دوەم
١٢٧ ـ جەمالەدینی دوەم
١٢٨ ـ شێخ مصطەفای کوڕی شەمسەدینی یەکەم
١٢٩ ـ شێخ ئەبوبەکر
١٣٠ ـ شێخ ئەحمەدی عەللامە
١٣٠ ـ شێخ محەمەد وەسیم
١٣٢ ـ شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامە
١٣٣ ـ شێخ ئەحمەدی دوەم
١٣٣ ـ شێخ محەمەد قەسیم
١٤٠ ـ شێخ محەمەد سەعید
١٤١ ـ شێخ عەبدولقادر
١٤٥ ـ شێخ محەمەد وەسیم
١٤٥ ـ شێخ محەمەد جەسیم
١٤٦ ـ شێخ محەمەد نەسیم
١٤٦ ـ شێخ حەسەن
١٤٧ ـ شێخ عەبدولەطیفی کوڕی شێخ مەعرووف
١٤٩ ـ شێخ عومەر
١٥٢ ـ شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ ئەمین
١٥٢ ـ شێخ عومەری کوڕی شێخ ئەمین
١٥٦ ـ گێڕانەوەی باسێکی ناسك

لاپەڕە بابەت


١٥٧ ـ شێخ عوثمانی کوڕی شێخ عەبدولەطیف
١٥٧ ـ شێخ عەبدولەطیفی کوڕی شێخ عەبدوڵلا
١٥٩ ـ شێخ نەجیب
١٦١ ـ شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەبدوڵلا
١٦٢ ـ شێخ محەمەد ئەمینی کوڕی شێخ عەبدوڵلا
١٦٣ ـ شێخ قادری کوڕی شێخ عوثمان
١٦٤ ـ شێخ عەبدوسەمیع
١٦٤ ـ شێخ عەبدوصەمەد
١٦٥ ـ شێخ عەبدوڕەحمان
١٦٧ ـ شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولەطیف
١٦٧ ـ شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولەطیف
١٦٧ ـ وردبوونەوەیێ لە رشتەی شێخانی مەردۆخی
١٧٠ ـ شیعر
١٧٣ ـ بنەماڵەی سەیدەکانی خانەگا لە هەوراما‌نا
١٧٥ ـ رشتەو بنەماڵەی سەیدەکانی کەلجی
١٧٧ ـ شەجەرەی بنەماڵەی سەیدەکانی ( کاژاو )
١٨٨ ـ بنەماڵەی سەیدەکانی تەکیەی قەرەداغ
١٩١ ـ شێخ عەبدوڵلای خەرپانی
١٩٨ ـ شێخ عەبدولکەریم
١٩٨ ـ شێخ عەبدوڕەحمان
١٩٨ ـ شێخ مەعرووف
١٩٩ ـ شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵلا
٢٠٥ ـ شێخ مەحموودی کوڕی شێخ عەبدوڵلا

لاپەڕە بابەت


٢٠٨ ـ شێخ مصطەفای شێخ مەحموود

٢١١ ـ شیعر

٢١٢ ـ شێخ ڕەسووڵی تەکیەیی

٢١٢ ـ شێخ ئیمام لە سەیدەکانی تەکیە

٢١٣ ـ شێخ عەلی مەلا

٢١٤ ـ شێخ عەبدوڕەحمانی شێخ ئەبوبەکر

٢١٤ ـ شێخ بابا عەلی تەکیەیی

٢١٨ ـ شێخ نوری شێخ بابا عەلی

٢١٩ ـ شێخ عەبدوڵڵای مەلا

٢٢١ ـ شێخ ئیسماعیلی تەکیەیی

٢٢٢ ـ بنەماڵەی حەیدەری یەکان

٢٢٣ ـ بنەماڵەی حەیدەری یەکان

٢٢٣ ـ محەمەدی کوڕی حەیدەر پیرەدین

٢٢٥ ـ حەیدەری کوڕی محەمەد

٢٢٦ ـ ئەحمەدی کوڕی حەیدەری یەکەم

٢٢٧ ـ حەیدەری دوەمی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەیدەری یەکەم

٢٢٩ ـ ئیبراهیمی کوڕی حەیدەری کوڕی ئەحمەد

٢٣٠ ـ ئەحمەدی کوڕی حەیدەری کوڕی ئەحمەد ..

٢٣١ ـ عەبدوڵڵای کوڕی حەیدەر

٢٣٢ ـ صیبغەتوڵڵای حەیدەریی

٢٣٣ ـ دانراوەکانی صیبغەتوڵڵا

٢٣٤ ـ یەکەم : سەید عاصیمی برای صیبغەتوڵڵا

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |


٢٧٩ – سەید بایەزید
٢٨٠ – کابـــل
٢٨١ – سەید حسەینی کوڕی سەید بایەزید
٢٨٢ – سەید عیسای ئەحدەب
٢٨٤ – سەید عەبدوسەید
٢٨٥ – سەید قەلەندەری کوڕی عەبدوسەيید
٢٩٣ – شەجەرەی سەیدەکانی قەڵاتەبزان
٢٩٤ – سەیدەکانی صۆڵە
٢٩٦ – سەید عەبدوڕەسووڵی کوڕی سەید قەلەندەر
٢٩٧ – سەید عەبدوسەیدی کوڕی عەبدوڕەسووڵ
٢٩٧ – بابا رەسووڵی کوڕی عەبدوسەيید
٣٠٦ – شەجەرەی سەید طاهیری کوڕی سەید رەشید
٣٠٨ – شێخ عەلی
٣٠٩ – شێخ محەممەدی نۆدێ کوڕی شێخ عەلی
٣١٠ – کوڕانی شێخ محەممەد
٣١١ – شێخ ئیسماعیل
٣١٦ – شێخ عەبدوڕەزاقی کوڕی شێخ ئیسماعیل
٣١٦ – شێخ رەسووڵی کوڕی شێخ ئیسماعیل
٣١٧ – شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ ئیسماعیل
٣١٧ – شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ ئیسماعیل
٣١٧ – شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ ئیسماعیل
٣١٨ – شێخ حسەینی کوڕی شێخ حەسەن
٣١٨ – شێخ عەبدولکەریم

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |


٣٣٦ ــ شێخ مەعرووفی کوڕی شێخ حەسەن
٣٣٦ ــ شێخ محەمەد عارفی کوڕی شێخ حەسەن
٣٣٦ ــ شێخ عیسای کوڕی شێخ حەسەن
٣٣٧ ــ شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ حەسەن
٣٣٨ ــ شێخ عەلی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ
٣٣٩ ــ شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەلی
٣٣٩ ــ شێخ عەبدەی کوڕی شێخ عەلی
٣٤٠ ــ شێخ سلێمانی کوڕی شێخ محەمەد
٣٤٠ ــ شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ سلێمان
٣٤٠ ــ شێخ عەبدولجەلیلی کوڕی شێخ عەبدولکەریم
٣٤١ ــ شێخ عەبدولفەتاحی کوڕی شێخ عەبدولجەلیل
٣٤١ ــ شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولفەتاح
٣٤٢ ــ شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسە
٣٤٢ ــ شێخ عەلی کوڕی شێخ ڕەزا
٣٤٣ ــ شێخ مصطەفای کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسە
٣٤٣ ــ شێخ موحسینی کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسە
٣٤٣ ــ شێخ عەزیزی کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسە
٣٤٣ ــ شێخ حسەینی کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسە
٣٤٤ ــ شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێ
٣٤٥ ــ شێخ مەعرووفی نۆدێ
٣٤٨ ــ کاك ئەحمەدی شێخ
٣٥١ ــ نەوەکانی کاك ئەحمەد
٣٥١ ــ نەوەکانی شێخ محەمەدی کوڕی کاك ئەحمەد

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |


٤١٩ ـ شێخ عوثمان

٤٢١ ـ بنەماڵەی مەلا ئیبراهیمی بیارە

٤٢٤ ـ شیعـر

٤٢٧ ـ بنەماڵەی مەلا نەذیری تەوێڵە

٤٣٠ ـ بنەماڵەی مەلا یاسینی تەوێڵەیی

٤٣٢ ـ بنەماڵەی شێخ نوورەدینی بریفکانی

٤٣٩ ـ نامەیەکی شێخ نوورەدین بە عەرەبی

٤٤٢ ـ بنەماڵەی مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنی

٤٥١ ـ مەلا محەمەدی خوشکەزای مەلای پێنجوێن

٤٥٣ ـ مەلا رەشیدبەگی دارەشمانەیی

٤٥٦ ـ مەلا حسەینی پیسکەندی

٤٥٩ ـ بنەماڵەی موفتی مەلا عەزیز

٤٥٩ ـ مەلا محەمەدی پیرحەسەنی

٤٥٩ ـ مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەد

٤٦٠ ـ مەلا مەحموودی کوڕی مەلا ئەحمەد

٤٦١ ـ مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموود

٤٦٣ ـ حاجی مەلا ئەمینی کوڕی مەلا ئەحمەد

٤٦٤ ـ مەلا عەبدولعەزیزی موفتیی

٤٦٤ ـ مەلا مەحموودی کوڕی حاجی مەلا ئەمینی موفتیی

٤٦٨ ـ بنەماڵەی مەلا عوسمانی باوکی حاجی مەلا عەلی

٤٧١ ـ بنەماڵەی مەلا عوسمانی باڵەخی

٤٧٢ ـ مەلا محەمەدی مەحوی

٤٧٤ ـ بنەماڵەی سەیدەکانی عەبابەیلێ

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|


٥١١ ـ بنەماڵەی سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی
٥١٣ ـ نامەی شێخی سیراجەدین بۆ مەولەوی
٥١٤ ـ نامەی مەلا حامیدی کاتب بۆ مەولەوی
٥١٦ ـ شیعری مەلا حامید بە بۆنەی مردنی مەولەوییەوە
٥١٨ ـ دەقی شەجەرەی مەولەوی
٥٢٥ ـ طائیفەی مەللایی
٥٢٥ ـ سەید مەلا مصطەفا
٥٢٧ ـ السید مصطفی التایجوزی
٥٢٨ ـ السید محمد النااوی
٥٣٠ ـ شەجەرەی ساداتی چنارە لە قەزای دەربەندیخاندا
٥٣١ ـ سەیدەکانی کەس‌نەزانی لای سەقز
٥٣٢ ـ شەجەرەی شێخەکانی قەرەداغی دانیشتووی دێکاسی ( نەوتی ) و ( بەڵخە )
٥٣٣ ـ بنەماڵەی سەید ئەحمەدی باینچۆ
٥٣٦ ـ مەلا فەتحوڵلای فەرهادئاوایی
٥٣٧ ـ سەید محەمەد صادقی صەفاخانەیی
٥٣٩ ـ کوڕەکانی سەید محەمەد سەعید
٥٤٢ ـ وێنەی شەجەرەی مەلا مووسای تەوەکەڵی
٥٤٣ ـ مەلا مووسای تەوەکەڵی
٥٤٤ ـ بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی عەودالان
٥٤٥ ـ شیعری شێخ عیصامەدین
٥٤٧ ـ شەجەرەی سەیدەکانی گەورەدێی ناحیەی ئاغجەلەر
٥٤٨ ـ شەجەرەی مەلا مارفی قازیی
٥٤٩ ـ شەجەرەی بنەماڵەی مەلا صەدیقی دانیشتووی دێی گەرمك

# هەڵە راستکردنەوە

خوێنەری ئازیز زۆرم هەوڵ دا ئەم کتێبە لە هەڵەی چاپ رزگار بکەم ، بەڵام بەداخەوە هەندێك هەڵە هەر مایەوە ، لێرەدا کە ئەوانە دیاریی دەکەم ، ئەوە دەڵێم پیتەکانی چاپخانەکـە شکاوو سواویان تێدا بـوو ، جا ئەوانەی کە لەم بابەتەن واتە بە هۆی شکاوی‌و سواویی پیتەکانەوە وەك هەڵە دەرچوون .. دەیان‌دەینە دەست هەست‌و بیری تۆی ئازیز .

| لاپەڕە | دێڕ | هەڵە | راست |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | ٢١ | شەصەو | شەصت‌و |
| ٨٣ | ١٨ | لێ بوتەوە | لێ‌بوەتەوە |
| ٢٣١ | ٢٤ | داوییشی | دوایِیشی |
| ١٦٠ | ٩ | حەمید | حامید |
| ٢٠٩ | ١٣ | نەیە ! | نیـە ! |
| ٢٧٣ | ٢٣ | خود | خودا |
| ٣١٧ | ١٠ | نەوەتانی | نەوەکانی |
| ٣٥٦ | ١٨ | زانیایی | زانیاریی |
| ٣٧٩ | ١٥ | دەصنسووسەکەدا | دەسنووسەکەدا |
| ٤١٩ | ١٧ | ئەم دێڕە لە ناوەڕاستدا قرتاوەو دوایـی پاش‌و | |

پێشی بێ‌کراوەو دەبێ بەم جۆرەبێت :

چواری کۆچی ، لەو مێژوە بەدواوە کاروباری .... تاد

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨٧ | ١٤ | پێ‌یدا | پەیدا |

